# کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران

وەرگێڕان

تەحسین وسو عەبدوڵڵا

نووسینی:

د. دینمۆ حەمەد ئامێدبەک

لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری دیراسات و

توێژینەوە و ئەکادیمیای

پارتی

# کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی
# سیاسەتی دەرەوەی ئێران

نووسینی: د. دینموحەمەد ئامێدبەک
وەرگێڕان: تەحسین وسو عەبدوڵڵا

هەولێر ٢٠٢١

کتێب : کـۆدەکانی جیـۆپۆلیتیکی
سیاسەتی دەرەوەی ئێران
نووسینی: د. دینموحەمەد ئامێدبەک
وەرگێڕان: تەحسین وسو عەبدوڵڵا
دیزاین : هیوا کۆمپیوتەر
تیراژ : ١٠٠٠ دانە

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| ڕوونکردنەوەی چەمکەکان | ٥ |
| پێشەکی | ١٤ |
| ١. چوارچێوەی تیۆری | ١٧ |
| ١.١. دیسپلینی گشتی جیۆپۆلیتیک | ١٧ |
| ٢.١. جیۆپۆلیتیکی ڕەخنەیی | ٢٥ |
| ٣.١. کۆدی جیۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوە | ٢٨ |
| ٢. شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران | ٣٢ |
| ١.٢. شوێنی جوگرافیای ئێران | ٣٢ |
| ٢.٢. کاریگەری شوێنی جوگرافیایی لە ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێراندا دروست بوونە | ٣٨ |
| ٣.٢. پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە ئێران | ٣٩ |
| ٤.٢. پرۆسەی ئامادەگی دەوڵەتی ئێران لە چوار چێوەی شارستانیەتی ئیسلام | ٤٥ |
| ٣. شوێنی ئێران لە جیۆپۆلیتیکی جیهاندا | ٥٦ |
| ٤. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی سیاسەتی دەرەوەی ئێران | ٦٣ |
| ٥. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا | ٧٠ |
| ١.٥. ڕۆژئاوای ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی | ٧٠ |
| ٢.٥. ڕۆژائاوای ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی | ٧٣ |
| ٣.٥. ئێران لە بەستێنی جیۆپۆلیتیکی شیعەدا | ٧٧ |
| ٤.٥. شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە کەنداوی فارس (بەسرە) و نیمچە دوورگەی عەرەبی | ٨٠ |
| ٥.٥. جیۆپۆلیتیکی کورد | ٨٦ |
| ٦. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە قەفقاسیا | ٩١ |
| ١.٦. قەفقاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی | ٩٢ |

| | |
|---|---|
| ٢.٦. قەفقاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی | ٩٨ |
| ٣.٦. سیاسەتی ئێران لە ئۆراسیا | ١٠٥ |
| ٧. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ناوەڕاستی ئاسیا | ١٠٨ |
| ١.٧. ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی | ١١٠ |
| ٢.٧. ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی | ١١٥ |
| ٣.٧. جیۆپۆلیتیکی دەریای قەزوین | ١١٩ |
| ٤.٧. جیۆپۆلیتیکی نەژادی ئاری | ١٢١ |
| ٨. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە باشووری ئاسیا | ١٢٣ |
| ١.٨. باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی | ١٢٤ |
| ٢.٨. باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی | ١٢٧ |
| ٣.٨. جیۆپۆلیتیکی ئەفغانستان | ١٣٠ |
| ٩. دەرئەنجام | ١٣٣ |
| پەراوێزەکان | ١٤٠ |
| سەرچاوەکان | ١٤٥ |
| لەبارەی نووسەرەوە | ١٤٩ |
| وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا | ١٥١ |

## ڕوونکردنەوەی چەمکەکان

**جیۆپۆلیتیک:** وشەیەکی لێکدراوە پێکدێت لە وشەی "جیۆ" واتە "زەوی"، وشەی "پۆلیتیک" واتە "سیاسەت". زاراوەی جیۆپۆلەتیک بۆ یەکەمین جار لەسەر زاری مێژوونووسی بەریتانی ڕۆدۆلف کیلین(١٩٢٢-١٨٦٤ز) لە ساڵی(١٩١٦ز)دا هاتە کایەوە، پاشان بنەماکانی ئەم زانستە لە لایەن ژەنەڕاڵی ئەڵمانی کارل هاوسهۆڤەر ەوە، داڕێژرا و پەرەی پێدرا. جیۆپۆلەتیک تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی دەوڵەت لە تێڕوانینی سیاسەتەوە، بەڵام وەکو چەمکێکی جێگیر و نەگۆڕ تەماشای دەوڵەت ناکات، وەکو زیندەوەرێکی زیندوو لێی دەڕوانێت. جیۆپۆلەتیک لە گۆشەنیگایەکی نەتەوەیی و زاتییەوە، پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان شوێن و هەر یەکە لە دیمەنی سروشتیی (زەوی) و دیمەنی مرۆیی (دانیشتووان) و دیمەنی شارستانیی (توانا و تەکنۆلۆجیا)، دەکۆڵێتەوە. گەوهەری جیۆپۆلەتیک لێکۆڵینەوەی پەیوەندی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە سایەی هەلومەرج و پێکهاتە جوگرافییەکاندا.

**ئۆراسیا:** ناوچەی ئۆراسیا وشکانییەکی گەورەیە ٥٣،٩٩٠،٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، کە نزیکەی ١٠.٦٪ ڕووبەری زەویی داپۆشیوە (٣٦.٢٪ هەرێمی وشکایی). زیاتر وەکو کیشوەرێکی تاک لەبەرچاو دەگیردرێت کە ئەوروپا و ئاسیای لەخۆ گرتووە. وشەی ئەوراسیا لە تێکەڵبوونی دوو وشەی ئەوروپا و ئاسیا پێکهاتووە. لە ئەوراسیادا نزیک بە ٤.٨ ملیار کەس دەژین کە لە ٧١٪ی کۆی دانیشتووانی جیهانە.

**ئاسیای ناوەڕاست:** ئاسیای ناوەڕاست یان ناوەڕاستی ئاسیا، ناوچەیەکی فراوانە لە ئاسیا، ئەگەرچی ناوچەکە لەڕووی جوگرافییەوە پێناسەکراوە، بەڵام کۆبەندییەک نییە لەبارەی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ چەمکەکە لەلایەن پسپۆڕانی جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکەوە، هەروەها سنورەکەی بە شێوەیەکی ورد دیاری نەکراوە، بەڵام سەرەڕایی ئەوە ناوچەکە زۆر تایبەتمەندی گرنگی هاوبەشی هەیە، کە لە ڕووی مێژووییەوە بە یەکەوە بەستراون، ناوچەکە هەریەکە لە دەوڵەتەکانی کازاخستان، قیرقیزستان، تاجیکستان، تورکمانستان و ئەرمەنستان لەخۆدەگرێت. هەر بۆیە زۆر جار بە ئاسیای ناوخۆ یان تورکستان دەناسرێت.

**ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:** ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یان ئاسیای ڕۆژهەڵات، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا، لە ڕووی جوگرافییەوە ڕووبەرێکی فراوان لەخۆدەگرێت، کە دەکاتە نزیکەی ١٥%ی کیشوەری ئاسیا، ئەم چەمکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاردێت بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دوور. ئەو دەڵەتانەی دەکەونە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئەمانەن؛ چین، کۆریای باکوور، کۆریای باشوور، ژاپۆن، مەنگۆلیا و هۆنگ کۆنگ.

**ڕۆژئاوای ئاسیا:** ڕۆژئاوای ئاسیا یان ئاسیای ڕۆژئاوا بەشی ڕۆژئاوا و بەشی باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا پێکدێنێت. جگە لەمیسر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆدەگرێت، کەئەمانەن؛ ئێران، عێراق، گورجستان، ئازەربایجان، تورکیا، سوریا، لوبنان،فەلەستین، ئوردن، کوێت،

عەرەبستان سعودی، بەحرێن، قەتەر، میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی و عومان.

**باشووری ئاسیا:** باشووری ئاسیا یان ئاسیای باشوور، ئەم چەمکە وەک ناوچەیەکی جوگرافی و سیاسی بەکاردێت، کەوتۆتە باشووری کیشوەری ئاسیا، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە سەر نیمچە کیشوەری هیندی و دەوروبەری. ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەوورە دراوە بەناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەو دەوڵەتانەی کەوتوونەتە نێو ئەم ناوچەیە ئەمانەن؛ پاکستان، بەنگلادیش، سریلانکا، نیپاڵ، مالدیڤ و هیندستان. هەروەها هەندێک جار هەر یەکە لەئێران و ئەفغانستانیش وەک دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە پێناسەدەکرێن.

**ناوچەی قەفقاسیا:** قەوقاز یان قەفقاسیا ناوچەیەکی جوگرافی سیاسیە دەکەوێتە سەر سنوری ئەورووپاو ئاسیا، ومەڵبەندی شاخەکانی قەوقازە، کە بەرزترین لوتکەی ئەورووپای لە خۆ گرتووە کە شاخی ئەلبروسە، و زۆر جار قەفقاسیا دابەش دەبێت بۆ قەفقاسیای باشوور و قەفقاسیای باکوور. ئەم ناوچەیە ژمارەیەکی زۆر زمانی جیاواز لە خۆ ئەگرێت، کە نزیکەی ٥٠ کۆمەڵە نەژادی جیاواز تێیدا دەژین. هەروەها ناوچەکە دوای کۆتایی هاتنی یەکێتی سۆڤێت پێشوو، بوو بە ناوەندی ململانێ ناوخۆییە جیاوازەکان، وەک ململانێی ناوچەی قەرەباغ (١٩٨٨-١٩٩٤)، ململانێی ئۆسیتی-ئەنگۆشی (١٩٨٩-١٩٩١)، شەڕی ئەبخاریا (١٩٩٢-١٩٩٣)، شەڕی چیچانی یەکەم (١٩٩٤-١٩٩٦)، شەڕی چیچانی دووەم (١٩٩٩-٢٠٠٩).

**دەریای قەزوین**: ئەم دەریایە چەند ناوێکی تری پێدەگوترێت، وەک دەریای خەزەر، دەریای مازەندەران، بەئینگلیزیش پێی دەگوترێت "Caspian Sea" ئەم دەریاییە بەیەکێک لە گەورەترین دەریاچەکانی جیهان دادەنرێت. پێنج دەوڵەت کەوتوونەتە سەر کەنارەکانی ئەم دەریاچەیە، کەئەمانە ڕووسیا، ئێران، ئازەربایجان، تورکمانستان و کازاخستان.

**ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای**: ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە لە ساڵی ٢٠٠١دا دامەزراوە، بارەگای ڕێکخراوەکە لەپەکینی پایتەختی چینە، ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەشت دەوڵەتە، کە بریتین لە چین، ڕووسیا، قیرغیزستان، کازاخستان، تاجیکستان، ئۆزباکستان، بێجگە لە ئۆزبەکستان وڵاتەکانی دی ئەندامی "کۆمەڵەی پێنج قۆڵی شانگەهای" بوون کە لە ساڵی ١٩٩٦دا دامەزرا، بەڵام دوای هاتنی ئۆزبەکستان بۆ ناو کۆمەڵەکە، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "ڕێکخراوی هاوکاریی شانگەهای". زمانی فەرمی ڕێکخراوەکە زمانی چینی و ڕووسییە، جگە لەوڵاتانی ئەندام هەریەکە لە ئەفغانستان، ئێران، مەنگۆلستان و ڕووسیای سپی "بیلاڕووسیا" وەک ئەندامی چاودێر و هەریەکە لە دەوڵەتانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، کەمبۆدیا، نیپاڵ، سریلانکا و تورکیاش وەک دەوڵەتی گفتوگۆکاری هاوبەش لەچوارچێوەی ڕێکخراوەکەدان. ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی ڕێکخراوکە خۆی کەمکردنەوە و نەهێشتنی تیرۆر، توندوتیژی و جوداخوازی، هەروەها ڕێگری کردن لە بازرگانیکردن بەچەک و مادده هۆشبەرەکان.

**ڕێکخـراوی هاوپەیمـانی ئاسایشـی بەکۆمەل:** ئەم ڕێکخـراوە لە ئایـاری ١٩٩٢ وەک دامەزراوەیەکـی نێـودەوڵەتی و هاوپەیمـانی سەربازی دروستکراوە لەلایەن ڕووسیاوە، هەریەکە لە ڕووسیا، ئەرمەنسـتان، کازاخسـتان، تاجیکسـتان، قیرغیزسـتان و ئۆزبەکسـتان لەخۆدەگرێـت، ئەفغانسـتان و سـربیاش وەک دوو دەوڵەتی چاودێری نێو ئەم ڕێکخراوەن. ئەم ڕێکخراوە کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەنێوان ئەندامەکانی.

**ڕێکخـراوی یەکێتـی ئـابووری ئۆراسـیا:** ئەم ڕێکخـراوە بە شـێوەیەکی فەرمـی لە سـاڵی ٢٠١٥ دامەزراوە وەک دامەزراوەیەکـی ئـابووری، ئەگەرچـی لە ناوەڕاسـتی نەوەدەکـان هەوڵ هەبـوو بـۆ دروسـتکردنی ئەم ڕێکخـراوە، ڕووسـیا سـەرکردایەتی دروسـتکردنی دامەزراوەکەی کـرد، هەریەکە لەدەوڵەتەکانی ڕووسیا، بیلاڕووسیا، ئەرمەنستان، کازاخستان و قیرغیزستان لەخۆدەگرێت.

**پـرۆژەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی گەورە:** پـرۆژەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی گەورە لە سـاڵی ٢٠٠٢ لەسـەردەمی جـۆرج بۆشـدا ڕاگەیـانرا، ئامـانجی پـرۆژەکە دارشـتنەوەی سـنوری وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و سـەپاندنی هەژمـوونی ئەمریکـاو پاراسـتنی ئاسایشـی وزەو ئاسایشـی ئیسـرائیلە. سـنووری پـرۆژەکە بـریتییە لە وڵاتـانی عەرەبـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و تورکیا و ئێران و ڕۆژهەڵاتی بەلکانو وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا. ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاکستان و ئێرانەوە دەسـتی بگـات بە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیاو یەکێتـی سـوڤیەتی جـاران، " زبگنیـو برنجسـکی" ڕاوێژکـاری پێشـوتری

ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە کتێبی(یاری شەترەنجدا) دەڵێت: (ئامانجی سەرەکی پرۆژەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، تەنها پەیوەست نییە بە ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵکو ئەمریکا دەیەوێت هەژمونی خۆی بەسەر وڵاتانی ئۆراسیای قەوقاز کە بریتین لە(ئەرمینیا و ئازەر باینجان و جۆرجیا) و ئاسیای ناوەڕاست کە بریتین لە وڵاتانی (پاکستان و ئەفغانستان و و ئۆزپەکستان و تاجیکستان و قرقیزستان وتورکمانستاندا) بسەپێنێت و دەسەڵات و هەژمونی چین و ڕووسیا لەو وڵاتانە سنوردار بکات. بەڵام پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە ساڵی٢٠٠٦ هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراو لە ژێر ناوی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ (New Middle East) ڕاگەیەنرا، کە لەم پرۆژە نوێیەدا پشت بە نەخشەی ڕۆژهەڵاتناس و کۆلۆنیۆڵی سوپای ئەمریکا ڕاڵف بیتەرز بەستبوو، کە دواتر لە کتێبی (هیچ کات دەست لەشەڕ هەڵمەگرن) ساڵی٢٠٠٦ بڵاو کرایەوە، دواتر نەخشەکە لە گۆڤاری وەزارەتی بەرگری لە ژێر ناونیشانی (نەخشەیەک بە خوێن کێشراوە) بڵاو کرایەوە.

**ڕێکخراوی بەغدا:** (Central Treaty Organization "CENTO") یەکێکە لەو هاوپەیمانیانەی لەسەردەمی جەنگی سارد لەساڵی ١٩٥٥ دامەزرا بەسەرکردایەتی ئەمریکا بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر تەوژمی شوعیەت و پاراستنی بەژوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر یەکە لە دەوڵەتانی ئەمریکا، تورکیا، عێراق، پاکستان و ئێرانی لەخۆدەگرت، ئەم هاوپەیمانێتیە لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ هەڵوەشایەوە.

**هاوپەیمانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا**: (Southeast Asia Treaty Organization "SEATO") ئەم هاوپەیمـــانییە لە ســـاڵی ١٩٥٤ دروسـتکراوە کە ئامـانجی پاراسـتنی بەرژەوەنـدییەکانی ڕۆژئـاوا بــوو لەســەرووی هەمووشــیانەوە بەرژەوەنــدییەکانی ئەمریکــا، بارەگای ئەم هاوپەییمـانێتییە لەبانکۆکی پایتەخیی تایلاند بوو، لە ســاڵی ١٩٧٧ ئەم ڕێکخــراوە لەکــارخرا، هەر یەکە لە دەوڵەتــانی ئوســترالیا، بەنگلادیــش، فەرەنســا، پاکســتان، نیوزلەنــدا، فلیپــین، تایلاند، ئەمریکا و بەریتانیا ئەندامی ئەم هاوپەیمانێتییە بوون.

**ڕێکخــراوی هاریکــاری ئیســلامی**: ڕێکخراوێکــی نێــودەوڵەتی ئیسلامییە کە (٥٧) دەوڵەتی ئیسلامی لەخۆدەگرێت، لە ئەیلوولی ســاڵی ١٩٦٩ دامەزراوە، ســەرەتا ڕێکخــراوەکە نــاوی "کـۆنگرەی ئیسلامی" بوو.

**ڕێگــای ئاوریشــم**: ئەم چەمـکە بـۆ گوزارشـتکردن لەڕێگەیەکـی بازرگــانی جیهــانی بەکاردێــت کە لە چیــنەوە دەســت پێــدەکات، لەڕێگەی ئەنادۆڵ و دەریایی شپییەوە تا ئەوروپا درێژ دەبێتەوە، ڕێگای ئاوریشـم تەنهـا ڕێگەیەکی بازرگانی نییە بەڵکو لەهەمـان کاتــدا ڕێگەیەکــی ڕاســتەوخۆی ســەربازی، هــزری، ئــاییني و کلتوورییە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا .

**پلانــی مارشــاڵ**: ئەم چەمـکە لەلایەن جـۆرج مارشـال وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لەساڵی ١٩٤٧ بەکارهـات بـۆ هاوکـاریکردن و دووبـارە بنیاتنـانەوەی دەوڵەتـانی ڕۆژئـاوای ئەوروپـا کە لە ئەنجـامی جەنگـی جیهــانی دووەمەوە ئابوورییەکەیان بەرەو ڕووی وێرانکاری ببوونەوە.

**دەوڵەتـی قـووڵ:** چەمکـی دەوڵەتـی قـووڵ یـان دەوڵەتـی پاڕالێل گوزارشـتە لە پێکهـاتەیەک یـان فـۆرمێکی ڕێکخـراو لە دەرەوەی دەسـتور و یاسـا، بە شـێوەیەکی نهێنـی کـار دەکـات بـۆ دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەنـدی گروپێـک نەک بەرژەوەنـدی دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە.

**بیرۆکەی مێگاڵ:** چەمکێکی نەتەوەیی یۆنـانییە بۆ گوزارشـتکردن لە دروسـتبوونی دەوڵەتێـک کە هەمـوو یۆنانییەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عوسـمانی لەخۆبگرێـت دوای جەنگـی سەربەخۆی یۆنان لە ساڵی ١٨٣٢.

**موستەزعەفون:** ئەم چەمکە لەلایەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانەوە بۆ گوزارشتکردن لەدەوڵەتانی ستەملێکراو و مەزلوم بەکاردێت.

**موستەکبرون:** ئەم چەمکە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ گوزارشتکردن لە دەوڵەتانی ستەمکار و چەوسێنەر بەکاردێت.

**هیلالی شیعی:** ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لەلایەن شـا عەبدوللای ئـوردن لە سـاڵی ٢٠٠٤ بەکارهـات بـۆ گوزارشـتکردن لەو پـڕۆژە سـتراتیجیەی تـاران کە دەیەوێـت لەڕێـگەی ئەم پـڕۆژەوە دەوڵەتـانی سـوننی نـاوچەکە دەورە بـدات. ئەم پـڕۆژەیە لە ئێرانەوە دەست پێدەکات بە ئاراستەی عێراق، سوریا و لوبنـان فـراوان دەبێـت. بە دەربڕینێکـی دی، هیلالـی شـیعی هەرچەنـد دەستەواژەیەکە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی داینەهێناوە، بەڵکو سـاڵی ٢٠٠٤ دوای رووخـانی رژێمـی بەعس و باڵادەسـتی شـیعە لە عێراق، لەلایەن ئێرانەوە وەک قـولایی سـتراتیژی دەستنیشـان کرا و هێزی قودسی سوپای پاسداران هاتە راسپاردن بۆ ئەوەی لە تـارانەوە ڕێگەیەکـی وشـکانی بکەنەوە بە عێراقـدا تێبپەڕێت و بەسـووریادا بچێـتەوە لوبنـان. هیلالـی شـیعی لە باشـووری ئێرانەوە بە سنووری ئەهوازدا بە بەسـرە و کەربەلا و نەجەف و

پارێزگای بەغدا و رۆژئاوای مووسڵدا تێدەپەڕێت و لە سووریا بە باشووری پارێزگای دێرەزووردا دەڕوات، لە باکووری دیمەشقدا دەچێتەوە ناو لوبنان .

**کەنداوی بەسرە:** کەنداوی فارس یان کەنداوی عەرەبی، بە فارسی خلیج فارس، بە عەرەبی" الخليج العربي" ناودەبرێت، ناوی فەرمی کەنداوێکە کە لە وڵاتە عەرەبییەکان پێی دەڵێن "کەنداوی عەرەبی" و لە کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان پێی دەڵێن "کەنداو". ئەم کەنداوە لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیەدا هەڵکەوتووە.

**کێشەی قەرەباغ:** ئەو کێشە ئیتنیکی و خاکییەیە لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، سەرەتای ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ کێشەی قەرەباغ زیاتر سەریهەڵدا و لەساڵی ١٩٩١ بە شێوەیەکی کردەیی ئەم کێشەیە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، ئەرمەنستان قەرەباغ بەبەشێک لەخاکی خۆی دەزانێت. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هێزەکانی ئەرمەنستان لە ناوچەی قەرەباغ و حەوت شاری دیکەی دەوروبەری جێگیرکران، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاگربەست لە نێوان لایەنەکانی کێشەکە ڕاگەیەنرا، گروپێکی نێوبژیکاری نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە بە ڕیگەی ئاشتی بەسەرپەرشتی ئەمریکا، ڕووسیا و فەرەنسا پێکهات لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بەڵام بێ ئاکام بوو.

**وەرگێڕ**

**٣٠ی ئایاری ٢٠٢٠**

## پێشەکی

ئێران لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکیەوە خاوەنی شوێنێکی ناوەندییە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، قەفقاسیا، باشووری ئاسیا و ناوەراستی ئاسیا. بە درێژایی مێژوو هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروست بوونە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناوچەکە. لە سەردەمی ئێستاشدا کۆماری ئیسلامی ئێران چاوی لەسەر نفوزیەتی، لەو ناوچانەی کە ئاماژەمان پێکرد تاران سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە شێوەیەکی چالاکانە جێبەجێدەکات. ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆڵە چالاکەی کە ئێران دەیگێڕێت بۆ کۆدەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران سوودی دەبێت چونکە هەموو کات جوگرافیا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەدا. بەواتایەکی دی جوگرافیای دەوڵەتان قەدەری دەوڵەت دیاری دەکات. بۆ نموونە یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکان کە بووە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە سەدەی بیستەم ببێتە زلهێزێکی جیهانی شوێنی جوگرافیای وڵاتەکە بوو. بەهەمان شێوەش هۆکاری سەرەکی کەوتنی ئەلمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم جوگرافیاکەیەتی. بۆیە لە بواری پەیوەندی نێودەوڵەتییدا کاتێ شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەکی دەکەین جیۆپۆلیتیک وەک ئامرازێکی بەهێز بەکاردێت.

بە شێوەیەکی گشتی بابەتی جیۆپۆلیتیک لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە کیشوەری ئۆراسیا بە دەست پێکردنی فراوانخوازی ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەرداهات لە بەرژەوەندی بەریتانیا، ئەمەش ڕوونکردنەوەیە بۆ تێگەیشتن لەو ململانێیەی لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا، ئەم ململانێیەش بە "یاری گەورە" ناونرا.

لەسەدەی بیستەم ململانێی نێوان ڕووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شوێنی ململانێی ڕووسیا و بەریتانیای گرتەوە. لە سەدەی بیست و یەکدا ڕووسیا لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی ئەمریکا وەستایەوە کە لە میانەی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە لە ناوچەی ئۆراسیا جێبەجێدەکات. لە ڕوانگەی بابەتەکەی ئێمە ئەم ململانێیە زۆر گرنگە، چونکە لە ناوەڕاستی هەموو ئەو هەوڵە جیۆپۆلیتیکیانە ئێران بوونی هەیە. بەم شێوەیە شوێنی ستراتیژی ئێران دەردەکەوێت لە ستراتیژی دژبەیەکەکانی زلهێزەکانی جیهان.

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی ناوچەی ئۆراسیا گرنگی ستراتیژی ئێران دەردەکەوێت. کاتێ سەیری نەخشەی جوگرافیای ئێران دەکەین لە ناوچە چیاکان تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەشتاییەکانی ئەم وڵاتە لەو ناوچەیە هەیە. لە ڕاستیدا ئەو دەشتە لەم جوگرافیا دروست کراوەدا سنووری سروشتی هەموو دەوڵەتەکان پێکدێنێت. ئێران، لە باکووردا دەریای قەزوین، لە باشووردا کەنداوی فارس (بەسرە)، بە ئاراستەی باکوور و باشووری دەوڵەتەکان ڕێگر دەبێت لە پەلهاوێشتن و فراوانخوازییەکان. هەر لەبەر ئەمەش هەموو دەوڵەتەکانی ئێرانی لە هاخامەنشیەکانەوە تا ساسانییەکان یان بە ئاراستەی ڕۆژئاوای ئاسیا یانیش بە ئاراستەی ناوەڕاستی ئاسیا و باشووری ئاسیا بلاوبوونەتەوە. بە تایبەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ سروشتی دەوڵەتەکانی ئێران وەک ناوچەی پەلهاوێشتن لێکدانەوەی بۆ کراوە. لە ئێستاشدا ڕۆژئاوای ئاسیا، لەلایەن

بڕیار بەدەستانی ئێرانی وەک ناوچەی نفوزی ئێرانی دەبینرێت. کەواتە ئەمە ڕاستە بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروست بوونە لە ڕابردوو، بۆ ئەو ویستە فراوانخوازییەی کە سەرچاوەی گرتووە لە مەرجەکانی جوگرافیا کە ئەمڕۆ ئێران هەیەتی لەسەر ئاستی ناوچەکە. لێردا ئەمەش بۆ ویستی سیاسەتی دەرەوە بە "کۆدەکانی جیۆپۆلیتیک" ناودەنێین.


لەم چوارچێوەیەدا کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەردەگرین. هەروەک دەبینریت بۆ تێگەیشتنمان لە سیاسەتی دەرەوە و پێشبینیەکانی داهاتووی پێویستیمان بەکۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە. لەم چوارچێوەیەشدا سەرەڕایی دیاریکردنی ڕوانگە تیۆرییەکان، باسکردنی شوێنی ئێران لە جیۆپۆلیتیکی جیهانی و هەرێمی کە لە سێ بەش پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا تاوتوێکردنی چەمکە سەرەکییەکانی جیۆپۆلیتیک، لە بەشەکانی دووەم و سێیەمدا، باس لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکرێ لە چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی و هەرێمی، لە ڕوانگەی هاوپەیمان و نەیارەکانیدا.

## ١. چوارچێوەی تیۆری

### ١.١. دیسپلینی گشتی جیۆپۆلیتیک

لە سەرەتای دەستپێکی سەدەی بیستەمدا ئەو تویژەرانەی کە بنەماکانی دیسپلینی جیۆپۆلیتیکیان دۆزییەوە، ویستیان بەستێن و پەیوەندی نێوان ئەو سیاسەتەی کە دەوڵەت پەیڕەوی دەکات لەسەر ئاستی دەرەوە لەگەڵ بابەتی جوگرافیا باس بکەن. بە تایبەتی کاریان کرد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە زلهیزەکان کە خاوەنی کام گرنگی ستراتیژی جوگرافیان. بۆ یەکەم جار ئەلفرێد ماهان (Alfred Thayer Mahan) لە تێزی جیۆپۆلیتیکی خۆی لە چواچیوەی پەرتووکی "کاریگەری هێزی دەریایی لەسەر مێژوو" بەرهەمهێنا. ماهان لە پەرتووکەکەیدا گرنگی دەریاکانی خستەڕوو و بیرۆکەیەکی داهێنا، ئەویش ئەوەبوو کە "هەر دەوڵەتێک بتوانی سەروەری و دەسەڵاتی بەسەر دەریاکان بەسەپێنێت، ئەوا مانای وایە سەروەری دەبێ لەسەر هەموو جیهان". ماهان ڕاستی ئەم بیرۆکەیەی بە کردەوە سەڵماند کە بەریتانیای خاوەن هێزی دەریایی، سەروەری بەسەر هەموو جیهان هەبوو[(١)]. بەگوێرەی ئەم بیرۆکەیەی ماهان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزد بۆ گۆڕانکاری لە نفوزی ئەمریکا و بەریتانیا لە جیهاندا، لە ڕوانگەی هێزی دەریاییەوە دەبوایە لە بەرژەوەندی بەریتانیا بوایە. هەروەک زانراوە لە سەدەی بیست ڕووداوەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمریکا لە ڕوانگەی هێزی دەریاییەوە زاڵ بوو بەسەر هێزی بەریتانیا. پوختەی بیرۆکەی ماهان لە بابەتی جیۆپۆلیتیک بریتییە لەوەی کە ئەو هێزانەی کۆنترۆڵی دەریاکانیان لە دەستە واتە کۆنترۆڵی

تەواوی دونیایـان کـردووە بە تـایبەت گرنگـی ڕێگـای بازرگـانی دەریاکان کە ماهان جەختی لەسەر کردبووەوە(٢).




نەخشەی جیۆستراتیجی ئەلفرێد ماهان
*Kaynak: http:// doctorpence.blogspot. com.tr/2017/01/map- on-monday- three- geostrategists - and.html*

ماهـان لە پەرتـووکی "کێشـەکانی ئاسـیا" نەخشـەی جیۆسـتراتیجی ڕوونکـردۆتەوە، دەسـت بەسـەرداگرتنی نـاوچەکە لە بـاکوور و کـۆنترۆڵ کردنـی دەریـایی لە باشـوور، کیشـوەری ئۆراسـیای دابەشـکردووە، نـاوچەکەش وەک نـاوچەی بـێلایەن باسـدەکرێت. بەگوێرەی پێشبینیەکانی ماهـان ئەمەش وەک ئالینگاری سـەرەکی دەبێـت بـۆ نـاوچەی بـێلایەن. هەروەهـا ماهـان لە بیـردۆزی جیۆپۆلیتیکیـدا گرنگـی (گەرو)ەکانیشـی ڕوونکـردۆتەوە. لە ڕوانگەی ململانێی هێـزە وشـکانییەکان و هێـزە دەریاییەکـان بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەروەری هەریەکە لە گەروەکـانی چەنەکـالا و ئیسـتەنبول، کەنـاڵی سـوێس، گەرووی جەبەڵ تـاریق، گەرووی دانیمارک و کەناڵی پەنەما خاوەنی گرنگیەکی ستراتیجین(٣).

لەم پێنج سەد ساڵەی دوایدا گەڕانەوەی ئەوروپا و پاشانیش ئەمریکا وەک زلهێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، دەکرێت لە چوارچێوەی بیرۆکەی جیۆپۆلیتیکی ماهان ڕوونبکەینەوە. ئەوروپییەکان لە کیشوەری ئۆراسیا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، جیگیربوونی ڕێگاکانی بازرگانی لەگەڵ ڕێگا دەریاییەکان باڵایی دەسەڵات و سەروەری ئەوروپیەکانی دەستەبەرکردووە. بە پێچەوانەی ئەمەش، لە بەرامبەر لە دەستدانی گرنگی ڕێگەی ئاوریشم بێهێزبوونی ئەو وڵاتانەی دەکەونە نێو کیشوەرەکە دەستیان پێکرد. بەواتایەکی دی، لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگا دەریاییەکان کاتێک وڵاتانی ئەوروپا پێگەیان بەهێز بوو، ئەو وڵاتانەی دەکەونە نێو کیشوەرەکە بەتایبەتی وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا گرنگی شوێنەکەیان کەمتر بوویەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستدا لەلایەن هالفۆرد ماکیندەرە ( Halford Mackinder) وە بیردۆزێک خراویەڕوو لە بارەی جیۆپۆلیتیک کە تەواو بە پێچەوانەی ئەو بیردۆزە بوو کە ماهان بانگەشەی بۆ دەکرد. بەگوێرەی بیردۆزەکەی ماکیندەر، بەدرێژایی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی، ئەو دەوڵەتانەی خاڵی مەرکەزییان کۆنترۆڵ کردووە لە قارەی ئۆراسیا، دەستی بەسەر تەواوی ناوچەی نفوزی جیهاندا گرتووە. بە درێژایی مێژوو ئەو هێزانەی کە لە ناوەڕاستی ئۆراسیا دەسەڵات و سەروەرییان دەستەبەرکردووە، بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵات چین، لە باشووردا هیندستان، لە باشووری ڕۆژئاوا ئێران، لەڕۆژهەڵاتیشدا ڕۆما بە شێوەیەکی زۆر بەهێز کاریگەرییان هەبووە. نووسەر یەکەم جار ناوی "تەوەری جوگرافیای مێژووی" بۆ ناوەڕاستی ئۆراسیا دانا، دواتر

به گەشەپێدانی بیرۆکەکەی ئەم ناوچە ستراتیجییە گرنگەی ناونا دڵی زەوی "Heartland". دەرئەنجامی بیرۆکەی ماکیندەر ئەوەیە، "کێ ئەوروپای ڕۆژهەڵات کۆنترۆڵ بکات، دڵی زەوی، ناوچەی ئۆراسیا کۆنترۆڵ دەکات، ئەگەر یەکێک بتوانێ ناوچەی دڵی زەوی لە ئۆراسیا کۆنترۆڵ بکات ئەوا هەموو ناوچەی ئۆراسیا کۆنترۆڵ دەکات. ئەگەر یەکێکیش کۆنترۆڵی ناوچەی ئۆراسیای کرد، ئەوا دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی جیهان بکات".




نەخشەی تیۆری دڵی زەوی ماکیندەر
*Kaynak: http://www.strategic-culture.org/ news/2016/12/19/geopolitics-globalization-and-world-order.html)*

ماکیندەر لە جیاتی ڕێگەی دەریایی بەهەڵسەنگاندنی ڕێگەی ئاسنین لە وشکانیدا، کە سەد ساڵ لەمەوبەر لە وتارێکدا پێشنیاری ئەوەی خستۆتەڕوو کە ئەگەر لە ڕوانگەی هێزی وشکانییەوە لە تەواوی ناوچەی ئۆراسیادا ڕێگەی ئاسنین پێشبخرێت، لە بەرامبەر هێزی دەریای هێزی وشکانی دەبێتە خاوەنی دەسەڵات و سەروەری[٤]. لەم ڕووانگەوە لە سەدەی

بیست و یەکدا بە سەرکردایەتی چین لەژێر ناوی پێشنیاری ڕێگەی کەمەری وڵاتانی ناوچەی ئۆراسیا، لەپێناو بوژانەوەی ڕێگەی ئاوریشمی مێژوویی، ڕێگای بازرگانی نوێ و بەتایبەتیش گەشەپێدانی ڕێگاکانی ئاسنین، لە ڕوانگەی ئەوەی کە دەوڵەتانی ناوچەکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بگەڕێنەوە شوێن و پێگەی خۆیان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیست بیردۆزەکانی جیۆپۆلیتیکی ماهان و ماکیندەر لە "یاری گەورە"ی نێوان ڕووسیا و بەریتانیا جێبەجێکراوە. لەبەرئەوە بە شێوەیەکی گشتی چەمکی "یاری گەورە" لە بەرامبەر چەمکی جیۆپۆلیتیک بەکاردەهێنرێت.

لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستدا ئەمریکا وەک زلهێزێکی جیهانی دەرکەوت و لە سیاسەتی جیهانیدا بە شێوەیەکی ئایدیالی دەستی پێکرد. بۆ گونجاندنی ئەم ڕۆڵە نوێیەی، ئەمریکا پێویستی بە ستراتیجی سیاسەتی دەرەوە، واتە پێویستی بە دۆکتۆرینی جیۆپۆلیتیک و جیۆستراتیجی هەبوو. ئەم تیۆرە جیۆپۆلیتیکیەش گەشەی پێدرا لەلایەن نیکۆلاس سپایکمان ( Nicholas J. Spykman) لە پەرتووکێکدا بە ناوی "ستراتیجیەتی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهانیدا"(٥). تیۆری سپایکمان گەشەی پێدرا و بەرەو پێش چوو زیاتر لە تیۆری دڵی زەوی کە لەلایەن ماکیندەرەوە داهێنرابوو. ماکیندەر کاتێک تیۆرەکەی داهێنا ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای کردبوو چونکە ماکیندەر زانایەکی بەریتانی بوو. سپایکمانیش کاریکرد بۆ پێشخستنی تیۆری بەناوەندیکردنی ئەمریکا.




نەخشەی جیۆپۆلیتیکی سپایکمان

*Kaynak: http://www.strategic-culture.org/ news/2016/12/19/geopolitics-)*
*globalization-and-world-order.html)*

سپایکمان، هەردوو چەمکی هیلالی ناوخۆی (İÇ HİLAL) و هیلالی دەرەکی (DIŞ HİLAL) ماکیندەری گۆڕی بۆ چەمکی کەمەرەی پەراوێز (KENAR KUŞAK). کەمەرەی پەراوێز خاوەنی گرنگی جیۆپۆلیتیکی بوو بۆ سپایکمان. وەک ئەوەی لە نەخشەی سەرەوە دیارە، کە ئەوروپا، باکووری ئەفریقا، ڕۆژئاوای ئاسیا، باشووری ئاسیا، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەخۆدەگرێت. ئەمریکای خاوەن هێزی دەریای، بۆ ئەوەی سەربکەوێت بەسەر یەکێتی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەتی جاران کە خاوەنی هێزی وشکانی بوو، پێویستی بەوە بوو کە لە ناوچەی کەمەرەی پەراوێز نفوزی خۆی زیاد بکردایە. سپایکمان گۆڕانکاری کرد لە بۆچوونەکانی ماکیندەر بەم شێوەیە: "ئەگەر یەکیک ناوچەی کەمەرەی پەراوێز کۆنترۆڵ بکات، ناوچەی ئۆراسیا کۆنترۆڵ دەکات. ئەگەر یەکێکیش کۆنترۆڵی ناوچەی

ئۆراسیا بکات ئەوا ئەو هێزە کۆنترۆڵی جیهان دەکات." (٦) ئەگەر سەیری سیاسەتی دەورەدانی ئەمریکا بکرێت کە لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران پەیڕەوی دەکرد، تێبینی دەکرێت کە تیۆری سپایکمان جێبەجێکراوە. پەردەی ئاسنین لە ئەوروپا، جەنگی کۆریا، جەنگی ڤێتنام و پلانی مارشاڵ وەک ڕەنگدانەوی تیۆری جیۆپۆلیتیکی سپایکمان پەسەند کراون. لە سەدەی نۆزدەدا کاتێک ناکۆکی و ململانێی نێوان بەریتانیا و ڕووسیا بە "یاری گەورە" ناودەبرێت، ئەوا ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیاش لە سەدەی بیست دا بە "جەنگی سارد" ناونراوە.

وەک بینرا، زانایانی بواری جیۆپۆلیتیک لەبەر هۆکاری تێگەیشتن لە بیرۆکەکانی هێزی دەریایی و هێزی وشکانی، وەک ناکۆکی و ململانێ ناسران لە نێوان هێزی دەریای و هێزی وشکانی لە سیاسەتی جیهانی. کاتێک لە ڕوانگەی مێژووییەوە سەیر دەکەین، ئەو دەوڵەتانەی کە لە نێو ئۆراسیا دروست بوونە بە بەردەوامی بە ئاراستەی کەنارەکانی ئۆراسیا واتە بە ئاراستەی دەرەوە مەیلی بڵاوبوونەوەیان بەدی دەکرێت. دەوڵەتانی کەناریش هەرچەند بیانەوێت بە ئاراستەی ناوەوە بڵاوببنەوە، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی ئەودەشتانەی کە لەنێو ئۆراسیادان بۆ هێزی وشکانی قوڵایی ستراتیجی دەستەبەر دەکەن. بە نموونە، دیواری گەورەی چین بە دەگمەن لەلای باکوورەوە سەروەری تێدا جێگیرکراوە. بە هەمان شێوەش لە ململانێی نێوان ئێران-تۆران، ئێرانییەکان لە کاتی تێپەڕبوونیان بە دیوی رووباری سیر دەریادا شکستیان هێنا. لە نموونەی ئەوروپاشدا هەر یەکە

له ناپلیۆن و هیتلەریش کە ویستی بەرەو پێشچوونیان هەبوو لە ناوەوەی ئۆراسیا، بەڵام ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوون. دەرئەنجام بابەتی جیۆپۆلیتیک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ئەو هەوڵانەی دراون لە کەنارەکانی قارەی ئۆراسیا لێکدەدرێنەوە لە نێوان هێزی دەریای و هێزی وشکانی.

کاتێک لەم ڕوانگەیەوە سەیری جیۆپۆلیتیک دەکەین، ئەم دیسپلینە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ سیاسەتی جیهانی پەیوەست دەکرێت. دیدی جیۆپۆلیتیک بە مانایەکی دی، سیاسەتی نێودەوڵەتی وەدەست دێت لە ڕوانگەی زلهێزەکانەوە. کەموکورتی ئەم بیرۆکەیەش ئەوەیە کە کاتێک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنها زلهێزەکان وەک بکەری سەرەکی دیاریدەکات و دەوڵەتەکانی دی تەنها وەک کارتێکراو هەژماردەکرێن. لە تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتییدا ناوی بیرۆکەی جیۆپۆلیتیک پێکهاتەی واقیعگەراییە. لەبەرئەوەی هەم بیرۆکەی جیۆپۆلیتیک هەمیش بیرۆکەی پێکهاتەیی جەخت لەسەر هێز دەکەنەوە، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت کە لە بەرامبەر تەنگژەکان دەوڵەتانی هەرێمی هەمان هەڵوێست نیشان بدەن، لەم تێڕوانین و بۆچوونانەشدا ناسنامەی دەوڵەتان لەبەرچاو ناگیرێت. بە شێوەیەکی گشتی لەم بیرۆکانەشدا ئەو لێکدانەوانەی بەکارهێنراون جەخت لەسەر دەوڵەتە زلهێزەکان دەکەنەوە. نموونەش بۆ ئەم لێکدانەوانە، دەکرێت سیاسەتی چین لە بەرامبەر قرقیزستان وەک سامپلێک وەربگیرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ناکرێت سیاسەتی قرقیزستان لە بەرامبەر چین بە نموونە وەربگیرێت. لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی بیرۆکەی


جیۆپۆلیتیـک و پێکهاتەییـدا، ناسـنامەی دەوڵەتە هەرێمییەکـان و هەڵوێسـتیان لە بەرامـبەر دەوڵەتە زلهێزەکـان، بە شـێوەیەکی گشـتی باسـی هەمـان ئەو سیاسـەتە دەکریت کە زلهێزەکـان لە بەرامبەر ناوچەیەک دەگرنەبەر. بۆ نموونە سیاسەتی ڕووسیا لە بەرامـبەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت یـاخود سیاسـەتی ئەمریکـا بەرامبەر ئاسیای ناوەڕاست بۆ ئەمە وەک سامپل وەردەگیرێت. لێـرەدا هەرچەنـد بە ئاشـکرا بووترێـت دەوڵەتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست خۆیان سیاسەتی دەرەوەیان بێ ناسـنامەیە و خۆیـان بەرهەم نـاهێنن، بەڵکـو تەنهـا بەرژەوەنـدی وڵاتە زلهێزەکـان ڕەچاودەکرێـت و وڵاتـانی ئەم ناوچـانە تەنهـا وەک لایەنێکی کارتێکراو دەبینرێن.

## ٢.١. جیۆپۆلیتیکی ڕەخنەیی

لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی جەنگـی سـارد و بنیاتنـانەوەی پێکهـاتەی سیسـتمی نێـودەوڵەتی، دیـد و تێڕوانینـی تیـۆری پێکهـاتەیی و جیۆپـۆلیتیکی گواسـتەوە بـۆ قۆنـاغی تـا ڕادەی گومـان بـردن. بیـرۆکەی جیۆپۆلیتیـک کە خـاڵی سـەرەکی جەختکردنەوە بـابەتی جوگرافیـایە، دەسـتیکرد بە لەدەسـتدانی هەژمـوون و حـاکمیەتی بیـرۆکەکە جیۆپـۆلیتیکی ڕەخنەیـی سـەریهەڵدا. جیۆپـۆلیتیکی کلاسـیکی کە بـڕوای بەوە بـوو کە جوگرافیـا سیاسـەت بنیـات دەنێـت و شـێوەی پێـدەدات، بەڵام جیۆپـۆلیتیکی ڕەخنەیـی لە بنەڕەتـدا بـڕوای وایە سیاسـەت جوگرافیـا وێنـا دەکـات، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم بیرۆکەیە خرایەڕوو[٧]. لەسـەر ئەم بنەمـایەش بەشـێکی زۆری ئەو چەمـکە جوگرافیـانەی کە بەکادەهێنـدرێن

لەبنەڕەتدا سیاسین، واتە چەمکی جیۆپۆلیتیکین. بۆ نموونە چەمکی ئەورووپا بەهیچ شێوەیەک لە بنەڕەتدا وەک چەمکێکی جوگرافی نابینرێت، هەرچەندە هەردووو گەروی ئیستەنبول و چاناکالا کە ئەورووپا و ئاسیا لەیەک جیا دەکاتەوە بەڵام لە باکووری دەریای ڕەشدا هیچ سنوورێکی سروشتی نییە کە هەردوو کیشوەرەکە لە یەکتر جیا بکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەورووپا کیشوەرێکی جوگرافی نییە بەڵکو وەک یەکەیەکی سیاسی (جیۆپۆلیتیکی) ناودەبرێت. کاتێک دەوترێت ئەورووپا مەبەست پێی سنوورەکانی شارستانی مەسیحی ئەورووپییە، لەم ڕوانگەیەشەوە یەکێتی ئەورووپا سەرەڕایی ئەوەی خاکەکەی لە کیشوەری ئەورووپایە، بەڵام ئەندام بوونی تورکیا لەو یەکێتی یە مەحال نییە. ئەم تێڕوانینە جیۆپۆلیتیکیەش بە تایبەت زیاتر لە چەمکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەلاتی دوور و جیهانی سێیەم بە دیاردەکەوێت. ئەم چەمکە سیاسییانەش لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بنیاتنراون. چەمکی "پەردەی ئاسنین" و "جیهانی سێیەم" وەک ئەو چەمکانەی کە ئاماژەمان پێیدا، پاشان چەمکەکانی "بەرەی خراپەکار" و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج دەبلیۆ بۆشی کوڕەوە بەکارهێنراون، چەمکی "وڵاتانی دەرەوەی نزیک" و "وڵاتانی دەرەوەی دوور" لەلایەن ڕووسیا بەکارهێنراون، هەروەها چەمکی ڕێگای نەوە کە لەلایەن چینەوە بەکارهاتووە. ئەمەش بۆ ئەوەی کە سیاسەتمەدارەکان بگەن بەبەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان چەمکی جوگرافیایان بەم شێوەیە دیزاین کردووە. کەواتە ئەوەی

ئەمرۆش بەکاردێت لە نەخشەی جیهانی کە جەخت لەسەر ئەوروپا دەکاتەوە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی جیۆپۆلیتیکییە.




نەخشەی سیاسی جیهان

*(http://docplayer.biz.tr/docs-images/56/39134213/images/61-0. jpg)*

بەکورتی، هەر دەوڵەتێک دەتوانێت بە جێگیرکردنی خۆی لە ناوەندی جوگرافیا بنیات بنێت، لە ڕاستیشدا ئەوەی لە واقیعدا ڕوودەدات هەر ئەمەیە. بۆ نموونە چەمکی ئەوروپا بۆ ئەلمانیا گرنگە چونکە ئەلمانیا کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەوروپا. چەمکی ڕۆژئاوایی ئەوروپا یان ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆ فەرەنسا گرنگە خاڵی ناوەندییە لە نێوان ئەلمانیا و بەریتانیا. بەڵام بۆ بەریتانیا چەمکی باکووری ئەتلەسی لە چەمکی ئەوروپا گرنگتر و گونجاوترە چونکە لەم ڕوانگەیەوە بەریتانیا وەک خاڵێک لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکا دەوەستێت. نموونەیەکی لەم شێوەیەش چەمکی ئۆراسیایە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕۆشنبیرە ڕووسەکان بۆ ئەوەی چارەسەری تەنگژەی ناسنامەی ڕووسیا

بکەن و کە ڕووسیا ناوچەیەکی پەراوێزی ئەوروپا نییە، بەڵکو جوگرافیای بنیاتنراو بۆ ئەوەیە کە ڕووسیا وەک ناوچەیەکی ناوەندی بناسرێت لە کیشوەری ئۆراسیا.



ئالای نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی هیچ مانا و دەلالەتێکی سیاسی لە خۆی هەڵنەگرێت و دوور بێت لەو بابەتە لە ئالای خۆیدا شێوەی جەمسەری باکووری جیهانی بەکارهێناوە.

## ٣.١. کۆدی جیۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوە

ئەگەر بێینە سەر باسکردنی کۆدی جیۆپۆلیتیک بە پێی ڕوونکردنەوەی کۆلن فلینت (Colin Flint): " کۆدی جیۆپۆلیتیک بریتییە لەو هەڵوێستەی کە وڵاتان وەریدەگرن لەبەرامبەر جیهان." بە شێوەیەکی گشتی کۆدی جیۆپۆلیتیکی هەر وڵاتێک لە جیهان لە پێنج ئامانجی سەرەکی پێکدێت(٨):

- هاوپەیمانەکانی ئێستا و شاراوەکانمان کێن؟
- نەیارەکانی (دوژمنەکان) ئێستا و شاراوەکانمان کێن؟
- چۆن دەتوانین هاوپەیمانەکانمان بپارێزین و زیادیان بکەین؟
- چۆن دەتوانین لەبەرامبەر نەیارەکانمان و ئەو هەڕەشانەی کە بەرەو ڕوومان دەبنەوە بوەستین؟
- ئەو چوار خاڵەی کە دیاریمان کرد وەک ئامانج، چۆن دەتوانین بۆ خەڵکی خۆمان و کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدەین بە شێوەیەکی ڕەوا.؟

هەروەک ئاشکرایە لە مێژووی سیاسی نێودەوڵەتییدا وڵاتان بۆ ئەوەی بگەن بەو پێنج ئامانجە هەموو ئامرازێک بەکاردێنن. لە ڕووانگەی کۆدی جیۆپۆلیتیکییەوە هەر یەکە لە مێژوو، کلتور، زمان، ئایدۆلۆژی و ئایین لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ژیارییەکانی دەوڵەت وەکو ئامراز بەکاردەهێرێن. لە سەردەمی مۆدێرندا وڵاتان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەپێدانی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەش چەمکەکانی "ستراتیجی هاوبەش"، "پەیوەندی تایبەت"، "هاوپەیمانی بڕوا پیکراو" و "وڵاتی دۆست" بەکاردەهێندرێن. ئەگەر چەمکی نەیار لەلایەن دروستکارانەوە بە دەگمەن بەکاربهێندرێت ، ئەوا بۆ زیادکردنی هاوپەیمانان سوود لەم چەمکە وەدەگیرێت. لە سەردەمی جەنگی سارد "مەترسی کۆمۆنیزم" کە لەلایەن ئەمریکاوە بەکارهێنراوە و دوای ڕووداوەکانی ١١ی سپتێمبەریش دەرکەوتنی چەمکی "شەری دژە تیرۆر" کە لە ڕاستیدا لە سایەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی زیاتر گەشەی پێدرا و بڵاوبوویەوە. ئەم چەمکانە لە هەمان کاتدا ڕەوایەتی دا بە ئەمریکا بۆ ئەوەی دەستوەردان بکات لەکاروباری وڵاتان.

بە شـــێوەیەکی گشـــتی هەر وڵاتێـــک بـــۆ ئەوەی رەوایـــی بەکردەوەکـانی خـۆی بـدات لە سیاسـەتی دەرەکـی چەمکـی "بەرژەوەنـــدی نەتەوەیـــی" بەکاردەهێنێـــت. لەهەمـــان کاتـــدا چەمکەکـانی وەک "ناسـیۆنالیزم" و "کۆمـۆنیزم"، ئایـدۆلۆژی و تایبەتمەنـدی ئـایینی بەم شـێوەیە بەرهەمهێنـانی بـۆ کـراوە. لە ڕوانـگەی جیۆپـۆلیتیکییەوە لە مێـژوودا هەمـوو ئەو جەنگـانەی بەهۆی هۆکاری ئایین یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو بەرپاکراون لە بنەڕەتدا یان جەنگی بەرژەوەندی دەوڵەتەکانە یانیش جەنگی گروپەکانی نێو سنوری دەوڵەتێکن. لە دەرئەنجامدا جیۆپۆلیتیک دوو پـایەی سـەرەکی هەیە: ئەوانـیش جوگرافیـا و سیاسـەتن. کاتێک کە دەلێـین کۆدەکـانی جیۆپـۆلیتیکی سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەتێـک لەلایەکەوە مەبەسـتمان ئەو سیاسـەتەیە کە وڵاتێـک بەگـوێرەی شـوێنی جـوگرافی دایـدەڕێژیت، لەلایەکـی تریشـەوە مەبەسـتمان پێـی ئەو سیاسـەتەیە کـە بەرهەمـی دێنـێ، لەسـەر ئاستی ململانێی هێزە هەرێمییەکان. لە راستیشدا سیاسـەت هەر بە مانـای ململانێی هێـز دێت. لە ڕوانـگەی ململانیی هێـزەوە هەر یەکە لە ئامرازەکـانی بەرفراوانـی شـوێنی جوگرافیـا، دەوڵەمەنـدی لە سەرچاوەکان، دانیشتوان و سوپا گرنگن.

جیۆپۆلیتیـک هەڵسـوکەوتی عەقلانـی دەوڵەتـان وەک ئەکتەرێـک پەسـەند دەکـات. لە قوتانخـانەی ریـالیزم بەکارهینـانی چەمکـی (Raison d, etat) کە وشـەیەکی فەرەنسـییە بە مانـای عەقلـی دەوڵەت دێت، بە گـوێرەی ئەمەش ڕژێمەکـان لە بەڕێوەبردنـدا بە هەمـان شـێوە هەڵسـوکەوت دەکەن. بـۆ نمـوونە جیـاوازییەکی ئەوتـۆ نابینرێـت لە سیاسـەتی دەرەوەی نێـوان، رووسـیای قەیسـەری و روهوسـیای سـۆڤیەتی، هەردوو دەوڵەت لە نـاوچەی

ئۆراسیادا کاریان کردووە بە گوێرەی پێداویستی کۆدەکانی جیۆپۆلیتیک. بە مانایەکی دی شوێنی جیۆپۆلیتیکی ڕووسیایە کە ناچاری کردووە بەهەمان شێوە سیاسەتی دەرەوە جێبەجێ بکات.
لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەش پسپۆرانی بواری جیۆپۆلیتیک لەو بڕوایەدان کە گروپێکی نهێنی دەوڵەت بەڕێوە دەبا، ئەم گروپەش بە "دەوڵەتی قووڵ" یان "دەوڵەتی پاراڵێل" ناودەبرێت. ئامانجی دەوڵەتی پاراڵێلیش ئەوەیە کە لە ڕێگای بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانەوە داهاتووی دەوڵەت دەپارێزێت، هەژموونی و خۆی پتر دەکات. لەم ڕوانگەیەشەوە بنەماکانی ئایدۆلۆژی، ئایین، کلتور، زمان، شارستانیەت، هاوپەیمانی، برایەتی و ناسیۆنالیزم هەموو ئەمانە لە پێناو بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت یان داهاتووی دەوڵەت وەک ئامرازیک بەکاردەهێندرێت. بەواتایەکی دی، عەقڵی دەوڵەت یان دەوڵەتی قووڵ هیچ بەها و نرخ، مەعنەویەت و پیرۆزی ناناسێت و بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت هەموویان پێچەوانە دەبنەوە. بەم شێوەیە ڕیالیزم سیاسەتی دەرەوە لە ڕوانگەی سیاسەتی ناوخۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بە بەرژەوەندی نیشتیمانی ناودەنێت لە پێناو دەستەبەرکردن و هێنانەدی رەوایی. بە گوێرەی پسپۆرانی بواری جیۆپۆلیتیک گشت وڵاتان هەر لە کۆنەوە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان کردووە و لەسەر هەمان شێوەش بەردەوام دەبن.
لەم چوارچێوە تیۆریەشدا هەوڵدەدرێت تیۆری کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی سیاسەتی دەرەوە باس بکەین، لە سەرەتادا شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران، دواتر کۆدەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی جیۆپۆلیتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەخرێنە بەرباس.

## ٢. شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران

بەرلەوەی باس لە شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران بکەین، سەرەتا پێویستە جوگرافیای ئەو دەوڵەتە وەربگرین. چونکە لە ڕوانگەی دیسپلینی جیۆپۆلیتیکییەوە، هەڵومەرج یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین هۆکار لە دیاریکردنی شوێنی دەوڵەت لە سیاسەتی نێودەڵەتیدا. تەنانەت لە دروستبوونی دەوڵەتیشدا جوگرافیا هۆکارێکی زۆر گرنگە. بەگوێرەی دواین شیکردنەوە، مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ژیان باشترین و گونجاوترین شوێنی جوگرافی هەڵدەبژێرن. لەم ڕوانگەیەشەوە مێژووی جوگرافیای مرۆڤایەتی بە جەنگەکان دەناسرێتەوە. دەرئەنجام جوگرافیا قەدەری مرۆڤ دیاریدەکات، لەبەرئەوە سەرەنجدان لە جوگرافیای ئێران سوودی هەیە.

### ١.٢. شوێنی جوگرافیای ئێران

ڕووبەری ئێران ١،٦٤٨،١٩٥ کم$^{٢}$ هەژدەهەمین گەورەترین وڵاتی جیهانە کە لە دوای لیبیا و پێش مەنگۆلیا دێت. لە باکووری ڕۆژئاوایدا (٤٣٢)کم لەگەڵ ئازەربایجان، (٣٥)کم لەگەڵ ئەرمەنستان لە باکووری دەریای قەزوین، لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا (٩٩٢) کم لەگەڵ تورکمانستان، لە ڕۆژهەڵاتدا (٩٠٩)کم لەگەڵ پاکستان و(١٩٣٦)کم لەگەڵ ئەفغانستان و لە ڕۆژئاوا (٤٩٩)کم لەگەڵ تورکیا و (١٤٥٨)کم لەگەڵ عێراق و لە باشووریشدا سنووری هاوبەشی لەگەڵ کەنداوی عەرەب (بەسرە) و کەنداوی عومان هەیە[٩]. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەنی زۆرترین ڕووبەری چیاییە لە جیهاندا و خاکەکی

داخــوراو و بە لــوتكە زنجيــرە چيــای بەرز دەورەدراوە كە بە درێژايی دەشتەكان درێژو بڵاوبۆتەوە. ئێران (٤٦٠)كم لە ئاستی دەريــاوە بــەرزەو يەک لەســەر شەشــی ١/٦ چياكــانەن. حەوزی ڕووبــاری كــارۆن درێــژ دەبێتەوە بە درێژايــی سنوری عێراق بۆ سەيركردنی كەنداوی عەرەبی و كەنداوی عوممان، پشتێنەی چيا ســەختە لێژەكــان لەگەڵ كەنــاری دەريــا تەســكەكان و كەنــاری دەريــای قەزويـندا چەمـانەوەی لـوتكە بەرزەكـان لەگەڵ زەڵكـاوی دەشتاييەكان هاوسنوورە لە باكووری ڕۆژئاوای وڵاتدا. زنجيرە چيای زاگرۆس لە باكووری ڕۆژئـاوا دەستپيدەكات بە ئاراستەی كەنــداوی عەرەبــی (بەســرە)، پاشــان بە ئاراســتەی ڕۆژهەڵات دەڵكێــت بە نــاوەوەی بلوجســتان، لێــرەدا يەكــدەگرێتەوە لەگەڵ چيــای مــوكران. لەنێــوان مێــرگ و دەشــتەكانی ميزۆپۆتاميــا و دەشــتە ناوخۆييەكــانی ئێــران بە فراوانــی نــزيكەی (٢٠٠٠)كــم بەربــڵاوی زنجيــرە لــوتكەيەكی هاوتەريــب لەخۆدەگرێــت. ئەو جۆگەلەی لە ئـاوی چياكـانی زاگـرۆس كۆدەبنەوە دەردەكەون بە ئاراســتەی ڕۆژئــاوا و بنەمــای لێــژی و نايەكســانی پــاش ئەوەی گەروە تەسكەكان لەتدەكات و بە دەشتە بە پيتەكان تێپەڕ دەبێت. چياكانی ئەلبورز بە درێژايی كەنـاری باشـووری دەريـای قەزويـن لە شێوەی كەوانەيەک بەرز دەبێتەوە لەگەڵ سنووری خوراسـان يەكدەگرێتەوە. لە نێوان خوراسـان و بلوجستان زنجيرە چياكـان پێكدێت لە كەناری ڕۆژهەڵاتی دەشتە ناوخۆييەكان.




نەخشەی جوگرافیای ئێران

*Kaynak: http://coopercomputers.com/physical-map-of-africa-and asia)*

بۆ ئەوەی باکوور و باشووری ئێران دەورەدراو بێت بە دەریا کە لە لێرەدا سنووری سروشتی ئێران پێکدێت لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژئاوای ئێران. زنجیرە چیاکانی ئەلبۆرزیش سنووری ئێران لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست پێکدێنێت. ئەم سنوورە سروشتیانەش پاراستن و بەرگریکردنی دەوڵەتی ئێرانی ئاسان کردووە، لە هەمان کاتیشدا بیابانەکانی لوتیش لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕاستەخۆ ئەو هێرشانەی ئەستەم کردووە کە لە ڕۆژهەلاتەوە دەکرێنە سەر ئێران.


ئەگەر باس لە گرنگی شوێنی ستراتیژی جوگرافیای ئێران لە ڕوانگەی کیشوەری ئاسیاوە بکەین، کە خاکی ئێران کەنداوی عەرەبی (بەسرە) و ئۆقیانووسی هیندی بە باکووری ئۆراسیا دەبەستیتەوە. لەلایەکی ترەوە ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ئاسیا بە ڕۆژئاوای ئاسیا دەبەستێتەوە. ئەگەر لە دیدی

بازرگـانییەوە سـەرەنج بـدەین دەبینـین ئێـران شـوێنێکی گرنگـی گرتـووە لە ڕێگـای بازرگـانی نیـوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئـاوا، لە هەمان کاتدا لە ناوەڕاستی بازرگانی نێوان باکوور و باشـوورە. ئەمەش مانـای وایە ئەو وڵاتـانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا ئەگەر لەگەڵ کیشـوەری ئەوروپـا بیانەوێـت گەشـە بە ڕێگـای بازرگـانی بـدەن ئەوا ئێـران وەک پردێـک دەبـێ کە ناکرێـت لەبەرچـاو نەگیرێـت. لەهەمـان کاتـدا ئەو دەوڵەتـانەی دەکەونە نـاوچەی ئۆراسـیا بـۆ تێپەڕبـوون لە ئـاوە نێودەڵەتییەکـان پێویسـتیان بە ئێـرانە، ئەم شـوێنە سـتراتیجییەی ئێـران بـۆ کیشـوەری ئۆراسـیا دوو بـابەتی زۆر گرنـگ دێنێـتە ئـاراوە: یەکەمیـان، ناسـەقامگیری لە ئەفغانسـتان ئێرانـی کـردۆتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ دەوڵەتانی ناوچەی ئۆراسیا. دووەمیان، دۆزینەوەی بڕێکی زۆری یەدەگی نەوتی و گـازی سروشتی لە دەریـایی قەزویـن لە سـنووری ئێـران، ئەمەش گرنگـی شـوێنی ستراتیجی ئێرانی زیاترکردووە.

شوێنی جوگرافیای ئێران لە ڕوانگەی گەروی هۆرمز و کەنداوی عەرەبـی (بەسـرە) گرنگیەکـی زۆری هەیە، بە تـایبەتی لە بـواری بازرگـانی نێـودەوڵەتی، گواسـتنەوەی نەوت و گـازی سروشـتی گرنگی ئاسایشـی ئێران دەردەخات. بە شێوەیەکی گشتی ڕێگای بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ ئەو دەوڵەتانە دەکاتەوە کە کەوتوونەتە سنووری باشـووری ئێران. لەم ڕوانگەیەشـەوە ئێران لەلایەکەوە دەڕوانێتە سەر دەریاکان، لەلایەکی تریشـەوە دەڕوانێتە نـاوچەی ئۆراسیا. لەبەرئەوە ئێران هەم بۆ ویستی هەژموونداری هێزی دەریـای هەمیش بۆ ویستی گەیستن بە ئـاوە نێودەوڵەتییەکانی

هێـزی وشـکانی وڵاتێکـی سـتراتیجی گـرنگە. لەهەمـان کاتـدا بـۆ دەسـت گەیشـتنی هێـزی ئێـران بـۆ وڵاتـانی کەنـداوی عەرەبـی، تەنـانەت لە ڕێگـای دەریـای قەزوینـیش دەتـوانێ هەژمـوون و نفـوزی خـۆی بسـەپێنێ بەسـەر تەواوی دەوڵەتـانی نـاوچەی ئۆراسیا.

بارودۆخی جوگرافی ئێران دابەشبوونی دانیشتوانی دیاریدەکات، کە شـارە گەورەکـانی ئێـران کەوتـوونەتە بـاکووری وڵات و بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕژهەڵاتدا جێگیربوونە.




نەخشەی نیشاندانی چڕی دانیشتوانی ئێران
*(Kaynak: http:// www.lib.utexas. edu/maps/thematic. html?p%3Dprint)*

هەروەک لە نەخشـەکەدا دیـارە، زۆربەی دانیشـتوانی ئێـران لە باکوور، باکووری ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵاتدا دەژین. ئەم دابەشـبوونەی دانیشـتوانیش بە شـێوەی سـەرەکی لە ڕۆژئـاوای ئاسـیاوە بە ئاراسـتەی قەفقاسـیا ئاراسـتەکراوە کە چـڕی دانیسـتوانی وڵاتـی تێدایە. هەروەکو ئەوەی لە باسـەکانی داهاتوودا دەخرێتەڕوو، لە ڕاسـتیدا ئێـران لەم ناوچـانە زیـاتر سیاسـەتی دەرەوەی جێبەجێدەکات.

ژمارەی دانیشتوانی ئێران خۆی لە (٨٠) ملیۆن کەس دەدات، لە ڕوانگەی ژمارەی دانیشتوانەوە ئێران لەسەرئاستی لە ڕیزبەندی هەڤدەهەمین وڵات دێت[١٠]. شارە گەورەکانی ئێرانیش بەم شێوەیەن: تاران (٨) ملیۆن، مەشهەد (٢،٨) ملیۆن، ئەسفەهان (٢،٤) ملیۆن، تەبریز (٨،١) ملیۆن، شیراز (١،٤) ملیۆن، ئەهواز (١،١) ملیۆن و کرماشان (٠،٨) ملیۆنە[١١]. هەر یەک لەم شارانەش گرنگی ستراتیجی خۆی هەیە، بۆ نموونە تەبریز لە ڕوانگەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر قەفقاسیا گرنگە. کاتێک کرماشان وەک دەروازەیەک دەبینرێت بۆ ناوچە کوردنشینەکانی عێراق، ئەهوازیش لە ڕوانگەی باشووری عێراق بۆ ئێران گرنگی تایبەتی هەیە. شاری مەشهەد کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات لە ڕوانگەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان بە گرنگ دەردەکەوێت. هەروەها شاری بوشەهر کە دەکەوێتە باشووری وڵات بۆ بەندەری عەباس و بەندەرەکانی چابهار، لە دەریای قەزوینیشدا بەندەری ڕەشت خاوەن گرنگی تایبەتی ستراتیجین.

لە دەرئەنجامدا دەردەکەوێت کە شوێنی جوگرافی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەیدا وەک یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوە دەبینرێت. لە باسەکانی دیدا گفتوگۆ لە بارەی کاریگەری ئەو جوگرافیایە دەکرێت لەسەر مێژووی دەوڵەتانی ئێران.

## ٢.٢. کــاریگەری شــوێنی جوگرافیــایی لە ئەو دەوڵەتــانەی لەسەر خاکی ئێراندا دروست بوونە

ئەم زنجیــرە چیایــانەی کە بە دەشـــتە بەرزاییەکــانی ئێــران ناودەبرێن سنووری سروشتی ئێران پێکدێنن. بە درێژایی مێژوو ڕێگەی ئەم دەشتە بەرزانە، ئەو دەوڵەتانەی کە دروست کراون لەسەر خاکی ئێران هەم سەقامگیر بوونە هەمیش فراوانخوازی و بڵاوبــوونەوەی ئەم دەوڵەتــانەی بە ئاراســتەی ڕۆژهەڵات و باکوور ئاسان کردووە. بە واتایەکی دی، ئەمڕۆ پێکهاتەی ئەو دەوڵەتەی لەسەر خاکی ئێران و دروست بوونی شارستانیەتی تایبەتی ئەو دەوڵەتە لە بنەڕەتدا هۆکاری سەرەکی جوگرافیای ئێرانە.

بە درێژایی مێژوو باڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی چیای ئەلبورز وەک هێڵــی بەرگری بەکارهــاتووە لەلایەن ئێــران لە بەرامــبەر هــاتنی کۆچەرییەکــانی ئاســیای ناوەراســت. بە هێزبــوونی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروستبوونە لە نێوان ئێران و ئاسیای ناوەڕاست سنووریان درێژ بۆتەوە تا ڕووباری دەریای ئــامۆ، لە قەفقاسیاشــدا زنجیــرە چیاکــانی قەفقــاس ســنووری باکووری ئێرانیان پێکهێناوە و لە کاتی بەهێزبوونی دەوڵەتانە لەەر خاکی ئێران دروست بوونە تا باکووری زنجیرە چیاکانی قەفقاس توانای درێژبوونەوەیان هەبووە. هەروەک ئەو ئاوانەی بە ئاراســتەی باکووری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەرژێن لە عێراق و ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بەشێوەیەکی سروشتی شوێنی بڵاوبوونەوەی فراوانخوازی و نفوزی ئێران بووە.

ئەو دەوڵەتــانەی کە کۆچەرییەکــان دروســتیان کردبــوو کە لە دەرەوەی مێــژوو نــاوی لێنــرا بــوو، هەمــوو فــۆرمی ئەو دەوڵەتانەش لە دەوری شارەکان بنیات نرابوون. بۆ جێگیربوونی فۆرمی شارستانی دەوڵەتەکان دەورەدانی قەلاکان بە دیوارێک گرنگی ژیاری هەبوو. بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤەکان لە شوێنێکی جێگیر بەردەوام بێت پێویستی بە ئاو هەبووە، لەم ڕوانگەیەوە کاتێ سەیر دەکەین چیا بەرزەکان لە ئێران وەک سەرچاوەی سەرەکی ئــاو دەردەکەون. لەبەر ئەوە ئێــران بــۆ فــۆرمی شارستانیەکانی شار زۆر گونجا و لەبار بووە. لەم بارەیەشەوە کاتێک سەیری پایتەختی ئەو دەوڵەتانە دەکەین کە لەسەر خاکی ئێران دروستکراون، لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران سەنتەری ئیلام، لە باکووری ڕۆژئاواش ئەکبەتان کە ئەمڕۆ بە هەمەدان ناودەبرێــت ســەنتەری مادەکــان بــووە، هەروەهــا ناوەنــدی دەوڵەتەکانی تری ئێرانیش لە شوێنە جیاجیاکان جێگیرکراون.

## ٣.٢. پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە ئێران

کــۆنترین دەوڵەت کە لەســەر خــاکی ئێــران دروســت بووبێــت دەوڵەتی ئیلامە کە پایتەختەکەی سوسا بوو، لە (٦٦٠ پێش زایین – ٠٠ پێش زایین)، ئەم شارستانیەتەش لە باشوری ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە کەناری میزۆپۆتامیا دروست بوو. نزیکەی (١٠٠٠) ساڵ پێش زایین هەر یەکە لە هۆزەکانی ماد و فارســەکان لە ڕۆژهەلات بە دەســتگرتن بەســەر میراتــی ئــیلام پیکهــاتەی دەوڵەتیکــی بەهێزیــان هێنــایە ئــاراوە. ئەمەش سارســتانیەتی ئــیلام کە وەک شارســتانیەتی شــار و کشــتوکاڵ وەبیر دێنێتەوە کە دەبوایە فارســەکان و مادەکان دوو هۆزی کۆچەری بوونایە.



ئیلام نزیکەی (٢٠٠٠) ساڵ پێش زایین
*(http:// akademiaducha. pl/8717-2/)*

کۆتا (١٠٠٠) ساڵ پێش زایین شارستانیەتە کۆچەرییەکان لەگەڵ شارســـتانیەتی ئــیلام شارســـتانیەتێکی تازەیـــان بنیاتنـــا بە ئەزمـــوونکردن لە شارســـتانیەتە کۆنەکـــان، لە ئەنجامـــدا ئەو شارســـتانیەتەی کە هێنایـــانە ئـــاراوە پێشـــکەوتووتر بـــوو لە شارستانیەتەکانی پێش خۆیان. هەم دەوڵەتی مادەکان (٨٥٨ پێش زایـــین – ٥٥٠ پـــێش زایـــین)، هەمـــیش دەوڵەتـــی فارســـەکان (ئەخمینیەکـان) (٥٥٠ پێش زایـین – ٣٣٠ پێش زایـین) سـەنتەری دەوڵەتەکانیـــان لەســـەر خـــاکی ئێـــران بـــوو. بە واتـــایەکی دی، دروســـتبوونی ناوەنـدی ئەم دوو دەوڵەتە لەســـەر خـــاکی ئێـران بنەمـای سـەرەکی دروسـتبوونی ئیمپراتـۆرە مەزنەکـان بـوون. لە ســـەردەمی پادشـــای ئەخمینیەکـــان کیـــرۆس و داریۆشـــدا سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە لە ڕۆژهەڵات بۆ ئاسیای ناوەڕاست و لە ڕۆژئاواشـــدا ســـنوورەکانی لەگەڵ دەریـــای ناوەڕاســـت یەکـدەگرتەوە. لەســـەدەکانی دواتـرش هەمـان پرۆسـە بەردەوام

بوو، ئەو کۆچەرییانەی کە لە ڕۆژهەڵات هاتبوون جێگیربوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەکـان بـۆ مـاوەیەکی درێـژ ئیمپراتۆریەتەکانیـان بنیاتنـا. لەو سـەردەمەدا گرنگتـرین تایبەتمەنـدیش بـوونی بەردەوامی پێکهاتەی جوگرافیای ئێران بوو.



ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لەسەردەمی داریوشی یەکەم و زورکەسیسی یەکەم
(٥٥٠ پێش زایین – ٣٣٠ پێش زایین)
*(Kaynak: http://www.civilization.org.uk/greece/the-persian-wars)*

پێکهـاتەی جوگرافیـای دەوڵەتـی ئێـران بـۆ ئەو دەوڵەتـانەی کە لەسـەر خاکـەی دروسـتببوون هەم بە ئاراسـتەی ڕۆژهەڵات هەمـیش بە ئاراسـتەی ڕۆژئـاوا زەمینەسـازی گونجـاو بـوو بـۆ فراوانخـوازی و بڵاوبـوونەوە. هەروەهـا ئیمپراتـۆریەتی فارسـە ئەخمینیەکان هەرچەند فراوان و گەورە نیشان بدرێت، حاکمیەت و سـنووری دەسـەڵاتدارێتی ئیمپراتۆرەکـان لە سـەردەمی پـێش مـۆدێرن لە ناوەنـدەکانەوە بە ئاراسـتەی کەنارەکـان بەرەو لاوازبـوون چـوون. بەواتـایەکی دی، ئەوانەی ئیمپراتۆریەتەکانیـان بەڕێـوەدەبرد لە خەڵـکەوە سـەرچاوەیان دەگـرت، واتە خەڵـک سـەرچاوەی دەسـەڵاتی ئیپراتۆرییەتەکـان بـووە. بە شـێوەیەکی

کلاسیکی ناوەندی ئیمپراتۆر لە کوی بوایە، واتە ئەوێ بە زنجیرەی یەکەمی ئیمپراتۆر دەژمێردرا. لە دەوری ناوەندەکان ئەو خاکە دەبینرا کە ڕاستەوخۆ لەژێر حاکمیەت و دەسەڵاتداریێتی خانەدانەکاندا بووە، ئەمەس وەک زنجیرەی دووەم دەبینرا. سێیەم زنجیرەش، ئەو دەوڵەتانە بوون کە هاوسۆزی ودڵسۆزی خۆیان بۆ ئیمپراتۆر ڕادەگەیاند. ئەم دڵسۆزی و هاوسۆزیەشیان بۆ ئیمپراتۆریەت لە ڕێگەی پێدانی باج دەسەڵماند، ئەوەی کە بە سێیەم زنجیرە ناودەبرا دەوڵەتەکانیان سەربەخۆ بوون لە کاروباری ناوخۆی خۆیان، بۆ نموونە لە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینیەکان بارودۆخی میسر بەم شێوەیە بوو کە باسکرا[١٢].





نەخشەی ئیمپرتۆریەتی پارسەکان (٢٢٤ پێش زایین – ٢ پێش زایین)

*(Kaynak: http://media-1.web.britannica.com/eb-media/25/1725-004-882225B3.jpg)*

بە گوێرەی ئەم پێکهاتەیەش ناوەندی ئیمپراتۆر هەر خاکی ئێستای ئێران بووە. دوای ئیمپراتۆریەتی ئەخمینیەکان فارسەکان

(٢٤٧ پێش زایین – ٢٢٤ زایینی)، ساسانیەکان (٢٢٤ زایینی – ٦٥١ زایینی) بەهەمان شێوەی ئیمپراتۆریەتەکانی خۆیان دروستکرد. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو دەوڵەتانەی ناوەندنیان وابەستە بووە بە خاکی ئێران دەستیان بە بڵاوبوونەوەی کلتور و دابونەریتی ئێرانی کردووە. دواتر ئەو دەوڵەتانەی دروستبوون لە حەوزەی کلتووری ئێرانی ئەم دەوڵەتانە وەک ناوچەی نفوزی ئێران شرۆڤە کراون. بە واتایەکی دی، کلتووری هاوبەش بۆ دەسەڵاتی سیاسی دروستبوو، لەلایەکی تریشەوە ڕاستە ئەگەر بڵێین جیۆکلتوور ڕێگە خۆشکەربوو بۆ جیۆپۆلیتیک.




ئەو ناوچانەی کە ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان کۆنترۆڵیان کردوون لە بەهێزترین سەردەمیاندا

*http://mapas.owje. com/maps/11215_the-persian-sassanid-empire-226-651-ad.html*

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیک، ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروستبوونە، لەڕۆژهەڵاتدا دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست،


لەڕۆژئاواشـدا ئەو دەوڵەتـانەی دروسـتبوونە لە ناوەنـدی میسـر، لەملمـلانـێ و نـاکۆکی دابـوونە لەگەڵ ئەو دەوڵەتـانەی لە ناوەنـدی ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ دروسـتبوونە. لەخـۆگرتنی میسـر لە ناوەنـدی ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ لە ڕۆژئـاوا لەگەڵ ئیمپراتۆریـەتی پارسـەکان کە نەیارەکەی ئیمپراتۆریەنی ڕۆما بـووە، هـەردوو ئیمپراتـۆریەنی ساسانیەکان و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتـی دژو نـەیاری یـەکتر بـوون. لە ڕۆژگـاری ئەمڕۆشـدا خـاکی عێـراق سـوریا بە هەمـان شـێوە وەک ناوچەی جێی نفوز مـاونەتەوە لە نێـوان ئێران و دەوڵەتـانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ.




نەخشەی جیهان پێش ئیسلام
*(http://www.tarihbilimi.gen.tr/makale/islamiyetin-dogusunda-dunyanin-durumu/1317/)*

هەروەک لە نەخشەدا دیارە کە کاتێک ساسانییەکان لەڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ گـۆک تورکەکـان و هیندسـتان هاوسـنوور بـووە، لە ڕۆژئاواشـدا لەگەڵ بێزەنتینیەکـان وعەرەبەکـان هاوسـنوور بـووە. لەگەڵ هـاتنی پێغەمبەری ئیسـلام موحەمەد لە سـەدەی هەشـتەم، یەکخسـتنی جیۆپـۆلیتیکی نـاوچە عەرەبیەکـان گۆڕانکـاری

گەورەیـــان بەســـەر داهـــات. دوای ئەوە موســـڵمانە عەرەبەكـــان نـــاوچەی شـــام و میســـریان خســـتە ژێـــر ڕكێفـــی خۆیـــان، بە ئاراستەی ئێران دەستیان كرد بە فراونخوازی و بڵاوبوونەوە.




ئێران پێش هاتنی ئیسلام
*(Kaynak: https://thehistoryofbyzantium.com/maps)*

## ٤.٢. پرۆسـەی ئامـادەگی دەوڵەتـی ئێـران لـە چـوار چێـوەی شارستانیەتی ئیسلام.


ڕوخانـــدنی دەوڵەتـــی ئێـــران لەلایەن خەلـــیفەی ئیســـلامەوە لە ڕوانگەی فارسـەكان خزمەتیكی گەورەبوو. چـونكە ئیتر ئێران لە سیاســەتی نێودەوڵەتییـدا بـكەری ســەرەكی جیۆپـۆلیتیكی نەبـوو، كاتێك لەسەر بنەمای كۆمەڵگە سـەیر دەكەین دەبینین فارسـەكان وەک پـلە دوو دەبینـران لە مـامەڵەكردن لەگەڵ زاراوە و تێـرمە مۆدێرنەكـان. ئەم پەراوێـز خسـتنەش وایكـرد هۆكـاری سـەرەكی بێـت بـۆ ئەوەی دەوڵەتـی ئێرانـی ڕوو لە تێڕوانیـێـک بێـت كە سەرچاوە گرتوو بێت لە شیعەی ئیسـلامی. لە شـەڕی ئەمەوی و

عەباسیەکانیشـدا ئێـران پاڵپسـتی لە عەباسـیەکان کـرد. هەروەهـا دوای ئەوەی عەباسیەکان دەسـەڵاتی خۆیـان بەهێزکـرد، بەهەمـان شـــێوەی ئەمەویەکـــان دەســـتیان کـــرد بە هەڵســـوکەوتکردن و فارسـەکان دووبـارە هەسـتیان کـرد بۆخۆیـان بەکاریـان هێنـاون. ئەم بـــارودۆخەش لە ئێـــران هۆکـــاری ســـەرەکی بـــوو لەوەی بیروبـاوەڕی شـیعەگەری زیـاتر بەهێـز بێـت. بە واتـایەکی دی، عەقڵـــی شـــیعگەری ئێرانـــی لە چوارچێـــوەی شارســـتانیەتی ئیسلامیدا ڕوانگە و بیروباوەڕی خۆی لەگەڵ ئیسـلام بە گونجـاو دەبینێت.

لە ڕوخـانی ئیمپراتـۆریەتی ساسـانییەکان لە سـاڵی ٦٥١ زایینـی تـا دروسـتبوونی دەوڵەتـی شیعەی سـەفەوی لە سـاڵی ١٥٠١ زایینـی ئێرانییەکان وازیـان لە هەوڵ و کۆشـش نەهێنـا و بەردەوام بوون بـۆ ئەوەی لە سیاسـەتی نێودەوڵەتییـدا وەک بکەرێکـی سـەرەکی دەربـــکەون. لە ســـەردەمی ئەخمینیەکـــان، ساســـانییەکان و فارسەکاندا ژیاندنەوەی تیژ و بیروبۆچوونەکانی دەوڵەتـی ئێرانـی دروســـتکرابوو. ئامـــانجی بیـــرۆکەی مێگـــالی (Megali Idea) ئێرانییەکـان کە خـۆی لەوەدا دەبینـیەوە کە بیـرۆکەی دووبـارە دروسـتکردنی دەوڵەتـی ئێرانـی مەزن لەسـەر خـاکی کۆنی ئێـران ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتـر بـوو. پرۆفیسـۆر دکتـۆر ( Rechard Nelson Frye) ریچـارد نیلسـۆن فرێـی بەم شـێوەیە گوزارشـتی لێدەکات(١٣):

*"چەمکـــی نەتەوەی (دەوڵەت) ئێـــران هەتـــا ســـەدەی شـــانزە بە درێژایـــی داگیرکاریەکـــانی عەرەب بە زینـــدووی مـــایەوە و لە سـەدەی شـانزەدا دەوڵەت نەتەوەی سـەفەوییەکان دروسـتکرا کە*


*پشت بەستووبوو بە بیرۆکەی شیعەگەری لەگەڵ چەندین بنەما و بیرۆکەیەک کە ساسانییەکان پێش هاتنی ئیسلام دروستیان کردبوو. کەتا ئێستاش ئەم بیرۆکە و ڕوانگەیە کاریگەری هەرماوە لەسەر دابونەریتی ئێران. بۆ نموونە تا ئێستاش لە ئێران گرنگترین جەژن کە پیرۆز دەکرێت لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە جەژنی ئایینی ئیسلام نیە بەڵکو جەژنی نەورۆزە کە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەر بەردەوامە"*




دەولەتی سەفەرییەکان

*(Kaynak: http://www.worldhistorymaps/)*

لەگەڵ لاوازبوونی خانەدانەکانی عەباسی دەوڵەتی سەفارییەکان (٨٦٨ زایینی – ٩٠٨زایینی) کە خانەدانێکی ئیسلامی بوون لە ناوچەی سیستان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دەژیان ، دەوڵەتی سامانییەکان (٨٧٥ زایینی – ٩٩٩ زایینی) و بەتایبەتیش دەوڵەتی بوهییەکان (٩٤٥ زایینی – ١٠٥٥ زایینی) خۆیان بەبەردەوامیدان بە دەوڵەتی ساسانییەکان دادەنا.




دەوڵەتی بوهەییەکان
*(Kaynak: https://www.turkcebilgi.com)*

گرنگیدانی خێزانی بوهەییەکان بە بیرو باوەڕی شیعەگەری دووبارە ڕەمزی ژیاندنەوەی دەوڵەتی ئێران بوو. بوهەییەکان تەنها خۆیان بە نووسینی پەهلەوییەکان و زمانی عەرەبی نەبەستەوە بەڵکو لەگەڵ ئیسلام دەستیان کرد بە پاڵپستی کردنی زەردەشتیەکانیش بە یەکسانی(١٤). لە دوای ئەم قۆناغەش لەلایەن ئێرانییەکان خاکی ئێران وەک جوگرافیای مەهدی لێکدراوەتەوە.


لە سەردەمی دەسەڵاتداریتی تورکەکان ئەم بارودۆخە زیاتر بەهێز بوو. ئەو هۆزە تورکانەی کە لە دەشتەبەرزەکان هاتبوون بە ئاوێتە بوون لەگەڵ ئێرانییەکان پێکهاتە و فۆرمی دەوڵەتی (ئێران – تورکیا)یان دروستکرد، باڵی سەربازی تورکەکان، نوێنەرایەتی بیرۆکراسیەتی ئێرانییەکان (فارسەکان)نیان دەکرد. هەروەک ئەوەی لە تەواوی مێژووی ئێراندا ئەو کۆچەرییانەی

که له باکوورەوە هاتبوون، زیندووکردنەوە و تازەکردنەوەی خوێنی دەوڵەتی ئێرانییان دەستەبەر کرد. بۆ نموونە لە سەردەمی غەزنەوییەکان (٩٦٣زایینی – ١١٨٦زایینی) کە لە شانامەی فیردەوسیدا ئەوە نیشاندەدات کە تورکەکان تا چ ڕادەیەک کاریگەربوونە بە کلتووری ئێرانی. دەوڵەتی سەلجوقیەکانیش (١٠٣٧زایینی – ١١٥٧زایینی) دوای ئەوان، ئێرانیان وەک مەرکەزی ئیمپراتۆری ساسانییەکان دووبارە بە ناوەند بەستەوە. دەوڵەتی سەلجوقی، بنەما و پێکهاتەی دەوڵەتی لەگەڵ زمانی دەوڵەتی، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر لە تایبەتمەندی دەوڵەتی ئێران وەرگرت، تەنانەت ناوی دەسەلاتدارەکانیش بە فارسی کرابوون. بەپێی دیدگای نووسەرێک کە دیاریکردووە ناوی (Alpaslan) ئالپئەسلان (شێرە قارەمان) هەم لە وشەی ئالپ (قارەمان) و هەمیش لە وشەی ئەسلان (شێر): ناوی (Melikşah)ش مەلیکشا (شای مەلیک) هەم لە وشەی (مەلیک) هەمیش لە وشەی (شاە) پێکدێن. دوای سەلجوقییەکانیش هەموو ئەو خانەدانە تورکانەی دەسەلاتداریێتی ئێرانییان بە دەستەوە بووە، وەک شای خوارزمیەکان (١١٣٨زایینی – ١٢٣٠زایینی) لە جیاتی نازناوی شاە نازناوی خانەدانیان هەڵبژاردووە.




دەوڵەتی مەزنی سەلجوقیەکان
*(Kaynak:http://www.bilgilerforumu.com/forum/konu/buyuk-selcuklu-devleti-hakkinda-ansiklopedik-bilgi.680704/)*

لە دەرئەنجامدا، دەوڵەتی مەزنی سەلجوقی کە ناوەندەکەی لە ئێران بووە، لە سەردەمی ئەخمینیەکان و ساسانییەکان یەکگرتوویی خاک و ناوچەی نفوزیان سەرلەنوێ هێنایەوە ئاراوە. دەوڵەتی سەلجوقی هەرچەندە لە ڕووی کلتوور و ئەتنیکەوە تورک بوو بێت، بەڵام لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە بۆ ئەوەی ناوەندی دەوڵەتەکەیان ئێرانی بێت نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئێرانییان دەکرد، کۆکردنەوەی دەوڵەتی ئێرانیش لە سەردەمی خوارەزم شاه بەردەوام بوو. لە سەدەی سێزدەدا دوای ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی جەنگیزخان وەک ئیمپراتۆرییەتێکی ئێرانی هەژمارکرا لەگەڵ دەوڵەتی دروستکراوی مەغۆڵەکان دەوڵەتی ئێستای ئێرانیان زیندووکردەوە.




*(http://ataturk.org.au/turk/turk-tarihi/)*

کاتێـک مــەغۆڵەکان لە ناوچەکــانی ئاســیای ناوەڕاســت لەگەڵ چاگتاییەکـان لە ململانـێ دابـوون، قەفقاسـیەکانیش لەگەڵ سـوپای زێــڕین (Golden Horde)، لە ســـەردەمی دواتریشـــدا لەگەڵ ڕووخـانی سـوپای زێـڕین ڕووسـیا لە ناوچەکـانی قەفقاسـیا وەک نەیـارێکی ئێرانــی دەرکەوت. لە ڕۆژئاواشــدا ئێـران بـۆ ئەوەی دەسـت بگرێـت بەسـەر خـاکی عێـراق و سـوریا بە بەردەوام لە ململانێ دابـووە لەگەڵ مەمالیکیەکـان. لەسـەرەتادا ململانێی نێوان هۆلاکـۆ کە بنیـاتنەر و دروسـتکەری دەوڵەتـی مەغۆڵەکـان بـوو لەگەڵ یەکەم پادشـای موسـلمان لە سـوپای زێـڕین کە نـاوی شـا بەرکە بـوو و پادشــای مەمالیکیەکــان (بایبــارس) وەک ململانێــی ئـایین لێکدانەوەی بـۆ دەکـرا. هەروەهـا پادشـاکانی مەغـۆڵ پـاش هۆلاکــۆ کە ئــایینی ئیســـلامیان پەســـەند کــرد، مەغۆڵەکـــان ململانێکانیـان لە بـاکوور لەگەڵ ڕۆژئـاوا کۆتـایی پێنەهـات. کەواتە لێـــرەدا گرنگتـــرین فـــاکتەری ئەو ململانێـــیەش کۆدەکـــانی جیۆپـۆلیتیکی دەوڵەتـی ئێـرانە. بە مانـایەکی دی، ئەو دەوڵەتـانەی

لەسـەر خـاکی ئێـران دروسـتکراون واتە ناوەنـدی دەوڵەتەکانیـان خـــاکی ئێـــران بـــووە، لەبەر فـــاکتەری جوگرافیـــا وبســـتی بڵاوبوونەوەیـان بە ئاراسـتەی بـاکوور بـۆ ناوچەکـانی قەفقاسـیا، ئاراسـتەی ڕۆژهەڵاتـیش بـۆ ناوچەکـانی ئاسـیای ناوەڕاسـت و بەتـایبەتیش ئاراسـتەی ڕۆژئـاوا بـۆ ناوچەکـانی دەریـای سـپی هەبووە.




*(http://ataturk.org.au/turk/turk-tarihi/)*


لە کۆتاییەکـانی سـەدەی چـواردەدا دەوڵەتـی تەیمـور کە ناوەنـدی لەسـەر خـاکی ئێـران بـوو، لە ڕۆژئـاوادا لەگەڵ بایەزیـدی یەکەمـی دەوڵەتی عوسـمانییەکان، لە باکووریشـدا لەگەڵ سـوپای زێـڕین لە جەنــگ و ململانــێ دابــوو. لە دەرئەنجــامی ئەم جەنگانەشـــدا بە لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی سـەردەمی فەترەت دەسـتی پێکـرد، هەرچۆنێک بێت ئەو کاتەش دەوڵەتی سوپای زێـڕین لەسـەردەمی دابەشـبوون دابـوو. لەم بارودۆخەشـدا ڕووسـەکان ئەم هەڵەیـان قۆســتەوە لە بــاکووردا بەرە بەرە لە پێشــڤەچوون دابــوون بــۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی پاشماوەی مەغۆلەکان.




*(http://ataturk.org.au/turk/turk-tarihi/)*

له ســـەدەکانی شـــانزە و حەڤـــدەدا خانەدانەکـــانی ســـەفەوی دەرکەوتـــن، ئەو خـــاکەی لەخـــۆدەگرت کە ئەمـــڕۆ بە ئێـــران ناودەبرێـــــت. ســــــەفەوییە ئێرانییەکـــــان لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئۆزبەگەکان، لە ڕۆژئاواشـدا لەگەڵ عوسـمانییەکان لەشـەڕدابوون. هەرچەنـدە لەم جەنگـانەدا ململانێیەکـان وەک ململانێـی ئـایینی لە نێوان مەزهەبی شیعە و سوننە لێکدەدرانەوە، بەڵام لە ڕوانگەی بـــابەتی ئـــێمە کە باســـمان کـــردووە، ئەم جەنگـــانە بە جەنگـــی بەرژەوەنـدییە جیۆپۆلیتیکییەکـان هەژمـار دەکـرێن. چـونکە هەر یەکە لە عوســـمانییەکان، ســـەفەوییەکان و ئۆزبەگەکـــان لەســـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی خۆیـان گوتـاری ئایینییـان بەکارهێنـاوە. لە ڕوانـــگەی جیۆپۆلیتیـــک و سیاســـەت، بـــۆ گەیشـــتن بە ئامـــانجە سیاســـییەکان ئـــایین وەک ئامرازێـــک لێکـــدانەوەی بـــۆ کـــراوە. ســــەفەوییەکان لە ئەوروپــــا لەگەڵ هاپســــبۆرگ و بەتــــایبەتی

هەوڵەکــان بــۆ دروســتکردنی هاوپەیمــانی لەگەڵ ڕووســەکان لەسەر بنەمای پشتبەستن بە قەفقاسیەکان لە دەریای سپی ، لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی ئێرانی وابەستەگی ئاایینی هەموو کات دیارترین سنبولی بەکارهاتوو بووە.
هەروەک دەبینرێت لە سەردەمی کۆنەوە خاکی ئێران ناوەندی دروستبوونی هەموو ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتانە بووە کە ناومان بردن، جگە لە سەردەمی ئەمەوییەکان کە ئێران سەنتەری دەوڵەت نەبووە. ئەم دەوڵەتانەش لە ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست، لە باکوور لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەی ئۆراسیا، لە ڕۆژئاواشدا لەگەڵ میسر و دەوڵەتانی ناوەندی ئەنادۆڵ لە بارودۆخی ململانێ دابوونە، بە تایبەتی لە باکوور لەگەڵ دەوڵەتەکان لە کۆشش دابوو کە ئەمڕۆ بە خاکی عێراق و سوریا ناودەبرێت.





نەخشەی دەولەتی سەفەوی لە بەهێزترین سەردەمیدا
*(Kaynak: http://www. keywordsgod.com/)*

ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی کۆتا دەوڵەتی بەهێز بوو کە لەسەر خاکی ئێران دروستبوو(١٥٠١ زایینی – ١٧٣٦ زایینی). لە سەردەمی ئێستاشدا بیرۆکەی دەوڵەتی ئێران بەهەمان شێوەی سەردەمی سەفەوییەکان بنیاتنراوە. پشتبەستن بە سەفەوییەکان وەک خانەدان، پشتبەستن بە بیرۆکەی شیعەگەری وەک ئایدۆلۆژیا لە نێوان دەریای قەزوین و کەنداوی عەرەبی (بەسرە) بە شێوەیەکی ئاشکرا و راگەیەنراو بنەمای دەوڵەتێکی ئێرانی زۆر بەهێز سەریهەڵدا. دوای سەفەوییەکان هاتنی ئەفشارییەکان (١٧٣٦ زایینی – ١٨٠٢ زایینی)، زەندییەکان (١٧٥٠ زایینی – ١٧٩٤ زایینی) و قاجارییەکانیش (١٧٩٤ زایینی – ١٩٢٥ زایینی) دەوڵەتەکانی خۆیان لەسەر خاکی ئێران دروستکردووە، واتە خاکی ئێران مەرکەزی ئەو دەوڵەتانە بووە و هەر یەکێکیش لەم دەوڵەتانە بە تەواوکەری ئەوی دی دانراوە. دروشمی "یەک دەوڵەت"، "یەک میللەت"ی ڕەزا شای پەهلەوی گوزارشت نەبوو لە شارستانیەتی کۆنی خاکی ئێران بەڵکو گوزارشت بوو لە بەیەکەوە بەستنەوە و پێکەوە گرێدانی پاشماوە و میراتی سەفەوییەکان[١٥]. *لە سەردەمی ئێستاشدا دروشمی "باخچەی دواوە" یان "ناوچەی نفوس" یانیش "ئێرانی مەزن" کە دەوڵەتی ئێران مەبەستی پێ ئەو ناوچانەیە کە زۆرینەی دانیشتووانیان پێکهاتەی مەزهەبی شیعەن و وابەستە و گرێدراون بە خاکی خانەدانە کۆنەکانی شیعەی ئێرانی.*

**٣. شوێنی ئێران له‌ جیۆپۆلیتیکی جیهاندا**

ئێران شوێنێکی ناوەندی گرتووه‌ له‌ ڕوانگەی جیهانییەوە لەنێوان هێــزی دەریــای لەگەڵ ئەو هێــزە وشــکانییەی دروســتکراوە له‌ نـاوەوەی نـاوچەی ئۆراسـیا. لەم ڕویەشـەوە هەڵکەوتەی شـوێنی ئێران له‌ هەڵکەوتەی شوێنی تورکیا دەچێت. لەبەر ئەوەش ئێران له‌ ململانێی نێوان بەریتانیا که‌ خاوەن هێزی دەریایی بوو، لەگەڵ ڕووســیای قەیســەری خــاوەن هێــزی وشــکانی بــوو وەک کارتێکراوێـک دەردەکەوێـت، واته‌ له‌ "یـاری گەورە"ی مێـژووی نێوان ئەم دوو زلهێزە له‌ جیهان، ئێران که‌ دەکەوێته‌ نێو هیلالی ناوخۆ به‌ پێی تیۆری جیۆپۆلیتیکی ماکیندەر خاکی ئێران یەکێکه‌ لەو خاکانەی که‌ ململانێیەکی زۆری لەسـەره‌. لەو سەردەمیشـدا کاتێـک ئێــران له‌ باشــوورەوە لەلایەن هێزەکــانی بەریتانیــاوە دەسـتی بەسـەرداگیرابوو، هێزەکـانی ڕووسـیاش له‌ بـاکوورەوە خـاکی ئێرانیـان داگیرکردبـوو. ئێران بەهەمـان شـێوەی تورکیـا له‌ بــاکوورەوە لەبەرامــبەر ڕووســیا بەردەوام خــاکی خــۆی له‌ دەستدەدا.

لەمیـانەی سـەدەی بیسـتدا وڵاتـی ئێـران لەژێـر کـاریگەری و هەڕەشـەی جـدی هەم ڕووسـیا هەمـیش بەریتانیـا دابـوو. ڕەزا شـای پەهـلەوی که‌ دەوڵەتـی خـانەدانی قاجارییەکـانی ڕووخانـد و دەوڵەتـی خـانەدانی پەهلەوییەکـانی دروسـتکرد له‌ ئێـران، یەکێـک بوو له‌ ئەفسەرەکانی سوپای کازاخستانی که‌ لەلایەن ڕووسیاوە دروستکرابوو.




شوێنی ئێران لە یاری مەزن لە سەدی نۆزدەدا
*(Kaynak: http://www.conquerclub.com/forum/viewtopic.php?t=218427&p=4821183)*

سەرەڕای ئەوەی ئێران لە کاتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بێلایەنی هەڵبژارد، بەڵام لەبەر گرنگی شوێنی ئێران لەڕووی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیجییەوە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە داگیرکرا. هەروەک لە باسەکانی پێشوودا باسکراوە ئێران دەکەوێتە نێو پشتێنەی کەناری جیۆپۆلیتیکی سپایکمان، ئەمەش هەم لەلایەن ئەمریکاوە هەمیش لەلایەن ڕووسیاوە بە وڵاتێکی گرنگ و پڕبایەخ هەژمارکرابوو. کاتێک هەوڵەکانی دەوڵەتی ڕووسیا لە ئێران شکستی هێنا لە دروستکردنی ڕژێمێکی کۆمۆنیستی، ئاراستەی ئێران بە تەواوی گۆڕدرا بۆ لای ڕۆژئاوا، لە باشوریشدا وەک دەوڵەتێکی گرنگ دەرکەوت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەورەدان کە ئەمریکا بە درێژایی ماوەی جەنگی سارد لە بەرامبەر ڕووسیا پەیرەوی

دەکـرد. لە دەرئەنجـامی ئەمەشـدا بە درێژایـی مـاوەی جەنگـی ساردی نێوان ئەمریکا و رووسیا تـا شۆڕشـی ئیسلامی ئێران لە سـاڵی ١٩٧٩ ئێـران لە چوارچێـوەی بلـۆکی ڕۆژئـاوا شـوێنی گرتبـوو کە ئەمریکـا ڕێبەرایەتـی دەکـرد لە بەرامـبەر بلـۆکی ڕۆژهەڵات کە لەلایەن دەوڵەتی ڕووسیاوە ڕێبەرایەتی دەکرا.

لە ئێسـتادا ئەو خـاڵەی پێـی گەیشـتووین ئەوەیە کە ئێـران هەم لەلایەن ئەمریکـاوە هەمـیش لەلایەن ڕووسـیاوە بە ئەکتەرێکـی گرنـگ دادەنرێـت. کاتێـک لە ڕوانـگەی ئەمریکـاوە سـەیر دەکەیـن هەرچەنـدە ئێـران وەک دەوڵەتێکـی دوژمـن و نەیـاری ئەمریکـا بناسین، بەڵام لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە ئێران بۆ ئەمریکا گرنگە. جیۆپۆلیتیکناسـی ئەمریکـی زبیگنیـو برجنسـکی (Zbigniew Brzezinski) لە پەرتوکەکیدا بەنـاوی" *تەختەی شـەترەنجی مەزن: ئەولەویەتـی ئەمریکـا و داواکارییە ستراتیجیەکانی*"، هەر یەکە لە ئێـران، تورکیـا، ئازەربایجـان، ئۆکراین و کۆریـای باشـوور وەک دەوڵەتانێـک پێناسـەیان دەکـات کە خـاوەنی گرنگـی سـەرەکین لە ڕووی جیۆپـۆلیتیکییەوە، دواتـر هەریەکە لە ئێـران و تورکیـا بە جیـا لەسـەر ئاسـتی نـاوچەکە بە شـێوەیەکی بەرچـاو تایبەتمەنـدییەکی جیۆسـتراتیجیان پێـدەدات[١٦]. لەبەر ئەوە ئەکتەریکـی وا گرنـگ لەسـەر ئاسـتی نـاوچەکە ناکرێت لەبەرچـاو نەگیرێت. تەنانەت بە گوێرەی ڕوانـگەی برجنسکی بە شێوەیەکی بەرچـاو ئێـران لە ناوچەکـانی ئاسـیای ناوەڕاسـت و قەفقاسـیادا، بـۆیە لە ڕوانـگەی پـۆلیکردنی یاریکەرەکـان زۆر گـرنگە لەبەرئەوەی بـۆ هاوسـەنگی هاوکێشـەکان بەلای ڕووسـیا کاردەکـات، ئەمە سـەرەرایی هەلوێسـتە دژبەرییەکـان ئێـران

لەبەرامبەر ئەمریکا لە ئێستادا، هەروەها لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی (بەسرە) ڕۆڵی بێلایەنی دەگێڕێت لە هەڵوێستی سەربەخۆیی تاران لە ڕوانگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە (١٧). سەربارى ئەمانەش لە شوێنێکی تردا نوسەر بەم شێوەیە گوزارست لەم باردۆخە دەکات(١٨).

*"ئەولەویاتی ستراتیجی ئەمریکا و ئێران بە دڵنیاییەوە بە هیچ شێوەیەک وەکو یەک نین، زۆربەی کات لەگەڵ یەکدا نەگونجاون. هەرچۆنێک بێت، بەتایبەتی لە ڕووی بەدەسهێنان و گەیشتنی باردۆخی عێراق و ئەفغانستان بە سەقامگیری بەرژەوەندییەکانی هەر دوو دەوڵەت یەکدەگرێتەوە. لەو ڕووەوە هەردوو دەوڵەت، واشینتۆن لەگەڵ تاران لە ماوەی کورت مەودا لە پێداویستییەکان و دوور مەوداش لە ڕوانگەکان لە یەکدەچن. هەرچەندە هەردوو لایەن جیاوازن لە وردەکارییەکانیان، بەڵام هەم ئەمریکا هەمیش ئێران بەرپرسن لەوەی کە ڕێز لە هاوڵاتیانی عێراق و ئەفغانستان بگرن بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە، بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بژین کە دەوڵەتەکان مەبەستیانە."*


بە واتایەکی دی، سەربارى هەبوونی پەیوەندی کێشەداری دوولایەنەی ئەمریکا و ئێران، بەڵام ئەمریکا ڕەچاوی گرنگی جیۆپۆلیتیکی ئێران دەکات.

کاتێک لە ڕوانگەی ڕووسیاوە سەیر دەکەین، بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی لە پەرتووکە جیۆپۆلیتیکیەکەی جیۆپۆلیتیکناسی بەناوبانگی ڕووسی ئەلێکساندر دوگین (Aleksandr Dugin) دیاریدەکات کە بە شێوەیەکی گشتی جیهانی

ئیسلامی لە تەوەری ڕۆژئاوای باکووری ناوچەی ئۆراسیا پێکدێت. بەگوێرەی دیدگا و بیرۆکەی دوگین جیهانی ئیسلامی دابەشدەکان بۆ سەر چوار بەش: ئێران، تورکیا، ناسیۆنالیستی ئایینی عەرەبی (وەهابییەکان) و عەرەبە چەپەکان لەخۆدەگرێت. پشتبەستن بە تێزی دوگین لێرەدا پێویستە ڕووسیا ئەولەویانی خۆی بە ئێران بدات. چونکە بەپێی بۆچوونی ناوبراو هەریەکە لە تورکیا و ناسیۆنالیستە ئاینییە عەرەبەکان (وەهابییەکان) بە ئاراستەی ئەمریکان و لەژێر سەرکردایەتی ئەمریکادان. لە ڕێگەی هێڵی مۆسکۆ – تاران دەبێت لە تەوەری باشوور ئیمپراتۆرییەتی ناوچەی ئۆراسیا پێکبهێنرێت کە دوگین باسی دەکات. ستراتیجیە هەڵەکانی مۆسکۆ لە ناوچەکەدا هەتا ئێستا هەوڵەکانی بە ئاراستەی دابەزینی ئاوەکانی باشوور، بەڵام لە دوای ئەم لێکنزیک بوونەوەیەش وەک ستراتیجی ڕاست ئەم تایبەتمەندییە دەستەبەر دەکات. لێکنزیک بوونەوەی ئێران و رووسیا، کردنەوەی دوورگەکان لە ئۆقیانووسی هیندیدا، سیاسەتی دەورەدانی ناوچەی ئۆراسیا تێکدەشکێنێ کە ئەمریکا پەیڕەوی دەکات. بەم شێوەیە دوگین ئێران وەک هاوبەش و هاوپەیمانی ڕووسیا لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسیا شرۆڤە دەکات(١٩).

هەرچەندە ئەگەر بیرۆکەکانی دوگین زۆر توند بن، ناوبراو خۆی ڕاوێژکاری سەرۆکی دەوڵەتی ڕووسیا فلادیمیر پۆتینە، کە تا ڕادەیەک ئەمە گوزارشتە لە ڕوانگە و بۆچوونی دەسەڵاتداریێتی ڕووسیا لەبارەی ئێران. باشبوون و پێشڤەچوونەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا، وەک دەرکەوتنی

ئاشـــكراترین نیشـــانەیە لەوەی کە مۆســـکۆ ئێـــران بە گرنگـــی جیۆپۆلیتیکی خۆی دەزانێت.




نەخشەی ڕووسیا – ئۆراسیا ی ئەلێکساندر دوگین
*(Kaynak: http://4pt.su/sk/node/169)*

هەروەک لە نەخشـــەکەدا دیـــارە، بە ئاراســـتەی باشـــووردا ئێـــران گرنگترین دەوڵەتە بۆ ڕووسیا. هەروەها، دوگین ئێران لە جیهانی ئیســـلامیدا وەک هاوکـــار وهاوبەشـــێک دەبینێـــت و هەڵکـــردن و کارکردنی ڕووسیا لەگەڵ ئێران لە جیهانی ئیسلامیدا ئەو هەستە دژە کاڵدەکاتەوە کە لە جیهانی ئیسلامی بەرامبەر ڕووسیا هەیە.
لە دەرئەنجامدا هەم مۆسکۆ هەمیش واشنتۆن هەوڵدەدەن ئێران بـــۆ لای خۆیـــان ڕابکێشـــن، لەم چوارچێوەیەشـــدا هەڵوێســـتی ســـەربەخۆی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران وا نیشـــاندەدرێت کە هەردوولا ڕەزامەنـــدن پێـــیەوە، ئێـــرانیش هەســـت بەو گـــرنگیە جیۆپـــۆلیتیکی و جیۆســـتراتیجییەی خـــۆی دەکـــات. ئەم درک پێکـــردنەش ئەو کـــاتە دەردەکەوێـــت کە ئێـــران پەیوەنـــدی نزیکـــی خـــۆی لەگەڵ ڕووســـیا دروســـت دەکـــات و لەگەڵ ئەمریکـــاش

تەواوی دەرگاکـــان بە کراوەیـــی دێڵێـــتەوە بە ڕێگریکـــردن لە شکستەکان. بەهێزبوونی ئەو گروپانەی کە خۆیان بە لایەنگری ڕۆژئاوا دادەنێن لە ئێران وەک ڕیفۆرمخوازەکان و میانڕەوەکان، لە ڕاستیدا ئەم گروپانە بە ئەرێنیترین نیشانە دێنە بەرچاو بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا. شوێنی هەڵکەوتەی ئێران لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا لە پرۆسەی ئەندامێتی ئێران لە ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای دەبینرێت. بە پێی بۆچوونی زانای ڕووسی دمیتری ترێنین (Dmitri Trenin)، ئێران بەردەوامە لە تاقیکردنەوەی پەرۆشیەکانی خۆی بە مەبەستی بوون بە ئەندامی تەواو لە ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای[٢٠]. ئەگەر سەرنج بدەینە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ئێران، دەبینین هۆکاری سەرەکیە لەوەی کە ئێران پەیوەنیەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیا گەشە پێ بدات، لە هەمان کاتدا دەیەوێت مانەوەی وابەستەبوونی بە ڕووسیاوە بەند بێت. لەلایەکی تریشەوە لەوانەیە ئێران نەیەوێت تەواوی دەروازەکانی لەگەڵ ئەمریکا دابخات.

لەڕووی جیۆپۆلیتیکی جیهانییەوە ئێران بە تەواوی لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا دەوەستێت. لەم هاوکێشەیە چین وەک بەرزکەرەوەی هێز کە ئێرانی لە دەستە دەیەوێت بەهێزی بکات هەم لە بەرامبەر ئەمریکا هەمیش لە بەرامبەر ڕووسیا. کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە ئاراستەی ناوچەی ئۆراسیا دەچێت، لەسەر ئەم بنەمایەش لێرەدا تەوەرە (مۆسکۆ- پەکین – تاران) پێکدەهێنرێت. ئەم تەوەرە سێ قۆڵیەش کە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتە، ئەگەر تورکیا بخەینە سەر ئەم تەوەرەیە ئەو کات دەتوانرێت ناوبنرێت ئۆراسیای چوار

قـۆڵی کە لە تەوەری (مۆسـكۆ – پەكـین – ئەنـقەرە – تـاران) پێکدێت. ئێـران بـۆ ئەوەی لە هێڵـی بـاکووری ڕێگـای ئاوریشـمی نوێ جێگیربێت، هەم بـۆ ئەنقەرە هەمـیش بـۆ پەکین ئەکتەرێکـی جیۆئێکۆنـۆمی گـرنگە، لێـرەدا بە دڵنیـاییەوە گرنگـی ئێـران زیـاتر دەبێت لە سیاسەتی جیهانی، هەرچەندە جیهـان لە پێکهاتەی تـاک جەمسەرییەوە بەرەو فرە جەمسەری بڕوات.

## ٤. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئەگەر لە ڕووی جیۆپـۆلیتیکی هەرێمیـیەوە ئێـران وەربگـرین، لە ڕۆژئـاوای ئاسـیا، باشـووری ئاسـیا، ناوەڕاسـتی ئاسـیا وشـوێنی بەیەک گەیشـتنی قەفقاسـییەکان، ئێـران وڵاتێکـی گـرنگە. ئێـران خـۆی وەک ناوەنـدی جیهـانی ئیسـلامی بەنـاو دەکـات، ئەم هەڵکەوتە ناوەندییەش لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕوون و ئاشکرا ئاماژەی پێکراوە[٢١].

*"بەگـوێرەی ئـایەتی پیـرۆزی قورئـان (بەڕاشـکاوی، ئەو کۆمەڵگەیەی ئێوە تەنها یەک نەتەوەیە، منیش خودای ئێوەم، بەم شێوەیە گوێم لێ بگرن(٢١:٩٢))، لە هەموو موسلمانەکان تەنها یەک نەتەوە دروست دەبێت، بەرپرسیاریەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تەواوی موسلمانانە بە ئامانجی گەشەپێدانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان هەموو موسلمانان. ئێران لە کۆشس کردن بەردەوامە بۆ دیاریکردنی سیاسەتی گشتی و وەدیهێنانی یەکگرتووی سیاسی، ئابووری و کلتووری جیهانی ئیسلامی".*

لێرەدا ئێران تەنها خۆی ناوزەند ناکات بۆ مەرکەزییەتی جیهانی ئیسلامی بەڵکو لە هەمان کاتدا خۆی وەک ناوەندی بەرپرسیار دەناسێنێت بۆ ئومەتی ئیسلامی. هەروەک دەبینرێت گوتاری بەرپرسیاریەتی وەکو کاریگەرترین ئامراز بەکارهاتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجە جیۆپۆلیتیکیەکان. گوتارەکانی وەک "بەرپرسیاریەتی پاراستنی هاوئایینی"، "بەرپرسیاریەتی پاراستنی هاوخوێنی"، "بەرپرسیاریەتی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی"، ئەم چەمکانە لەلایەن تەواوی وڵاتە زلهێزەکان بەکارهاتوون. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەموو موسلمانانی جیهان وەک یەک میللەت دەبینێت و خۆیشی لەبەرامبەر تەواوی موسلمانان لە جیهان بە بەرپرسیاد ادەزانیت. ئەم گوتارە لە ڕووی جیۆپۆلیتیکیەوە زەمینەسازی گونجاوی هێناوەتە ئاراوە لەوەی کە ئێران ڕەوایەتی بدات بە دەستوەردانەکانی خۆی لە کاروباری وڵاتانی موسلمان لە جیهاندا.

لەبارەی دەوڵەتانی دەرەوەی جیهانی ئیسلامی، ئێران لە بەرامبەر دەوڵەتانی چەوسێنەر پاڵپشتی لە چەوساوەکان یانیش لە بەرامبەر دەوڵەتانی ستەمکار پاڵپشتی لە دەوڵەتانی مەزلوم دەکات. لەم ڕووەشەوە لە ماددەی (١٥٤)ی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەمکەکانی "مستعضفون" (چەوساوەکان و مەزلومەکان) و "مستکبرون" (چەوسێنەرەکان و ستەمکارەکان) بەکارهاتوون[٢٢].

*"کۆماری ئیسلامی ئێران، لە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئاسودەیی مرۆڤایەتی وەک و بیرۆکە پەسەند دەکات و سەربەخۆیی، ئازادیی، دادپەروەریی سەروەری یاسا بۆ تەواوی*

*مــرۆڤ وەک مــافێکی ڕەوا دەبینێــت. بەگــوێرەی ئەمەش، بە ویـژدانەوە ڕێگـر دەبێت لەبەرامبەر دەستوەردانی دەوڵەتێک لە کاروبـاری دەوڵەتێکـی دی، (مستعضـفون)ەکان لە هەر شـوێنێکی جیهاندا بێ، ئێران پاڵپشتیانە لەبەرامبەر (مستکبرون)ەکان".*

کاتێــک دێیــنە ســەر باســکردنی شــەرعیەتدان هەوڵەکــانی جیۆپـۆلیتیکی ئێـران، وا نیشــان دەدرێـت کە ڕژێمــی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران شــەرعیەتی سیاســەتی دەرەوەی خــۆی لە ئایەتەکــانی قورئــانی پیــرۆز وەرگرتــووە، لە دەستوریشــدا بە ئاشکرا ئاماژەی پێدراوە. لە بەشی پێشەکی دەستوری کۆماری ئیســلامی ئێرانــدا کە بە ناونیشــانی "ســوپای ئایــدۆلۆژی"، پەرەگرافەکە بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشت لە سوپای ئێران دەکات[٢٣]:

*"لە دروســتکردنی هێزەکــانی بەرگــری و پڕچەککــردن وەک بنچینـەی سـەرەکی بیروبـاوەڕ و ئایـدۆلۆژیا پێویسـتە جەختـی لەسـەر بکرێتەوە. بەگوێرەی ئەمەش، سوپای کۆماری ئیسلامی ئێـران و هێزەکـانی پاراسـتنی شۆڕشـی ئیسـلامی بە گونجانـدن لەگەڵ ئەم ئامــانجە ڕێکــدەخرێت. ئەو هێــزانە ئەرکیــان تەنهــا پاراســتنی ســنورەکانی دەوڵەت نــیە، بەڵکــو لە هەمــان کاتــدا پەیڕەوی ئایدۆلۆژی "جیهاد لە ڕێگای خودا" جێبەجێکار و لایەنـی بەرپرسیار دەبن. ئەمەش مانای وایە ئەو هێزانە لەسەرتاسەری دونیـا بـۆ بەرفـراوان بـوونی سـەروەری یاسـاکانی خوداوەنـد کـاردەکەن. ئەمە لەبەرامـبەر ئەوانـدا (نەیارەکـان) دەتـوانن هێـز و سـوارچاکی ئامــادە بــکەن بە قەد ئەوەی پێیــان کـۆدەکریتەوە، لەگەڵ ئەمەشــــدا هەم دوژمنــــی خــــودا و هەم دوژمنــــی ئەو*

*مرۆڤانەی کە دوژمنی ئێوەن، هەروەها ئەوەی ئێوە نازانن، بەلام خوداوەند دەزانێ، دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت".* ئەمەش لەگەڵ *ئایەتی قورئاندا* یەکدەگرێتەوە و دەگونجێت.

لەدەرئەنجامدا، ئێران خۆی بە ناوەندی جیهانی ئیسلامی دادەنێت. لەڕاستیشدا لە ڕووی جوگرافیەوە ئێران لە مەرکەزی جوگرافیای ئیسلامیدا جێگیربووە.




نەخشەی جیهانی ئیسلامی

*(Kaynak: http://tamilhdmovie.xyz/map/map-of-asia-and-europe-pictures-2.htm)*

ئێران: دەکەوێتە ناوەڕاستی موسلمانە تورکەکان، موسلمانە عەرەبەکان و موسلمانانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەم نەخشەیەی سەرەوەشدا شوێنی ناوەندی ئێران دەردەکەوێت. لەم ڕوویەشەوە سەرنجدان لە بۆچوونەکانی هەڵگیرسێنەر و دروستکەری شۆرشی ئیسلامی ئێران خومەینی سوودی دەبێت لەوەی کە چۆن جیهانی دابەشکردووە. ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش بۆ پێنج بەش دابەشکردووە[٢٤]:

1. جیهانی ئیسلامی لەگەڵ ئێران
2. ئەو جیهانە ئیسلامیەی لە پاڵ ڕۆژئاوایە (عەرەبستانی سعودیە)
3. جیهانی کوفر کە دۆستی ئێرانن (چین – ڕووسیا – ڤەنزوێلا)
4. جیهانی کوفر کە دۆستی ئێران نین (ئەمریکا)
5. دوژمن (ئیسرائیل)

لەم ڕوانگەیەشەوە ستراتیجیستەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دروستکارانی بڕیار لە ئێران، جیهان بۆ سێ پشتێنە دروستدەکەن(٢٥).

1. پشتێنەی سەوز: ئەم ناوچەیە لە مالیزیاوە تا مەغریبی عەرەبی (فاس)ـە.
2. پشتێنەی سوور: ئەم ناوچەیە لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە تا ئاسیای ڕۆژهەڵاتە
3. پشتێنەی ڕەش: ئەم ناوچەیەش ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوایە

لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی پشتێنەی سوور گوزارشتە لەو وڵاتە نا موسلمانانە کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ ئێران دروستکردووە، پشتێنەی ڕەش ئەو دەوڵەتانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی نەرێنیان لەگەڵ ئێران هەیە، پشتێنەی سەوزیش گوزارشتە لە جیهانی ئیسلامی لە کە ژێر سەرکردایەتی ئێراندان و ئێرانیش بە تەواوی سەنتەری ئەم پشتێنەیە.

وەک ئەوەی ساموێل هانتینگتۆن (Samuel Huntington) دەست نیشانی کردووە، ئێران لە جیهانی ئیسلامی بەهێزترین دەوڵەتە

بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی گەورەی جیهانی واتە وڵاتێکی زلهێز، لە ڕوانــگەی دیــاردەی ئێرانــی، شــوێنی ناوەنــدی، دانیشــتوان، دابــونەریتی مێــژووی، ســەرچاوەکانی نەوت و ڕەهەنــدی گەشــەپێدانی ئــابووری ناوەنــدی. ســەرباری ئەوەی لە ٩٠٪ی موســلمانان لە جیهــان ســەربە مەزهەبــی ســوننەن و ئێــرانیش مەزهەبــی شــیعەیە. لەبەر ئەوە دەوڵەتــانی موســلمانی ســوننە نایانەوێــت ئێــران ڕێبەرایەتیــان بکــات[٢٦]. بــۆ ئەوەی شــێوازی گەیشــتنی نفــوزی ئێــران و نەخشــەیەکی ڕاســتی جیۆپــۆلیتیکی ناوەندێتی ئێران بکێشرێت، تابلۆیەک بەم شێوەیە دەردەکەوێت.




نەخشەی مەرکەزیەتی ئێران
*(http://iranfreedom.org/en/opinion/250-time-for-a-principled- principled-approach-on-iran)*

لێرەدا لەیەک کاتــدا بــۆ چــوار ئاراســتە دەڕوانێــت، لە بــاکووری ڕۆژهەڵاتــدا لەگەڵ ئاســیای ناوەڕاســت ســنووری هاوبەشــی دابەشــدەکات و لێــرەوە بە ئاراســتەی شــارەکانی ئاســیا، لە

باشـووری ڕۆژهەڵاتـدا لە ڕێـگەی ئەفغانسـتان و پاکسـتان بەرەو باشــووری ئاســیا، لە بــاکوردا لە ڕێــگەی قەفقاســیاوە بەرەو ئۆراسیا، لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاواشدا لە ڕێگەی عێراق و کەنـداوی عەرەبـی (بەسـرە) بە ئاراسـتەی ڕۆژئـاوای ئاسـیا و ئەفریقیـا دەکرێتەوە. ئەگەر ئەم ناوچانە بەیەکەوە گرێ بدەی لە بـواری جـوگرافی، مێـژووی، کلتـووری و سیاسـییەوە بە کـورتی جیــاوازی جیۆپــۆلیتیکی لە نێــوان ئەم ناوچــانە دەردەکەون. هەروەهــا ئەم ناوچــانە کاریگەرییــان لەســەر ئێــران هەیە و کۆدەکــانی جیۆپــۆلیتیکی لەم ناوچــانە جیــاوازن. بەگــوێرەی فلینت(٢٧) ئێران شـێوازی ئەو ئامرازانەی بەکارهـاتوون گۆڕانکـای بەسـەردادێت، لە ناوچەکـان هاوپەیمانەکـانی کە ئێسـتا هەیەتـی و لەگەڵ ئەو هاوپەیمانـانەی کە شـاراوەن، دوژمنەکـانی کە ئێسـتا بوونیـان هەیە و ئەوانەشـی کە دیـار نـین، بەرەو پێشـیان ببـات وگەشـەیان پێببـات، دوژمنەکـانی ئێسـتا و ئەو مەترسـیانەی کە دێنە پێش لە داهاتوودا.

لە بەشــەکانی داهــاتوودا بەگــوێرەی ناوچەکــان کۆدەکــانی جیۆپـۆلیتیکی ئێـران دەخەیـنە بەربـاس، هەروەک چـۆن ئەوەی لە سـەرەوەدا ئامـاژەی پێکـراوە، وەک ناوچەکـانی ڕۆژئـاوای ئاسـیا، قەفقاسـیا، ئاسـیای ناوەڕاسـت و باشـووری ئاسـیا. سـەرەتا لە ڕوانـگەی جیۆپـۆلیتیکی جیهـانییەوە بـایەخی ئەم ناوچـانە و ئەو سیاسەتەی کە ئێران بەرهەمی هێنـاوە لە دەرئەنجـامی کـاریگەری هێزە جیهانیەکان (زلهێزەکان) لەو ناوچانە، گفتووگۆیـان لەبـارەوە دەکرێـت. پاشــان جەخــت لەســەر ئەو ململانێـیە جیۆپـۆلیتیکییە دەکــرێتەوە کە هێــزە هەرێمییەکــان لە نــاوچەکەدا هەیــانە. بە

شـــێوەیەکی گشـــتی کاتێـــک هەر نـــاوچەیەک بەم شـــێوەیە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران ڕوون دەکرێتەوە.

## ٥. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا

### ١.٥. ڕۆژئاوای ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی

لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی چەمکی ڕۆژئاوای ئاسیا وەک نـــاوچەیەک لە چوارچێـــوەی ئەدەبیـــاتی پەیوەنـــدییە نێودەوڵەتییەکـــان وەک ڕۆژهەڵاتـــی ناوەراســـت بەکاردێـــت. بەکارهێنـــانی ئەم چەمـــکەش ڕەنگـــدانەوەی مەرکەزییەتـــی بەریتانیایە بۆ ناوچەکە. پاشانیش ئەم چەمکە لەلایەن ئەمریکاوە بە شـــێوەیەکی بەرچـــاو بەکـــارهێنراوە وەک گوزارشـــت لەو دەوڵەتانەی دەکەونە ناوچەکە. لەگەڵ هاتنی سالانی (٢٠٠٠)ەکان ئەمریکا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بە فراوان کردنی زیـاتری نـاوچەکە نـاوی نـا "پـرۆژەی ڕۆژهەلاتـی ناوەراسـتی گەورە". ئەو دەوڵەتـانەی دەکەونە نـاوچەکە ناونـانی جوگرافیـای خۆیـان لەگەڵ ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی نێودەوڵەتییدا، یەکێکە لـە بەرچـــــاوترین ئەو نموونـــــانەی کە لەلایەن دەوڵەتـــــانی دەستڕۆیشتووی ڕۆژئاواوە نیشان دراوە.

ڕۆژئـــاوای ئاســـیا و بـــاکووری ئەفریقیـــا، لە لاوازبـــوونی ئیمپراتـۆرییەتی دەوڵەتـی عوسـمانییەوە تـاوەکو ئێسـتا لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپییەکـانەوە جـێگەی سـەرەنج و خـاڵی وەسـتان و جەخـت کـردنەوە بـووە. لەو کـاتەوە تـا ئێسـتا ولاتە زلهێزەکـانی

جیهان بەردەوامی بە هەوڵەکانیان دەدەن لە بواری جیۆپۆلیتیکییەوە. لەسەدەی نۆزدەدا بەهۆی ئەوەی ناوچەکە کەوتبووە ناوەڕاستی ڕێگای بازرگانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا ببووە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ، لە سەدەی بیستیشدا لە ئەنجامی دۆزینەوەی بڕێکی زۆری نەوت گرنگی و بایەخی ناوچەکە گەیشتە ئاستێکی بەرز. هەروەها سەرباری ئەوە دروستبوونی ئیسرائیل لە سالی ١٩٤٨ گرنگی ناوچەکەی بۆ ئەمریکا وەک زلهێزێکی جیهانی بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی پێشووتر چەند بار زیاتر بوویەوە.




نەخشەی ڕۆژئاوای ئاسیا
*(Kaynak: http://picphotos.net/southwest-asia-map-political/)*

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانییەوە، دۆزینەوەی جێگیربوونی هێزی دەریای و هێزی وشکانی لە ناوچەکە بە واتای ئەوە دێت کە هەم لەلایەن واشنتۆنەوە هەمیش لەلایەن مۆسکۆوە گرنگی

تــايبەتی پێــدراوە. بەواتــايەكی دی، ڕۆژئــاوای ئاســيا دەكەوێــتە نــاوچەی نفــوزی ڕووســـيا و ئەمريكــا. لەبەرئەوەش دەوڵەتــانی نـاوچەكە بە ئاسـانی دەتـوانن پشـتگيری لە ئەمريكـا وەربگـرن لە بەرامبەر ڕووسيا، يـانيش بە پێچەوانەوە لە ڕووسـياوە پاڵپشـتی وەردەگـرن لە بەرامـبەر ئەمريكـاوە. ئەم بـارودۆخەش هۆكـاری سەرەكييە لەوەی ناوچەكە بكەوێتە نێو ناسەقامگيری زۆرەوە.

كاتێك لە روانگەی ئێرانەوە سـەير دەكرێت، دەتوانرێت بگوترێت ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسيا تەوەری پێشـەوە لە سياسـەتی دەرەوەی تـاران پێكدێنێت. چـونكە بە شـێوەيەكی كلاسـيكی پێگە و نفـوزی كۆمــاری ئيســلامی ئێــران لەم نــاوچەيە زۆر بەهێــزە. ئێــران بە درێژايــی مێــژوو لەگەڵ هاوســێيە ڕۆژهەڵاتييەكــانی بە دەگــمەن بەرەو ڕووی شـــەڕ بـــۆتەوە، لە كاتێكـــدا بە پـــێچەوانەوە لەگەڵ هاوســێيە ڕۆژئاواييەكــانی هەرچۆنێــك بێــت بە بەردەوامـــی لە دۆخـــی شـــەڕ دايە. هۆكــاری ئەمەش ئەوەيە كە لە ڕووخانــدنی خەلافەتی عەبباسييەكانەوە لە سـاڵی (١٢٥٨)ەوە تـا ئێسـتا لەسـەر خــاكی عێــراق دەوڵەتێكــی بەهێــز دروســت نەبــووە. دەوڵەتــانی ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسيا هەم لە سـەردەمی مەماليكيەكـان هەم لە ســـەردەمی عوســـمانييەكان لە نێـــوان ئێـــران و ئەو دەوڵەتـــانە دەستاودەســـتی پێكـــراوە. لە دوای ڕووخـــانی ئيمپراتـــۆرييەتی عوسمانييەكانيشـــەوە نـــاوچەكە لەلايەن دەوڵەتـــانی ئەوروپـــا و ڕۆژئـاوا ئاراسـتەكراوە. لەگەڵ كشـانەوەی دەوڵەتـانی ڕۆژئـاوا لە نــاوچەكە وەك ئەوەی لە عێــراق و ســوريا ڕوويــدا، دەتــوانن لە هەركاتێكدا ناسـەقامگيری لە نـاوچەكە بخـولقێنن و بەردەواميشـی پــێ بــدەن، دەوڵەتــانی نــاوچەكە دروســت كــراون لە ئەنجــامی

یەکگرتــووی بەهێــزی دەوڵەت و دەســتەبەرکردنی ســتەمکاری لەگەڵ ڕژێمەکان. لەڕاستیدا دروستکردنی ڕژێمێکی لەم شێوەیە وەکو ڕژێمی سەدام حوسێن. لە سالی ٢٠٠٣، لەگەڵ ڕووخانی ئەو ڕژێــمە لە دەرئەنجــامی دەســتوەردانی ئەمریکــا، عێــراق دووبارە بوو بە ناوچەی ناکۆکی و ململانێیە جیۆپۆلیتیکیەکان لە نێوان هێزە هەرێمییەکان لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لە نێوان هێزە هەرێمی و جیهانییەکان. دەوڵەتانی ناوچەکە کاردەکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشایی هێزە لە عێراق و هاوشانکردنی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیان. ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ناوچەکە کە لە پــێش هەمــوو دەوڵەتــانی دی دێت بــۆ پڕکــرنەوەی ئەم بۆشـــاییە. جـــگە لەوەش ئەو شـــەڕە نـــاوخۆییەی کە لە دوای (٢٠١١) لە ســوریا ســەری هەڵــداوە وەک هەمــوو دەوڵەتــانی ناوچەکە ئەمریکا و ڕووسیا دەستێکی باڵایان تێدایە، ئێرانیش لەم چوارچێوەیە لە هەوڵی زیادکردنی پێگە و نفوزی خۆیەتی لە سوریا.

## ٢.٥. ڕۆژئاوای ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی

لەسەر ئاستی ناوچەکە هەریەکە لە عەرەبستانی سعودیە، میسر و تورکیــا وەک ڕکــابەر لەبەرامــبەر ئێــران دەردەکەون. لە قۆناغەکانی ڕابردووشدا ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروســتکراون لەگەڵ ناوەنــدی ئەو ســێ دەوڵەتەی کە نــاوبران پەیوەنــدییان خــراپ بــووە. یەکەم خــاڵی هاوبەشــی بەیەکەوە گرێدانی ئەم سێ دەوڵەتە تێگەیشتنی خەلافەتە. هەروەک زانراوە خەلافەت ناوەنــدێتی جیهــانی ســوننەی ئیســلامیە، لە ســەردەمی

خەلیفەی ڕاشیدیندا لەسەر خاکی عەرەبستانی سعودیە لە ساڵی (١٢٥٨)ەوە تا (١٥٢٧) مەمالیکەکانی میسر و پاشان تا ساڵی (١٩٢٥) عوسمانییەکان دەسەڵاتداریێتیان هەبووە. ئەم خاڵەی کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە ئەوەیە کە هەریەکە لە عەرەبستانی سعودیە و ئێران لە ناکۆکی و ململانێی بەردەوام دان لەسەر بیری وەهابیزم و شیعەگەری. لەبەر ئەوەی میسر خۆی وەک سەنتەر دەبینیت لە جیهانی عەرەبیدا لە ناوچەکەدا لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی فارسی/ ئێرانی تێدەکۆشێت. تورکیاش وەک میراتگری دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە بەهەمان شێوەی میسر و عەرەبستانی سعودیە زیادبوونی پێگە و نفوزی ئێران بە هەڕەشە لەسەر بوونی لە ناوچەکە لێکدەداتەوە.

سەرباری ئەو سێ ڕکابەرەی کە لە ناوچەکەدا لەبەرامبەر ئێراندا دەبینرێن، لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکییەوە ئیسرائیل وەک ئەکتەرێکی نوێ لە ناوچەکە خاوەنی شوێنێکی ستراتیجی زۆر گرنگە سەبارەت بە ئێران. ئیسرائیل واتە بوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسایشی ئیسرائیل بۆ ئەمریکا لە هەموو شتێک گرنگترە لە ناوچەکە، واتە ئاسایشی ئیسرائیل لە ئەولەویاتی ستراتیجیەتی ئیدارەی دەوڵەتی ئەمریکا دێت لەسەر ئاستی ناوچەکە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە بە یەکەم دەوڵەت دێت کە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دروست دەکات. لەم بارودۆخەشدا ئەمریکا لە پێناو کەمکردنەوەی نفوزی ئێران لە ناوچەکە هەڵوێستی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە دژی ئێران بەکاردێنێت. ئەم خاڵەی ئێستا پێی گەیشتووین ئەوەیە کە ئێران هەر یەکە لە تورکیا، عەرەبستانی

سـعودیە، میسـر و ئیسـرائیل وەک ڕکـابەری سـەرەکی خـۆی دەبینیت.
سەقامگیری لە عێراق و سوریا بۆ تورکیا گرنگە. چونکە بوونی ڕژێمـی دەسـەڵاتدار لەم دوو دەوڵەتە لە دژی تورکیـا، بە مانـای بـوونی ئەنجامـدانی کـرداری ڕێکخـراوی تیرۆرسـتی دێـت لە بەرامـبەر تورکیـا. بـارودۆخێکی لەم شـێوەیە لە ڕوانـگەی ئەنقەرەوە بەهیچ شێوەیەک مایەی پەسەند نیە. بە واتایەکی دی، ئاسـایش و سـەقامگیری عێـراق و سـوریا بە واتـای ئاسـایش و سەقامگیری تورکیا دێت.
بەهەمـان شـێوە عەرەبسـتانی سـعودیەش بەهێزبـوونی ئێـران لە سـوریا و نـاوچەکە وەک هەڕەشـە لەسـەر ئاسایشـی خـۆی لێکـدەداتەوە. لە ڕاستیشـدا بەهێزبـوونی پـێگەی ئێـران لە عێـراق ڕاسـتەوخۆ هەڕەشـە لە عەرەبسـتانی سـعودیە دەکـات. چـونکە بەهێزبـوونی ئێـران لە عێـراق و سـوریا لە بـاکوورەوە لەلایەن ئێـرانەوە دەورە دەدرێـت. دوای کۆلۆنیـالیزم دروسـتبوونی هەریەکە لە دەوڵەتی عێراق و سوریا، عەرەبستانی سعودیە ئەو دوو دەوڵەتەی بە مەترسـی زانیـوە لەسـەر خـۆی. لەبەر ئەوە نـاکۆکی نێوان شـیعە و سـوننە بەرلەوەی مەترسـی بێت لەسـەر ئێـران، هەڕەشـە دروسـتدەکات لەسـەر خـاکی عەرەبسـتانی سعودیە. لەبەر ئەمەش بۆ ئەوەی ئێران لە سوریا شکست بێنێت عەرەبستانی سعودیە هەر کارێک دەکات کە لە دەستی بێت.
دەوڵەتـی میسـریش لە ناوچەکەکـاریگەری و پـێگەی ئێـران وەک هەڕەشـە لێکدەداتەوە لەسـەر ئاسایشـی خـۆی. چـونکە فـاکتەری شـیعە لە وڵاتەکەی بە ئاراسـتەی ئێرانـی دەڕوات. لەبەرئەوە بە

شێوەیەکی سروشتی شیعەکان و ئیسلامی سیاسی لە میسر لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن. جگە لەوەش بەهۆی ئەوەی میسر لەسەردەمێکدا ناوەندی فاتمیەکان بووە کە بالێکی نێو مەزهەبی شیعەکانن ئەمەش هۆکاری ئەوەیە میسر لە بەرامبەر ئێراندا دوو دڵی زیاتر بێت.

ئیسرائیل وەک ئەکتەرێکی ناوچەکە هەموو سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکە لەسەر بنەمای فراوانخوازی بنیاتناوە. عەرەبستانی سعودیە و میسر وەک دوو دەوڵەتی عەرەبی لە پیناو ڕازیکردنی ئیسرائیل لە دژی کێشەی فەلەستین دەوەستنەوە. لە کۆی دەوڵەتانی ناوچەکە تەنها ئێران و سوریا دەبینرێن وەک لایەنی دژ بە ئیسرائیل تێدەکۆشن. لەم ڕوانگەیەشەوە لاوازبوونی سوریا یانیش دابەشبوون و پارچەپارچە بوونی خاکی سوریا زۆرترین خزمەت بە بەرژەوندییەکانی ئیسرائیل دەکات. لەبەرئەوە کشانەوەی ئێران لە سوریا لە ئەولەویاتی ئیسرائیلە.

لە بەرامبەر هاوپەیمانی عەرەبی – ئیسرائیلی کە لایەن ئەمریکا پشتگیری دەکرێت، ئێرانیش کاردەکات هاوکێشەکان لەگەڵ ڕووسیا هاوسەنگ بکات. بوونی ڕووسیا لە سوریا دەستی ئێران بەهێز دەکات، هەروەها تەنگژەی نێوان ئەمریکا و تورکیاش لە بارەی (YPG-PYD) کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران دروستدەکات.

## ٣.٥. ئێران لە بەستێنی جیۆپۆلیتیکی شیعەدا

هەوڵە سیاسییەکان لەبارەی شیعە لە ڕۆژئاوای ئاسیا وایکردووە کە ناوی جیۆپۆلیتیکی شیعەی پێ ببەخشرێت. لەڕووی مێژووییەوە شیعە موسلمانەکان لە ئازەربایجان و تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئاسیا دەژین و بڵاوبوونەتەوە. بە تایبەتی شیعەکانی جیهانی عەرەبی کە نزیکایەتی و پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئێران هەیە. شیعەکان لە عەرەبستانی سعودیە و کوەیت وەک کەمایەتییەکی پەراوێزخراو دەبینرێن، لە بەحرێنیشدا زۆرینەیەکی پشتگوێ خراو پێکدێنن. هەر لەبەر ئەمەش تاران لە ناوچەکە لە ڕێگەی شیعەکانەوە سیاسەتێکی دەرەوەی ئەکتیڤ جێبەجێدەکات. بەگوێرەی بوچوونی نووسەر و ئەکادیمیسیەن (Bayram Sinkaya) بایرام سینکایا، ئێران بۆ ئەوەی بگاتە شوێنێکی کاریگەر لەو وڵاتانەی کە شیعەی تێدایە لە سیاسەتی دەرەوەیدا لە جیاتی سیاسەتی "ڕادیکالی شۆڕشگێڕی"، بڵاوبوونەوەی سیاسەتی "دیموکراسی ئایینی" وەک بنەمای سەرەکی دەبینرێت. لەبەرئەوە، هەروەک ئەوەی لە نموونەی عێراق هەیە، لە دامەزراندنی دیموکراسی ئایینی لە لوبنان، لە بەحرێن و وڵاتانی تر مافی نوێنەرایەتی لە بەڕێوەبردن بۆ شیعەکان دەستەبەر دەکات[٢٨]. سەرباری ئەوەش، ئەوەی لە نموونەی سوریا دەبینرێت، ئێران لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دەستوەردانە چەکدارییەکان سڵ ناکاتەوە.




ڕێژەی دانیشتوانی شیعە لە وڵاتان
*(Kaynak: http://www.passionforliberty.com/2013/09/)*

لە هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلیتیکی شیعە ئەو خاڵەی پێی گەیشتووە، لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لەگەڵ دابەشبوونی پێکهاتەی دەوڵەت لە عێراق تەوەرەی هیلالی شیعە لە ئێران، سوریا، عێراق و لوبنان بەشێکی جێگیرکرا[٢٩]. ئەم هیلالی شیعیەش یەکەم جار هەڕەشەیە بۆ سەر عەرەبستانی سعودیە. لە چوارچێوەی ئەم جیۆپۆلیتیکیە شیعیەشدا ڕکابەریێتی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران لە ئەولەیاتەوە دێت. ئەم ڕکابەریێتیەش وەک ناکۆکی مەزهەبی لێکدەدرێتەوە لەبەر هۆکاری ناسنامەی شیعەی ئێران و ناسنامەی وەهابی عەرەبستانی سعودیە. بەگوێرەی ئەوەی کە نووسەر (Arıf Keskin) عارف کەسکین دیاریکردووە[٣٠].

*"ئێرانیەکان دەسەڵاتی وەهابیزم وەک هەڕەشە لەسەر خۆیان دەبینن، نووسەر لەو باوەڕە دایە کە دژایەتی شیعە لە*

*وەهـــابیزمەوە ســـەرچاوەی گرتـــووە، وەک نیشـــانەیەکی ئەو بـــارودۆخەش ئەو گـــروپە ســـوننانەی کە ســـەربە قوتابخـــانەی وەهابیزم نین لە بەرامبەر شیعەکاندا وەک خاوەن هەڵویستێکی جیاواز لە وەهابیەکان ئاماژەی پێ دەکرێت. لە ئێستاشدا قاعیدە، تالیبان و هەندێک لە گروپە ئیسلامییەکان لە پاکستان بەهۆی ئەوەی دژایەتی شیعەکان دەکەن، وەها بیردەکرێتەوە کە ئەمانە وەهـــابی بـــن. لەبەر ڕەگوڕیشـــەی ئەم دوژمنـــایەتیەش ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران خومەینی وەسیەتنامەیەکی بەم شێوەیە کردووە بۆ ئێران: ئەگەر هاتوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ڕژێمی ســـەدام حوســـین ڕێککەوتـــن، بەڵام بە هـــیچ شـــێوەیەک لەگەڵ خێزانی عەرەبستانی سعودیە ڕێککەوتن ئەنجام مەدەن".*

هەروەها لە ڕوانگەی بابەتی ئێمە کە جیۆپۆلیتیکە ئەو ناکۆکییەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران ڕوو دەدات جگە لە ناکۆکی جیۆپـۆلیتیکی گوزارشـتێکی تـر هەڵنـاگرێ[٣١]. لێـرەدا فـاکتەری شـــیعە لەلایەن ئێـــران تەنهـــا وەک ئـــامرازێکی جیۆپـــۆلیتیکی بەکاردەهێنرێت.

سوریا گرنگترین بابەتی جیۆپۆلیتیکی شیعەی ئێرانییە، چونکە ئێران لە ڕێگەی سوریاوە پشتگیری لە لوبنان و حیزبولا دەکات. لە دەستدانی سوریا لە ڕوانگەی ئێران بە مانای لە دەستدانی هەموو ناوچەکە دێت، تاران بۆ ئەوەی سوریا لە دەست نەدات هەرچـی لە توانـــای دابێـت دەیکـات. بە شـێوەیەکی سروشـتی عێراقیش بۆ ئێران بە هەمان شێوەی سوریا گرنگە. هەروەها ئەو خاڵەی ئێستا پێی گەیشتووە، تاران بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشوری عێراق کە شیعەکان زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو

ناوچانە پێکدێنن و بە زیادبوونی پێگەی خۆی دەبینێت.
ئێران لە ڕێگەی هیلالی شیعەوە لە لایەکەوە عەربستانی سعودیە دەورە دەدات، لە لایەکی تریشەوە ئەم لایەنەی کە بەئاشکرا دیاری کردووە وەک دوژمن ئەویش ئیسرائیلە بەم هۆیەوە دەیەوێت لە ڕێگەی دەستوەردان لە لوبنان، حیزبولا لە دژی بەکاربێنێت. لەبەر ئەوە زیادبوونی نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیەی لەیەک نزیک کردۆتەوە. بەم شیوەیە لە بەرامبەر هیلالی شیعی، هاوپەیمانی ئیسرائیل – عەرەبی سوننە پێکدێنێت.

## ٤.٥. شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە کەنداوی فارس (بەسرە) و نیمچە دوورگەی عەرەبی

لە ڕوانگەی مێژووییەوە کەنداوی بەسرە دەکەوێتە ناوچەی کاریگەری جیۆپۆلیتیکی ئێران. لە سەردەمی فارس، پارس و ساسانییەکانەوە تا ئێستا، ئێران لەگەڵ دانیشتوانی کەنداو کاریگەری نزیکایەتی هەبووە. کاریگەری کلتووری ئێران لە ناوچەکە لەو شوێنانە بڵاودەبێتەوە کە عەرەبەکان کەوتوونەتە سنووری ئێران، ئێرانیش بەرە بەرە بەپێی سەردەم حاکمیەتی سیاسی و دەسەڵاتداریتی لە ناوچەکە دەستەبەرکردووە. وەک دەرئەنجامی ئەمەش لە ئێستادا ئەو خاڵەی پێی گەیشتووە کاریگەری نفوزی شیعەیە لە ناوچەکە. لەبەرئەوە لەڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە تاران تەنها لە ناوچەی کەنداوی بەسرەدا نیە بەڵکو لەهەمان کاتدا لە یەمەن و تەواوی وڵاتانی نیمچە دوورگەی عەرەبی خاوەن کاریگەرییەکی گرنگە. ئێران ئەم

کـــاریگەرییەی وەک ئـــامرازێکی جیۆپـــۆلیتیکی تـــا کۆتـــایی بەکاردێنێت.

هاوکێشـەی جیۆپـۆلیتیکی لە نـاوچەکە لەسـەر بنەمـای ڕکـابەری نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران دروست بووە. هەروەک لە نەخشـەی سـەرەوە دەربـارەی ڕێـژەی دابەشـبوونی دانیشـتوانی شیعە نیشاندرا لە یەمەن و تەواوی وڵاتانی ناوچەی کەنداو نفوز و پـیگەی شـیعە دەبینرێـت بە جیـاوازی زۆر بەپێـی بـارودۆخ و پێکهـاتەی دەوڵەتەکـان. هەریەکە لە کوێـت، بەحـرێن، قەتەر و میرنشـــینی یەکگرتـــووی عەرەبـــی لەگەڵ ئەوەی ئێـــران وەک هەڕەشە دەبینن، نایانەوێت ڕاستەوخۆ لە دژی ئێران بوەستنەوە. کوێت لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی شیعەوە گرنگترین وڵاتە، بەپێی دیدگای نووسەر ئیبراهیم ئەلمەراشی، "هیچ ولاتێک بە قەد کوێت نەکەوتە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران"[٣٢]. بارودۆخی ئـەو وڵاتـە لە سـەردەمی جەنگی هەشـت ساڵەی نێوان عێراق و ئێـرانیش زۆر هەسـتیار بـوو، پاشـان دوای هێرشـی پەلامـاری عێراق بۆ سـەر کوێت شـوێن و پێگەی شیعەکان زیاتر هەڵکشـا. بە کـورتی وەهـا دێتەبەرچـاو کە کـوێتیش لە هەسـتیاری شـوێنی خۆی لە جیۆپۆلیتیکی شیعە باش تێگەیشتبێت. لە قەیرانی نێوان عەرەبســتانی ســعودیە و قەتەر لە مــانگی حــوزەیرانی ســاڵی (٢٠١٧)کوێت بەشدار نەبوو وەک لایەنێکی ئابلوقەی سـەر قەتەر، بەڵکو کوێت ڕۆلێکی ناوەندگیری بینی لە نێوان هەردوودەوڵەت بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی پاراستنی هاوسەنگی هەنگاوی نا، ئەمەش نموونەیەکی بەرچاو بوو.

لە نێوان دەوڵەتانی کەنداو بەحرێن لە هەموویان زیاتر هەست بە

هەڕەشـــەی ئێــران دەکــات. لە ســاڵی (١٨٢٠ )کاتێــک بەریتانیــا بەحرێنــی داگیرکــرد خێزانــی خەلــیفە وابەســتەی خانەدانەکــانی قاجاریەکان بوو. لەبەر ئەوە کاتێک لە ساڵی (١٩٦٨) بەریتانیا لە دورگەکە کشـایەوە مـوحەمەد ڕەزا شـای پەهـلەوی سـووربوونی خـۆی ڕاگەیانـد لەســەر ئەوەی ئەم دورگەیە بەشـێکە لە خـاکی ئێــران. لە کــاتی ڕاگەیانــدنی ســەربەخۆی بەحــرێن لە ســاڵی (١٩٧٠)دا ئێـــران لەم هەڵوێســـتە تونـــدەی خـــۆی پاشـــگەز بوویەوە[٣٣]. بەڵام خومەینی لە ساڵی (١٩٧٩) بەهـۆی داواکردنـی ئەم دورگەیە پەیوەنـدییەکانیان گەیشــتە ئاســتی پچــڕان[٣٤] .ئەو خـاڵەی کە ئەمـڕۆ پێـی گەیشـتووە ئەوەیە سـەرەڕای پەیوەنـدی دبلۆماســی لە نیــوان ئێــران و بەحــرێن، هەنــدێک کــات لەلایەن پارێزگارە توندڕەوەکانی ئێران ئەم بابەتە دێتەوە بەرباس. بۆیە بەحـرێن لە ململانێـی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە وەک هاوپەیمانێکی بەهێز لە پاڵ ریاز دەوەستێت.

کوێــت ، عومــان و قەتەر دەیانەوێــت هەم لەگەڵ عەربســتانی سعودیە هەمیش لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکانیان بەرەو پێش ببەن. میرنشــینی یەکگرتــووی عەرەبــی ســەرەڕای ئەوەی لە پــاڵ عەرەبســـتانی ســـعودیە دەوەســـتێت، بەڵام لەگەڵ ئێـــرانیش پەیوەنــدییە ئابووریەکــانی پێشــدەخات. لە مــانگی حــوزەیرانی (٢٠١٧) کە قەتەر بەرەو ڕووی قەیرانێک بوویەوە، دروستکردنی بەلانس لەلایەن دەوڵەتانی کەنداو لە نێوان ئێران وعەرەبستانی ســعودیە زۆر قــورس بــوو، ئەمەش بەرچــاوترین دەرکەوتەی بارودۆخەکە بوو.

لە ئێستادا ئەو دەوڵەتانە لـەپلانی پاراستنی خۆیانـدان، ململانێـی

نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران لە یەمەن لە بارودۆخێکی خوێناوی دایە. عەرەبستانی سعودیە وا هەست دەکات دەورەدراوە، لە باکووردا عێراق و لە باشوریشدا یەمەن. ئێران لە سوریا پشتگیری لە حکومەتی ئەسەد دەکات لەبەرامبەر خەڵکی ناڕازی لە ڕژێم، بەڵام لە یەمەن ئەمە بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە لەبەرامبەر حکومەتی یەمەن پشتگیری لە گروپی ناڕازی حوسیەکان دەکات وەک گروپێکی شیعە. کەواتە ئێران سیاسەتی دەرەوەی لەبەرامبەر ئەم دوو دەوڵەتە بە دوو فۆرمی جیاواز ئاراستە دەکات.




یەمەن لەسەردەمی شەڕی ناوخۆییدا
*(Kaynak: http://www.stratejikortak.com/2017/03/yemen-suudi-arabistan-ve-iran.html)*

لە ئێستاشدا وا دێتە بەرچاو کە یەمەن دابەشی سەر دوو بەش بووە، لە لایەکەوە حوسیەکان و پاشماوەی (عەلی عەبدوللا سالح) سەرۆکی پێشووی یەمەن بەیەکەوە کار دەکەن لەسەنعای

پایتەخت، لەلایەکی تریشەوە هێزەکانی (عەبد رەبو مەنسور هادی) بوونیان هەیە، کە پشتگیری لە عەرەبستانی سعودیە وەردەگرن کە شاری عەدەن وەک پایتەخت دەزانن[٣٥]. لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکییەوە قەیرانی یەمەن بە هۆکارێکی سەختی جیۆپۆلیتیکی دادەنرێت کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت. لە ڕوانگەی گرنگی هاتووچۆی نێودەوڵەتییەوە ئەو هێزانەی کۆنترۆڵی یەمەن دەکەن، بەواتای کۆنترۆڵ کردنی گەروی بابولمەندەب دیت کە ساڵانە (٤٠٠٠٠)کەشتی پێیدا تێپەڕ دەبێت. ئەگەر ئێران لە ڕێگەی ئامرازی حوسیەکانەوە کۆنترۆڵی یەمەن بکات، ئەو کات کاریگەرییەکانی تاران لە ناوچەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیانە نوسەر و ئاکادیمیسیەن (Cenk Tamer) جانک تامێر، ئەولەویاتی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە یەمەن بەم شێوەیە ڕیزبەند دەکات[٣٦]:

- توانای تەکنۆلۆژی و سەربازی ئێران لە یەمەن لەبەرامبەر ڕکابەرە هەرێمییەکەی عەرەبستانی سعودیە و ڕکارە جیهانییەکەی ئەمریکا وەک توانای تاقیکردنەوە دەبینرێت.
- ئێران یەمەن وەک ڕێڕەویی گرنگ بۆ تێپەڕبوون دەبینیت بۆ کرانەوە بە کیشوەری ئەفریقا.
- ئێران یەمەن وەک شوێنێک دەبینێت بۆ دەورەدانی عەرەبستانی سعودیە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەورەدان.
- ئێران لە ماوەیەکی کورت مەودا کاریگەری حوسییەکان لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای یەمەن زیاد دەکات و ئامانجیەتی دەستەبەری پێگەی خۆی بکات لە ناوچەکە، لەلایەکی تریشەوە لە قۆناغی پرۆسەی چارەسەری سیاسی کاردەکات

بۆ ڕێگری کردن لە ململانێ و ئەگەری ڕوودانی شەڕ بە لێکجیاکردنەوەی حوسیەکان و هێزەکانی حکومەتی یەمەن.

- ئێران لە ماوەی مەودا مامناوەندیدا ئامانجیەتی حکومەتێکی دان پێنراو لە یەمەن دروست بکات لە هێزەکانی پاشماوەی حکومەتی پێشووی یەمەن (عەلی عەبدوللا سالح) و هێزەکانی حوسییەکان، ئێران وەها چاوەڕوان دەکات ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو لە بارەی یەمەن قوڵتر ببنەوە.
- یەمەن لە چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی شیعەی ئێرانیدا ڕۆلێکی گرنگ و مەرکەزی دەگێڕێت، ئێران ئامانجی سەرەکی ئەوەیە لە ماوەیەکی درێژ مەودا دا لە ڕێگەی چالاکیەکانی پایەکانی هیلالی شیعی پێکبێنێت.
- ئێران هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەر لە پێناو کۆنترۆڵ کردنی بەندەرەکانی ڕۆژئاوا و باشووری یەمەن لەلایەن حوسییەکانەوە، ئێران پشتگیری لە حوسییەکان دەکات لە دەست بەسەر داگرتنی هێلێک کە تا عەدەن درێژ دەبێتەوە، کە پردێکی گرنگی ستراتیجی تێپەڕبوونە. لە کۆتاییدا ئێران ئەم ناوچەیە وەک ناوچەیەکی دەستەبەرکراو دەبینێت.
- ئامانجی کۆتایی ئێران لە یەمەن ئەوەیە لە ڕێگەی حوسییەکانەوە دەست بەسەر یەمەندا بگرێت، دەوڵەتێکی ئیمامی زەیدی (شیعە) دروست بکات لەژێر سەرکردایەتی حوسییەکان، کە ئەم دەوڵەتە دان پێدانراو بێت لە بواری نێودەوڵەتیدا.

## ٥.٥. جیۆپۆلیتیکی کورد

ئەو ئەکتەرە نوێیە جیۆپۆلیتیکیەی لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا پێکدێت کوردن. جگە لەوەی کورد نیشتەجێی کۆنی ڕۆژئاوای ئاسیان، بەڵام بە دریژایی مێژوو لە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆرییەتیەکان ژیاون. دەتوانین بڵێین تەنها لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی کە بە ڕەگەز کورد بوو، خانەدانەکانی سوریا و میسری لەژیر کۆنترۆڵ دابووە، بەڵام سەلاحەدینی ئەیوبی نەیویستووە کورد وەک ئەکتەرێکی جیۆپۆلیتیکی دەربکەون لە قۆناغەکانی میژوودا. بەر لە ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی کورد لە ناوچە سنورییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا دەژیان. هەرچەند ئەگەر لەنێو کورد مەزهەبی شیعە بوونی هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ناسنامەی مەزهەبی کورد سوننەیە. لەبەر بوونی ناسنامەی سوننی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی قەبوڵ کراون. لەسەدەی بیستەمدا لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکانی تورکیا، ئێران، سوریا و عێراق کورد دابەشی سەر ئەم چوار دەوڵەتە کراون. هەر بۆیەش دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوچەکە لەلایەن ئەم چوار دەوڵەتە وەک هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایش و سەروەری خۆیان دەبینن. بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکە هەموو کات دەرئەنجامی هۆکاری دروستبوونی هاوکاری و ڕێککەوتن بووە لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتەی کە کوردیان بەسەر دابەشکراوە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی هەرێمەکە. هەروەها لەلایەکی دیشەوە لەبەر ئەم هۆکارە

دەوڵەتانی دەرەوەی هەرێمە کە لە پێناو لاوازکردنی ئەو چوار دەوڵەتەی کە کوردی بەسەر دابەشکراوە بە ئاسانی دەتوانرێت کورد وەک ئامرازێک بەکار بهێنرێت.
دوای (٢٠٠٣) لە ئەنجامی دەستوەردانی ئەمریکا لە باکووری عێراق بە شێوەیەکی دیفاکتۆ بنەماکانی دەوڵەتێکی کوردی دەرکەوتووە، بەهەمان شێوەش لە سوریا لەماوەی شەڕی ناوخۆدا کورد بوون بە ئەکتەرێکی گرنگ.
لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم زلهێزە جیهانییەکان و هەمیش ئەکتەرە هەرێمییەکان سەرنج بخەنە سەر جیۆپۆلیتیکی کوردی. چونکە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەبێ لەژێر پارێزگاری هێزێکی دەرەکی بێت لە دەرەوەی ناوچەکە، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو دەوڵەتە دەبێتە هەڕەشە هەم بۆ ئەکتەرە هەرێمییەکان هەمیش بۆ ئەکتەرە جیهانییەکان. بۆ نموونە ئەگەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە ئەگەری دروستبوونی هەیە لە ژێر پارێزگاری و بە هاوپەیمانێتی بیت لەگەڵ ئەمریکا، ئەوا لەلایەن ڕووسیاوە وەک هەڕەشە لێکدەدرێتەوە. یانیش بە پێچەوانەوە ئەگەر دەوڵەتە کوردییەکە بە هاوپەیمانێتی و هاوبەشی لەگەڵ ڕووسیا دروست بێت، ئەوا دەبێتە هۆی دروستکردنی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەبەر ئەم هۆکارەش هەم ڕووسیا هەمیش ئەمریکا کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو دەوڵەتە کوردییەی ئەگەری دروستبوونی هەیە بۆ لای خۆیاندا ڕابکێشن.
سەرەڕای ئەوەش لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمیشەوە هەم تورکیا هەمیش ئێران دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە هەڕەشە

لەسەر خاکی خۆیان لێکدەدەنەوە، بە تایبەتی هەریەکەیان دەیانەوێت پەیوەندی باشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق هەبێت. تورکیا پەیوەندییەکی دۆستایەتی باشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، لە بەرامبەردا ئێرانیش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندییەکی توند و تۆڵی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا بوونی پەیوەندی لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە وەک هەڕەشەیەکی گەورە لێکدەدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێران ئیسرائیل وەک نەیار و دوژمنێکی خۆی دەبینێت لە ناوچەکە.




نەخشەی هەرێمی کوردستان عێراق

*(Kaynak: http://www.iranreview.org/content/ Documents/The-Most-Important-Errors-in-Practicing-Democracy-in-the-Iraqi- Kurdistan-Region.htm)*

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هاوکێشانە ئەگەر سەیری سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کورد بکەین، دەبینین بەر لەهەر شتێک نایەوێت لە سنووری ڕۆژئاوایدا دەوڵەتێکی دوژمنکاری

کوردی دروست بێت. بۆیە کاردەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ هەریمی کوردستانی عێراق، کە سەرەتا پەیوەندییە ئابووریەکان لە پێشەوەی بوارەکانی دیکەوە دێت کە ئێران مەبەستیەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق. ئێران دەیەویت لە رێگەی ئابلوقەی ئابووری نفوزی خۆی لە هەریمی کوردستانی عێراق زیاد بکات. بەپێی بۆچوونەکانی نوسەر (Lazar Berman) لازار بێرمان، ئێران لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاری چەکداری باشی هەرێمی کوردستانی عێراقی کرد. سوپای پارێزگاری شۆڕشی ئێران لەگەڵ هێزە کوردییەکان پێکەوە لە دژی داعش چالاکیان ئەنجامدا، ئەمەش بووە هۆی فراوانبوونی پەیوەندی و لێکنزیک بوونەوەی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق بە مەبەستی هاوکاریکردن.

سەرەڕایی ئەوەش پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە چوارچێوەی پەیوەندی فەرمی نێوان دوو یەکەی نێودەوڵەتیدا بوونی هەیە، واتە تەنها لە چوارچێوەی چالاکی سەربازیدا کورت ناکرێتەوە، بۆ نموونە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران وەک نوێنەرایەتییەکی فەرمی کار دەکات، بە هەمان شێوەش لە هەرێمی کوردستان، ئێران کۆنسولخانەی لە شاری هەولێر و سلێمانیدا هەیە. (وەرگێڕ)

بە شێوەکی گشتی کاتێ سەیری سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر عێراق دەکەین، دەبینین لەلایەکەوە دەیەوێت پارێزگاری لە یەکگرتووی خاکی عێراق بکات، بەڵام لەلایەکی دیشەوە نایەوێت لە عێراق دەوڵەتێک دروست بێت کە تەحەدای ئێران بکات. لەم ڕوانگەیەشەوە ئێران لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی

کوردستانی عێراق هەم حکومەتی مەرکەزی عێراق لاواز دەکات هەمیش حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە حکومەتی ناوەندی بەغدا وابەستە دەهێڵێتەوە. ئێران ئەمە لە پێناو پێگەی ناوچەیی خۆی بەکاردێنێت(٣٧).

لە بواری ئابووریشدا ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکات بۆ دروستکردنی بالانس لەگەڵ نفوزی تورکیا. هەرێمی کوردستانی عێراقیش درک بەو ململانێیە دەکات کە لە نێوان ئێران و تورکیا هەیە، لەم ڕووەشەوە هەولێر دەیەوێت تاران لە بەرامبەر ئەنقەرە وەک فاکتەری دروستکردنی بالانس بەکاربێنێ لە پێناو کارکردن بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی.

ئامانجی سەرەکی ئێران لە جیۆپۆلیتیکی کوردیدا لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لەوەی کە دەوڵەتە کوردییەکە نەچێتە پاڵ ئەمریکا و ئیسرائیل. هەرچەندە لە ڕووی کلتووری هاوبەش و لەیەکچوونی زمان کورد و ئێران لەیەک نزیک بن، بەڵام وەک ئەکتەری جیۆپۆلیتیکی کورد ئێران هەڵنابژێرن لەبەرامبەر ئەمریکا. سەرباری هاوسنووری ئێران لەگەڵ کورد و بوونی بەشێکی کورد لەسەر خاکی ئێران، بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئەگەری تەشەنە نەکردنی کێشەکان بکات لە ئەگەری دروستبوونی ئەکتەری جیۆپۆلیتیکی کوردی ئێران بە ناچاری پەیوەندی لەگەڵ دروست دەکات. لە ڕاستیشدا بەپێی بیرۆکەی وتارێک کە لە ڕۆژنامەی (Yeni Şefek) یەنی شەفەقی تورکی لەژێر ناونیشانی "تاران، شام و (PYD) لەسەر ڕێڕەوی دەریای سپی"، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئێران و سوریا و کورد لەسەرکردنەوەی ڕێڕەوێک بۆ دەریای سپی ڕێککەوتوون(٣٨).




ڕێڕەوی ئێران – عێراق – سوریا
*(http://www.gundemnews4.biz/mobil/haber/2505/yeni-safak-tahran-ve-sam-pyd-ile-akdeniz-koridorunda-anlasti)*

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ڕاست بێت لە بارەی ڕێککەوتنی ئێران و سوریا و کورد لە بارەی دەریای سپی، ئەوا بە مانای ئەوە دێت کە ئێران کاریگەری زۆری هەیە لەسەر جیۆپۆلیتیکی کوردی. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئێران نەک تەنها جیۆپۆلیتیکی شیعە بەڵکو لەهەمان کاتدا جیۆپۆلیتیکی کوردیشی زۆر بەباشی بەکارهێناوە.

**٦. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە قەفقاسیا**

کشانەوەی ڕووسیا لە (١٩٩٠)ەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەکە، گوزارشت بوو لەوەی کە هەریەکە لە ئێران و تورکیا وەک ئەکتەری جیۆپۆلیتیکی گەڕانەوە بۆ ناوچەکە. قەفقاسییەکان بەهۆی ئەوەی دەروازەی کرانەوەی ڕووسیایە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەم لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەییەوە هەمیش لە

ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی گرنگی ستراتیجی ناوچەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە. لەم بەشەدا سەرەتا گرنگی ستراتیجی ناوچەی قەفقاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی و لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندی ئێران لەگەڵ ڕووسیا گفتوگۆ دەکرێت. پاشان شوێنی ئێران لە جیۆپۆلیتیکی هەرێمی باس دەکرێت.

## ١.٦. قەفقاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی

دەوڵەتانی ناوچەی قەفقاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانییەوە، بەهۆی ئەوەی نزیکبوونی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ڕووسیا بەمانای بەهێزبوونی ڕووسیا دێت، بەهەمان شێوە دوورکەوتنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە بەمانای دەورەدانی ڕووسیایە، بۆیە هەریەکێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە هەم لەلای ئەمریکا هەمیش لەلای ڕووسیا جێگەی بایەخ وگرنگی زۆرن. بەواتایەکی دی، ئەو "یاری شەترەنجە مەزنەی ئۆراسیا" لە سەدەی نۆزدەدا لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا دەستی پێکردبوو، تا ئێستاش ئەم یارییە بەردەوامە لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا. واتە بنەمای یارییەکە وەک خۆیەتی تەنها کاراکتەرەکان گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە.

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانییەوە کشانەوەی ئێران لە بلۆکی ڕۆژئاوا لە ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن ڕووسیا بەشێوەیەکی ئەرێنی پێشوازی لێکرا. هەروەها، هەڵوێستی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر ئەمریکا خزمەتێکی گەورەی بە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا کرد. بەوانایەکی دی، جێبەجێکردنی

سیاسـەتی جیـاواز و سـەربەخۆ لەلایەن ئێـرانەوە ڕوانـگەی مۆسـکۆی بـۆ تـاران پێکهێنـا. لەبەر ئەم هۆکـارانەش پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئێـران و ڕووسـیا لە سـەردەمی دوای جەنگی سارد بە ئاراستەی ئەرێنی بەرەو پێشەوە چوونە.

ڕووسیا لەگەڵ ئێـران بەتـایبەتی لە ڕوانـگەی پـێکەوە گرێـدانی قەفقاسـیا و ناوەڕاسـتی ئاسـیا سـێ فـاکتەری سـەرەکی لەبەرچاودەگرێت. یەکەم، تاک جەمسەریی لە سیستمی جیهانیدا ڕووسیا وئێران دڵگران دەکات، دووەم، بوونی پێگەی تورکیایە لە ناوچەکە. ڕێکخستنی پێگەی ناوچەیی تورکیا لە چوارچێوەی گوتـاری ناسـیۆنالیزمی هەم ڕووسـیا هەمـیش ئێـران نـارەحەت دەکات. دەتوانین بڵێین بوونی ئەم بیرۆکە یەکگرتووە هۆکاری ڕێژەیەکـی زۆر لە بـوونی تـورک لەنێـو سـنووری ئێـران و ڕووسیا. یەکێکی تر لە فاکتەرە هاوبەشەکانی نێوان ڕووسیا و ئێـران بـوونی ئەو مەترسـیەیە لە بـارەی هەوڵەکـانی نـاتۆ لە ناوچەکە[٣٩].

نزیکبـوونەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان ڕووسـیا و ئێـران وەک ڕەنگدانەوەی بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی هەرێمـی ئەم سـێ خـاڵە دەردەکەوێـت. لە ڕوانـگەی سیسـتمی فرەجەمسـەری تـاران پشـتگیری لە سیاسـەتەکانی ڕووسـیا و چـین دەکـات بـۆ دروستکردنی بالانس لەگەڵ ئەمریکا. لەم ڕووەشـەوە هەوڵەکانی ئێران دەبینرێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی تەواو لە ڕێکخـراوی هاریکـاری شـەنگەهای بەسـەرکردایەتی چـین. ئەم بـابەتە لە باسەکانی داهاتوو لە چوارچێوەی شوێنی ئێران لە جیۆپۆلیتیکی ڕۆژئاوای ئاسیا بە وردەکارییەوە باسی لێوە دەکرێت. لێرەدا

بابەتی ئێران لەچوارچێوەی یەکێتی ئابووری ئۆراسیا زیاتر گرنگە کە مۆسکۆ ناوەندییەتی. چونکە لە ناوچەی قەفقاسیادا تاکە دەوڵەت کە سنوری وشکانی نەبێت ئەرمەنستانە لە یەکێتی ئابووری ئۆراسیا.

بەر لەوەی باسی پەیوەندی نێوان ئێران و یەکێتی ئابووری ئۆراسیا بکەین، هەرچەند ئەگەر بلێین ئەم ڕێکخراوە ڕەهەندی ئابووری هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی مۆسکۆوە زیاتر وەک پێکهاتەیەکی جیۆپۆلیتیکی لێکدەدرێتەوە، کە پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت. ڕووسیا لەم ناوچانەی کە لە سەرەتای (١٩٩٠)ەکانەوە نفوزی خۆی لە دەستدابوو، دووبارە سیاسەتی بەدەستهێنانەوەی ئامانجەکانی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سەربازی بە ناوی "ڕێکخراوی هاوپەیمانی ئاسایشی بەکۆمەل" و ڕێکخراوی یەکێتی ئابووری ئۆراسیا پێکهێنا. ئەم دوو ڕێکخراوە گرنگترین نیشانەی گەڕانەوەی ڕووسیای جاران بوون بۆ ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە. لە ناوچەی قەفقاسیادا تاکە ئەندام لەم دوو ڕێکخراوە دەوڵەتی ئەرمەنستانە.

ئەندامەکانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی یەکێتی ئابووری ئۆراسیا لە ڕووسیا، کازاخستان و بیلاڕووسیا پێکدێن و لە قۆناغی بەرفراوان بوونی ڕێکخراوەکەش ڕووسیا پشتگیری لە ئەندامبوونی ئەرمەنستان کرد. سەرباری ئەوەی کازاخستان لە بەرامبەر ئەندامبوونی ئەرمەنستان ناڕازی بوونی خۆی دەربڕی[٤٠]. ئەگەر لە ڕێگەی ئەم هەڵوێستە کازاخسان ڕێگریشی لە ئەندامبوونی ئەرمەنستان نەکردبێت لە ڕێکخراوەکە، بەڵام ئەم هەڵوێستە لە ڕوانگەی ڕووسیا، ئەرمەنستان و ئێران لەناوچەکە

یەکگرتووی و بەیەکەوە بوونی دەوڵەتە تورکەکان لە ڕێگەی ئەم هەستەوە بەهێز دەبێت. تەنانەت لە قۆناغەکانی بەرفراوان بوونی ڕێکخـــراوەکە ســـەرۆک کۆمـــاری کازاخســـتان (Nazarbayev) پێویستی ئەندامبوونی تورکیای بۆ یەکێتیەکە دووپات کردەوە[٤١]. هەروەک ئاشـــکرایە دەوڵەتـــانی تـــورکی ناوەڕاســـتی ئاســـیا، ئازەربایجـــان و تورکیـــا لە ســـاڵی (٢٠٠٩)دا لە چوارچێـــوەی ئەنجـومەنی تـورکی هاوکاریەکـانی نێوانیـان پەرە پێـدەدەن[٤٢]. لەبەر ئەوەش ڕووسیا کاردەکات بۆ پێشخستنی هێڵی مۆسکۆ – یەریڤـان – تـاران لە بەرامـبەر هێڵـی ئەسـتانە – ئازەربایجـان – باکۆ.



نەخشەی قەفقاسیا
*(kaynak: http://bestkeys.club/keywordssuggest-caucasus-news.asp)*

بەکورتی لەڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمییەوە ڕووسیا ئێران وەک فاکتەری دروستکردنی بالانس لە ناوچەی قەفقسیا دەبینێت لە بەرامبەر تورکیا کە لە ناوچەکە خاوەن پێگە و نفوزی زۆرە. لەهەمان کاتدا تورکیا ئێران وەک ڕکابەری خۆی لێکدەداتەوە، چونکە بەرژەوەندی ئێران لەگەڵ ڕووسیا یەکدەگرێتەوە. لەم ڕووەوە ئێران لەڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانییەوە لە بەرامبەر ئەمریکا هاوکارییەکانی لەگەڵ ڕووسیا پێشدەخات، لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمیشەوە لەبەرامبەر تورکیا بەهەمان شێوە لەگەڵ ڕووسیا هاوکارییەکانی نێوانیان بەرەوپێش دەبات.

لەم ڕوانگەیەوە ڕووسیا ئامانجیەتی بواری بازرگانی ئازاد لەنێوان ئێران و یەکێتی ئابووری ئۆراسیا دروست بکات[٤٣]. لێرەدا بەر لەهەر شتێک ڕووسیا مەبەستیەتی لەبواری ئابووری بارودۆخی ئەرمەنستان جێگیربێت کە هاوپەیمانێکی ناوچەیی ڕووسیایە. هەروەک ئاشکرایە، بارودۆخی ئابووری ئەرمەنستان زۆر خراپە. تەنانەت بەگوێرەی هەندێک لە ئابووریناسن، ئابووری ئەرمەنستان لەدوای ئابووری مەدەگەشکەر دووەمین خراپترین ئابووری جیهانە[٤٤]. ئەگەر مۆسکۆ لە ڕووی ئابوورییەوە بەشێوەیەکی باش پشتگیری لە ئەرمەنستان نەکات، ئەوا ئەو وڵاتە ناچار دەبێت ڕێککەوتن لەگەڵ ئازەربایجان یانیش لەگەڵ تورکیا بکات. لەبەرئەوە ڕووسیا لەلایەکەوە پشتگیرییەکانی بۆ تورکە نەیارەکانی بەردەوامی پێدەدات، لەلایەکی تریشەوە پشتگیری لە ئەرمەنستان دەکات بۆ ئەوەی وەک دەوڵەتێک لەسەر پێی خۆی بوەستێت. پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەرمەنستان هەرلەسەرەتاوە تا ئێستا بە

شـــێوەیەکی ئەرێنـــی بەرەو پـــێس دەچـــن. لەکاتێکـــدا تەواوی دەوڵەتـانی هاوسـنوری وشـکانی ئێـران زۆرینەیـان موسـلمانن، بەڵام ناســـنامەی دەوڵەتـــی ئەرمەنســـتان وەک مەســـیحی بەرچاودەکەوێت. لەبەرئەمەش هەروەک نوسـەر و ئاکادیمیسـیەن موحەمەد سەیفەدین ئێرۆل و ئارەزو ئێکینجی، دیاریـان کـردووە، ئەرمەنســـتان بـــۆ ئێـــران وەک دەروازەی کـــرانەوەیە بەڕووی جیهانی مەسیحیەت[٤٥].

ئەگەر هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ناوچەی بازرگانی ئـازاد لەگەڵ یەکێتـی ئـابووری ئۆراسـیا لە ڕوانـگەی پەیوەنـدی ئێـران لەگەڵ ڕووسـیا بـاس بکەیـن، ئامـانجی ئێـران ئەوەیە کۆتـایی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥ بێنێ و ئەو ئابلوقەیەی لەسـەری جێبەجیکراوە هەڵگرێت، لەم ڕێگەیەوە ئابووری وڵات دەکرێتەوە. لە ڕوانـــگەی مۆســـکۆش ئامـــانجی ئەوەیە بـــازاڕی کۆمپانیـــا ڕووسـیەکان لە ئێـران دەسـتەبەر بکـات. لە ڕاستیشـدا ئەم کـارە خـزمەت بە ئامـانجە جیۆپۆلیتیکیەکـانی ڕووسـیا دەکـات. تەنـانەت دەکرێـت بگوترێـت ڕووسـیا لەم بـابەتە کەمێـک پاشەکشـەی کـردووە، چونکە ئێران لەگەڵ کۆمپانیا ئەوروپییەکان کاردەکات. تـاران لەگەڵ تورکیـا لە چوارچێـوەی ڕێکخسـتنی هاریکـاری ئـــابووری، لەگەڵ چینـــیش لە چوارچێـــوەی پـــرۆژەی ڕێگـــای پشـتێنەیی هاوکارییەکـانی جێبەجێدەکات. لە دەرئانجامـدا قۆنـاغی دوای ئەوە لەنێوان ئێران و ڕووسیا تەنهـا بابەتی کڕینـی چەک و وزەی نـــاوەکی نیـــیە، بەڵکـــو لە تەواوی بوارەکـــانی ئابووریـــدا هاوکاری و هەماهەنگیان هەیە.

## ٢.٦. قەفقاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی

کاتێک هەندیک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە کاردەکەن بۆ تێگەیشتنی هاوسەنگی جیۆپۆلیتیکی، ئەوا کاریگەری بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەریەکە لە ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان لەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەگەنە خاڵی پەسەندکردن. بە شێوەیەکی گشتی ئازربایجان پەیوەندی باشی لەگەڵ تورکیا هەیە، سەرباری ئەوەی سنووری وشکانی لە نێوان تورکیا و ئازەربایجان نییە، کە دەکرا پەیوەندی و هاوکاری زیاتری لەگەڵ ئێران و گورجستان بوایە. لێرەدا هەلوێستی ئازەربایجان و گورجستان لە دژی ڕووسیا بۆ هاوکارییەکانی ئەوان دەڕوات. هەروەها هەریەکە لەم دوو دەوڵەتە ویستێکی ڕۆژئاواییان هەیە و ئەندامبوونی تورکیا لە ناتۆ هێڵی تورکیا – ئازەربایجان – گورجستان بەهیز دەکات، هێڵی بۆرییەکانی نەوت و گازی سروشتی لە ئازەربایجانەوە دێن و لە ڕێگای گورجستانەوە دەگوازرێنەوە بۆ تورکیا. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی تورکیاوە سەیر دەکەین، دەبینین نزیکبوونەوەی تورکیا لە ڕۆژئاوا و کشانەوەی ئێران لە دوای شۆڕسی ساڵی (١٩٧٩) لە بلۆکی ڕۆژئاوا هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئازەربایجان و گورجستان بێنە پال ئەنقەرە. چونکە لەلایەکەوە ئەمریکا پشتگیری لە زیادبوونی نفوزی تورکیا دەکات، لەلایەکی دیشەوە بۆ ئەوەی نەوتی دەریای قەزوین لە ڕێگەی تورکیاوە بگاتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان پڕۆژەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات. ئەگەر ئێستا ئێران هاوپەیمانی ئەمریکا بوایە، واشنتۆن بۆ گەیشتنی نەوتی دەریای قەزوین دەروازەی ئاوە

نێودەوڵەتییەکـان بەگریمـانەیەکی زۆرەوە لەڕووی ئـابوورییەوە زیـاتر گونجـاو بـوو پشـتگیری لەو هـێڵە بۆریـانە کردبـا کە لە ڕێـگەی ئێـرانەوە دەگەن بە کەنـداوی بەسـرە، دەروازەی ئێـران لەلایەن دروسـتکارانی بڕیـار لە ئازەربایجـان تـا ئێسـتا وەک بژاردەیەک پارێزگاری لێدەکرێت.

لە هاوکێشـەی هەرێمیـدا کاتێـک ئازەربایجـان – گورجسـتان – تورکیـا تەوەرێـک دروسـتدەکەن، لە بەرامـبەردا ڕووسـیا – ئەرمەنسـتان – ئێـرانیش تەوەرێـک پێکـدێنن. لە شـەڕی نێـوان ئازەربایجـان و ئەرمەنسـتان ڕووسـیا پشـتگیری لە ئەرمەنسـتان، تورکیـاش پشـتگیری لە ئازەربایجـان دەکـات. لەم بارودۆخەشـدا تـاران وا هەسـت دەکـات بەهێزبـوونی ئازەربایجـان هەڕەشـە لەیەکگرتـووی خـاکی ئێـران دەکـات، بـۆیە پاڵپشـتی زیـاتر لە ئەرمەنسـتان دەکـات. ئەرمەنسـتان ئەو ئـابلوقەیەی لەبـاکوور لەلایەن ئازەربایجـان و گورجسـتان لەسـەریەتی دەیەوێـت لە ڕێگەی ئێرانەوە بەسـەریدا زاڵ بێت. هەروەک نوسـەر ( Bulent Aras) بولێنت ئاراس ئاماژەی بۆ کردووە، ناکۆکی نێوان ئـازەر و ئەرمەن بـواری بـۆ ئێـران ڕەخسـاندووە کە هەم مەترسـیەکانی بڕەوێنێتەوە هەمیش لە ناوچەکە ڕۆلێکی کاریگەر ببینێت. هەوڵـی ئێران ئەوەیە شـەڕی ساردی نێوان ئەرمەنسـتان و ئازەربایجـان کۆتایی پێ بێت، بەڵام بوونی چارەسـەرێکی سیاسـی هەمیشـەیی بەهەدەردانـی هەوڵەکان وزەی سیاسـی ئازەربایجـان لەم بـوارەدا بێ ئەنجام ماوە. هەروەها ئێران لە سـایەی ئەوە هەم لە یەریڤـان هەمیش لە باکۆ دەبووە خاوەن نفوز[٤٦].

سـەرەڕای هەبـوونی پەیوەنـدی نزیـک و بەسـتێنی ئایـدۆلۆژی لەنێوان ئێران و ئەرمەنستان، بەڵام بۆ ئێران ئازەربایجان گرنگی زیـاتری هەیە. لەم دوایـانەش وەهـا دێتەبەرچـاو کە پەیوەنـدیی ئـابووری نیـوان ئێـران و ئازەربایجـان بەخێرایـی بەرە پێشـەوە ڕۆیشـتوون، بە تـایبەت بەهـۆی سـتراتیجی شـوێنی ئازەربایجـان لەنێـوان ئێـران و ڕووسـیا، مۆسـکۆ پشـتگیری لە پێشخسـتنی هاوکـاری نێـوان ئازەربایجـان و ئێـران دەکـات. بەواتـایەکی دی، وەهـا دەبینرێـت ڕووسـیا لەگەڵ ئێـران کـاردەکەن بـۆ ئەوەی ئازەربایجان بۆ لای خۆیاندا ڕابکێشـن. جیۆپۆلیتیکناسـی ڕووسـی (دوگین) دیاری کرد، کێشانەوەی ئازەربایجان لە تەوەری تورکیا و ڕاکێشانی بۆ تەوەری ڕووسیا و ئێران، لە ڕوانگەی مۆسکۆوە خاوەنی ستراتیجییەکی گرنگە، ئەوەش جێگەی سـەرنجی دوگینە. بە گـوێرەی ئەمەش، دەرئەنجامی هەوڵێکـی لەم شـێوەیە قەیرانـی قەرەبـاغیش چارەسـەر دەکـات. چـونکە هەر چـوارلا، ڕووسـیا، ئێران، ئازەربایجـان و ئەرمەنسـتان مەبەسـتیانە کێشـەی قەرەبـاغ چارەسـەر بکرێـت. بەپـێچەوانەوە ئازەربایجـان دابەش دەبێـت لە نێوان ئەرمەنسـتان، ئێران و ڕووسیا[٤٧]. ئازەربایجان بـۆ ئەوەی سـیناریۆیەکی لەم شـێوەیە جێبەجـێ نەبێـت تەوەرەی جیهـانی تورکی بەکاردێنێت.

لەڕاسـتیدا ئازەربایجـان هەم لەڕووی جـوگرافی هەمـیش لەڕووی جیۆپۆلیتیـک و جیۆکلتـووری بەتەواوی دەکەوێـتە ناوەڕاسـتی سێگۆشـەی تورکیـا، ئێـران و ڕووسـیا. تورکیـا و ئازەربایجـان هاوبەشـی سـتراتیجین، بەڵام ئەم هاوبەشـییە سـتراتیجییەی نێوان تورکیـا و ئازەربایجـان بەمانـای ئەوە نـایەت کە ئازەربایجـان

لەگەڵ ئێران و ڕووسیا هاوکاری ئەنجام نادات. سەرەڕای ئەوە کێشە ئاسایشییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان چەند تێپەڕێنرێن ئەوەندە پەیوەندییە دوولایەنەکان بەرەو پێش دەچن. سەرەتا ئێران ترسی هەبوو لە ناسنامەی تورکی ئازەربایجانی، چونکە لە باکووری ئێراندا ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی لە ئیتنیکی تورک پێکدێت. ئەگەر ئازەربایجان وەک ئەوەی لە سەردەمی سەرۆک کۆمار ئێلچی بێی، گوتاری سەربەخۆی ویلایەتی ئازەربایجانی ئێرانی بەکارهێنرابا، ئەم بارودۆخە ئێرانی تا ڕادەی پارچە پارچەبوون دەبرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخەش، تاران ئەو جیۆپۆلیتیکیە شیعەیەی لە ڕۆژئاوای ئاسیا جێبەجێی کردبوو، لێرەدا ئەمەی جێبەجێ نەکرد. ئازەربایجان لە دوای ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە زۆرترین ڕێژەی شیعە لەخۆدەگرێت. بەپێی ئامارە فەرمیەکان کە لەلایەن حکومەتی ئازەربایجان بڵاوکراونەتەوە، ئەو موسلمانانەی لە ئازەربایجان دەژین ٨٥٪یان شیعەن و ١٥٪شیان سەربە مەزهەبی سوننەن(٤٨).

لەلایەکی دیکەوە باکۆ لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ترسی هەبوو لە هاوردەکردنی شۆڕش بۆ ناوخۆی ئازەربایجان. بەڵام لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوو دەرئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو: نە ناسنامەی تورکی ئازەربایجانی توانی کاریگەری بکاتە سەر ئێران، نە ناسنامەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش توانی کاریگەری بکاتە سەر ئازەربایجان. هەروەک ئەوەی نوسەر (ئاکتای ئاکدەڤەلیئۆغلۆ) دیاری کرد، لە نێوان ئێران و ئازەربایجان بنەمای گەورەی کلتووری دەبینرێت(٤٩).

*"ئەو بنەما کلتوورییەی نێوان ئێران و ئازەربایجان تا ئەو ڕادەیە بەرز بوو کە هاوڵاتی ئێرانی نەیەوێت ئازەرییەکان پشتگوێ بخەن. بەگوێرەی ئازەرییە ئێرانیەکان، ئازەریەکانی باکوور "بێ ڕەوشت"، "بێ کلتوور"، "داوێن پیس" بوون، بەڵام گرنگترینیان دوور بوون لەئایین. ئەگەر دەروازەیەکی دیموکراسی لەشوێنی دەروازەی کلتووری لەنێوان ئێران و ئازەربایجاندا هەبێت ئەوا لەبەرژەوەندی ئازەربایجاندایە، لەوانەیە ئازەرییەکانی ئێران تێڕوانینییان بگۆڕێت. بەڵام لە دەروازەی دیموکراسیدا ئەوە ڕووینەدا کە ئازەربایجان لە ئێرانەوە بێت. ئێران زیاتر ڕەزامەند بوو لە ئازەربایجان، لە گەشەپێدانی لێکدانەوەی دیموکراسی بە شێوەیەکی بێهاوتا. لەدەرئەنجامدا ئەو هاوڵاتیە ئێرانییانەی بە زاراوەی تورکی قسە دەکەن ناسنامەی ئێرانیان زیاتر بەهێزکرد لە بابەتی یەکگرتووی خاکی ئێران، سەرەڕای ئەو تەوژمە ناسیۆنالیزمەی دوای یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە ئەمە ڕوونکرایەوە لەلایەن کۆمەڵە خۆبەخشەکان. تیگەیشتن لەم خاڵەش، سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر ئێران زیاتر نەرم بوو".*

بەواتایەکی دی، ئەو دەروازە کلتوورییەی نێوان کۆمەلگەی ئێرانی و ئازەربایجانی وەک پایەی سەرەکی بوو لە دروستکردنی متمانەی نێوان هەردوو دەوڵەت. ئەو خاڵەی پێی گەیشتووە، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی کە لە بەرامبەر ئازەربایجان پەیڕەوی دەکرد بە بەرەو پێش بردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەم لەگەڵ باکۆ هەمیش لەگەل یەریڤان پەیوەندییە ئاسایشییەکانی ڕێکدەخات. لێرەدا ئامانجی تاران ئەوەیە ڕۆلێکی ناوەندگیری ببینێت لە ململانێی نێوان

ئازەربایجان و ئەرمەنستان. هەروەها لە داهاتووشدا لە ڕوانگەی کێشەی قەرەباغدا ئێران ڕۆلێکی ناوەندگیری دەگێڕێت.
بەپێی دواین لێکدانەوە هەم ئێران هەمیش ڕووسیا مەبەستیانە گرژییەکانی ناوچەی قەفقاسیا و جەنگی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەردەوام بێت. چونکە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت ئەرمەنستان پێویستی بە روسیا نامێنێت. ئەگەر لە ڕوانگەی ئێران سەیر بکەین، وەها دەبینێت کە چارەسەری ئەم کێشەیە بەواتای بەهێزبوونی ئێران دێت. بەهەمان شێوە تورکیاش دەتوانیت ئەوە بلێت کە لەبەردەوامی بوونی ئەم گرژییە هەڵوێستی هەیە. چونکە ئەگەر ئەم قەیرانە چارەسەر بکرێت ئازەربایجان بەهەمان شێوە وابەستەیی بە تورکیا نامێنێت. هەروەها ئەوە دەسەلمێنرێت کە هەوڵەکانی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بێ پاساو بێ بنەمایە. تەنانەت لە ساڵی (٢٠٠٨) هەلوێستی تورکیا لەبارەی کردنەوەی سنوور لەگەل ئەرمەنستان ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام ئەم هەوڵەش تەنها لەبەر دوژمنایەتی نێوان ئازەر و ئەرمەن شکستی هێنا. لەڕاستیدا چارەسەری کێشەی قەرەباغ ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان. لەم بارودۆخەشدا ئابووری ئەنقەرە بە تایبەتی لەبەر هۆکاری هێزی کلتووری، سنووری تورکیا پشت بە دەریای قەزوین دەبەستێ. لە ڕاستیدا لەبەر هۆکاری ئەم دڵەڕاوکێیەش، بە واتایەکی دی، لەبەر سنوورداری ئامانجی تورکیا، ئێران و ڕووسیا دەیانەوێت کێشەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەردەوام بێت.

ئەگەر پێویست بێت باسی ئەو ئەکتەرانە بکەین کە سنوری ڕاستەوخۆیان نییە بۆ ناوچەی قەفقاسیا، لێرەدا هەریەکە لە ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە وەک نەیاری جیۆپۆلیتیکی ئێران دەردەکەون. لە ڕۆژئاوای ئاسیاشدا ئەو دوو دەوڵەتەی ڕکابەری ئێران دەکەن مەبەستیانە لە باکووردا ئێران سنووردار بکەن. پەیوەستی نزیکی ئیسرائیل بە ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٠)ەکان. تا ساڵی(٢٠٠٨) لە ناوچەکە هاوبەشی تەلئەبیب گورجستان بوو، کۆمپانیا تایبەتەکانی ئیسرائیل فرۆکەی بی فرۆکەوانیان بۆ گورجستان دابین دەکرد. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٨) پاش سەرهەڵدانی جەنگی گورجستان لەگەڵ ڕووسیا، ئیسرائیل بۆ ئەوەی مۆسکۆ دڵگران نەکات هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ گورجستان کەم کردەوە[٥٠]. ئیسرائیل لەم قۆناغەدا هاوبەشی لە ناوچەی قەفقاسیا ئازەربایجان بوو. لە ساڵی (٢٠١٦) لە نێوان هەردوو دەوڵەت بە بڕی (٤،٨)ملیار دۆلار ڕێککەوتن کرا لەبواری هاوکاری سەربازی[٥١] هەروەکو سەرۆکی پێشووی ئیسرائیل دیاریکرد " بۆ ئەوەی پێگەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنووردار بکرێت ئازەربایجان وەک دەوڵەتێکی کلیل وایە"[٥٢]. لە ئەنجامی تێگەیشتن لەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە، هەم لەبەر هۆکاری ستراتیجی شوێنی ئازەربایجان هەمیش لەبەر پێویستی ئیسرائیل بە نەوت و گازی سروشتی، ئازەربایجان وەک هاوبەشێکی ستراتیجی لێکدەدرێتەوە.

لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئازەربایجانیشدا پەیوەندی نزیک بەرچاو دەکەوێت. هەردوو دەوڵەت هاوکارییەکانیان لە

چوارچێــوەی "ڕێکخــراوی هاریکــاری ئیســلامی" پێشــدەخەن. عەرەبســـتانی ســـعودیە لە کێشـــەی قەرەبـــاغ پشـــتگیری لە ئازەربایجــان دەکــات. بەشــداریکردنی ســەرۆک کۆمــار (İlham Aliyev) ئیلهــام ئەلییــڤ لە کۆنفرانســی عەرەبــی – ئیســلامی – ئەمریکی کە لە کاتی سەردانیکردنی سەرۆکی (Donald Trump) دۆنالد ترامپ بۆ عەرەبستان سعودیە ڕێکخرابوو، وەها نیشاندرا کە ئازەربایجان لە بارودۆخی نزیک بوونە لە بلۆکی دژی ئێران. هەروەها پاشان سەردانیکردنی وەزیری دەرەوەی ئازەربایجان (Zakir Hasanov) جەنەرال زاکیر حەسەنۆڤ بۆ عەرەبستانی سعودیە و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک و وەزیری بەرگری[٥٣] دەرخەری بەرەو پێشچوونی پەیوەندییە سەربازییەکانە لە نێوان هەردوو دەوڵەت.

پێشخستنی هاوکاری سەربازی ئازەربایجان لەگەڵ ئیسرائیل و عەرەبســـتانی ســـعودیە، دەرئەنجــامی پشـــتگیری ئێرانـــی بـــۆ ئەرمەنستان لێکەوتۆتەوە. هەروەها نەچوونی ئازەربایجان بۆ نێو گروپی دوژمنکاری بەرامبەر ئێران، تاران بۆ ئەوەی لەگەڵ مۆسکۆ باکۆ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی پێویستە پەیوەندییە ئابوورییەکانی بەهێز بکات.

### ٣.٦. سیاسەتی ئێران لە ئۆراسیا

ئەگەر سەیری سیاسەتی ئێران لە دەرەوەی ناوچەی قەفقاسیا بکەیــن، هەروەک چــۆن قەفقاســـییەکان دەروازەی کـــرانەوەی ڕووسیایە بۆ ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕوانگەی تارانیش قەفقاسیا دەروازەی کرانەوەی ئێرانە بۆ ئۆراسیا. لەڕووی مێژووییەوە

باشووری قەفقاسیا لە ژێر هەژموونی مەرکەزییەتی دەوڵەتەکانی ئێراندا بوو. هەروەک ئاشکرایە سنووری دەوڵەتی سەفەوییەکان تا باکووری قەفقاسیا درێژ دەبوویەوە. لەبەر ئەم میراتە مێژووییەش لە ناوچەکەدا ئازەرییەکان و گروپی تات لە کۆماری ئۆتۆنۆمی داغستان لەژێر دەسەڵاتداریێتی ڕووسیایە خۆیان بە ئەندام لە مەزهەبی شیعە دادەنێن. پەیوەندی باشی نێوان ئێران و ڕووسیا، بەهۆی پەیوەستبوونی ئێران بەم گروپانە فەرمانیان پێدەدات.

ئەگەر کاریگەرییەکانی ئێران بۆ ڕووسیا لە ڕوانگەی مۆسکۆوە سەیر بکرێت پێویستی بەم گوزارشتەیە، سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی موسلمانەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی ڕووسیا سەربە مەزهەبی سوننەن، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا لەنێوان شیعە و سوننە، زیاتر لە شیعەکان نزیک دەبنەوە. ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە:

یەکەم، لە پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا سەرداری جیهانی سوننەی ئیسلامی ئیمپراتۆری عوسمانی ڕکابەری ڕووسیا بووە لە ناوچەکە. ڕووسیا لە تێکۆشانی لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی ویستی چوونە پاڵ سەفەوییەکانی هەبوو. بە واتایەکی دی، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەک دوژمنی هاوبەشی ڕووسیای قەیسەری و سەفەوییەکانی ئێران لێکدەدرایەوە. لەسەدەی بیستدا دوژمنایەتی نێوان عوسمانی و ڕووسی بە دوژمنایەتی ڕووسیا و تورکیا بەردەوام بوو. لە دوای جەنگی سارد تورکیای موسلمانی سوننی و ناسنامەی تورکی هەڕەشەی لەسەر یەکگرتووی خاکی یەکێتی فیدراسیۆنی ڕووسیا دەکرد.

بـۆ نمـوونە ڕای گشـتی لەبـابەتی شـەڕی شیشـانیەکان زۆر هەستیار بوو کە دەکەوتە نێو چوارچێوەی فیدراسیۆنی ڕووسیا. لە بەرامبەر ئەمەشدا تاران بەهیچ شێوەیەک لە ڕێگەی گوتاری ئیسلامی ڕووسیای دڵگران نەدەکرد.

وەک پێشـەکی خـالی دووەم، لەنێـو جیهـانی ئیسـلامی ململانێـی نێوان عوسمانی و سەفەوی یان تورکی و ئێرانی وەک ململانێی نێـوان مەزهەبـی شـیعە و سـوننە لێکـدراوەتەوە. هەروەهـا لە سەدەی بیستدا هەم تورکیا هەمیش ئێران لە پرۆسەی لایسیزم (لائیکە) ململانێکانیان دواخست بۆ قۆناغی دواتر. لەساڵی ١٩٧٩ بەسـەر لە نوێ ژیاندنەوەی ناسنامەی شیعەی ئێرانـی دژایەتـی نێـوان وەهـابیزم و شـیعیزم سـەریهەڵدا. لە ڕوانـگەی جیۆپۆلیتیکییەوە بەو مانایە دێت کە لە جیهانی ئیسلامیدا ئێران و عەرەبستانی سعودیە ڕکابەری یەکترن. لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهـانییەوە کاتێک عەرەبستانی سعودیە دەچێتە پاڵ ئەمریکـا، ڕووسـیاش ئێـران لە ڕوانـگەی بەرژەوەنـدییەکانی خـۆیەوە بەکاردێنێت لە جیهانی ئیسلامیدا. لە بەرامبەر ڕۆڵی تێکدەرانەی ئەمریکـا کە لە نـاوچەکە دەیگێڕێـت، ڕووسـیا دەیەوێـت ڕۆڵـی ڕێکخسـتن و کـۆکەرەوە ببینێـت. ڕووسـیا لە سـاڵی (٢٠٠٦)ەوە تـاوەکو ئێسـتا ڕووسـیا لە چوارچێـوەی بـارودۆخی چـاودێرە لە ڕێکخـراوی هاریکـاری ئیسـلامی. وەزیـری دەرەوەی پێشـووی ڕووسـیا (Yevgeni Brimakov) یەڤگەنـی بریمـاکۆڤ لە چوارچێوەی گروپێک بەنـاوی "ڕوانـگەی ستراتیجی ڕووسـیا – جیهانی ئیسلامی" دەستی بە کارکردن کردووە[٥٤]. لەساڵی ٢٠٠٩ تـا ئێسـتا ئەم گـروپە سـاڵانە "کۆنفرانسـی ئـابووری ڕووسـیا –

جیهانی ئیسلامی" ڕێکدەخات[٥٥]. سەرۆکی دەوڵەتی ڕووسیا پۆتین دەڵێت، "دەوڵەتی ڕووسیا هەموو کات پارێزەری ڕاستگۆی، ئاسایشی و یەکگرتووی بە رژەوندییەکانی جیهانی ئیسلامی بووە"[٥٦]. هەروەک لە گوتارەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە ڕووسیا کاردەکات بۆ ئەوەی وەها نیشان بدرێ کە دۆستی موسلمانەکان و پارێزەی ئیسلامە. هەروەها دەستوەردانی تاک لایەنی ڕووسیا بۆ کاروباری دەوڵەتانی موسلمان بە شێوەیەکی سروشتی هەڵوێستی دژی لە جیهانی ئیسلامی لێدەکەوێتەوە بۆیە مۆسکۆ لە جیهانی ئیسلامیدا لەگەڵ تاران بەیەکەوە کاردەکەن. باشترین و بەرچاوترین نموونە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان لە جیهانی ئیسلامی بەیەکەوە کارکردنیانە لە سوریا.

**٧. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ناوەڕاستی ئاسیا**

مەبەست لە چەمکی ناوەڕاستی ئاسیا ئەو ناوچەیە کە بەشێوەی کلاسیکی پێی دەڵێن تورکستان، واتە زەوی یان خاکی تورکەکان، لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکیەوە ناوەڕاستی ئاسیا ناوی کلاسیکی تورکەکانە. سنووری نێوان ئێران تورکستان چیای ئەلبورزە لە باڵی ڕۆژهەڵاتدا. هەرچۆنێک بێت، لە سەردەمی بەهێزبوونی بە ئاسانی توانای داگیرکردنی دۆڵی نێوان ڕووبارەکان هەبوو. لەکۆنەوە بەردەوامبوونی ڕکابەری جیۆپۆلیتیکی لە نێوان ئێران - توران و ئێران – تورکستان بە دەست پێکردنی لەناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدە و بەتەواوبوونی سەدەی بیست ناوچەکە بە داگیرکردنی لەلایەن

چین و ڕووسیا کۆتایی پێهات. ئەو ناوچەیەی لەژێرکۆنترۆڵی چین دابوو بە تورکستانی ڕۆژهەڵات ناودەبرا، ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیاش بە تورکستانی ڕۆژئاوا ناودەبرا. لە دەرئەنجامدا تورکستان لە بکەرێکی جیۆپۆلیتیکیەوە گۆڕدرا بۆ کارتێکەری جیۆپۆلیتیکی.

بابەتی باشووری تورکستان لە دوای ململانێی هێز لە نێوان بەریتانیا و ڕووسیا وەک شوێنی نفوزی بەریتانیا دیاریکرا و پاشان دەوڵەتی ئەفغانستانی لەسەر دروستکرا. سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر ئەفغانستان لە خوارەوە لە چوارچێوەی باشوری ئاسیا باس دەکرێت. چونکە ئەم دەوڵەتە لە ئێستادا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکەوە زیاتر دەکەوێتە نێوان ئێران – پاکستان – هیندستان[٥٧].

لە دوای دابەشبوونی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ناوچەی ناوەڕاستی ئاسیا وەک بابەتێکی گرنگ دەرکەوت لە ململانێی نێوان زلهێزە جیهانییەکان و ئەکتەرە هەرێمییەکان[٥٨]. هەوڵەکان لە ناوەڕاستی ئاسیا بۆ پرۆسەی یەکگرتووی هاوبەش دەستی پێکرد بۆ ئەوەی ببنە بکەرێکی جیۆپۆلیتیکی بەڵام هەولەکان بە ئەنجام نەگەیشت[٥٩]. کاتی سەیری هەرێمەکە دەکرێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی وەک بکەری نوێ هەریەکە لە قرقیزستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان و تاجیکستانن، سیاسەتی دەرەوەی ئەم دەوڵەتانە دەکەوێتە ژێرکاریگەری هەلوێستی ئەکتەرە جیهانی و هەرێمییەکان.

## ١.٧. ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی

ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانیدا جێگەی سەرنجی واشنتۆن، مۆسکۆ و پەکینە[٦٠]. لەم سێ دەوڵەتە دوانیان سنووری هاوبەشیان لەگەڵ ناوچەکە هەیە. ڕووسیا ناوچەکە وەک باخچەی دواوەی خۆی لێکدەداتەوە، دەوڵەتی چینیش لەرووی ئابوورییەوە بەشێوەیەکی کاریگەر هاتۆتە ناوچەی ناوەڕاستی ئاسیا، ئەمریکاش لەبەر هۆکاری گرنگی ستراتیجی پەیوەست دەبێت بە ناوچەکە لەگەڵ سنووردارکردنی تواناکانی چین و ڕووسیا. ئەمریکا هەندێک جار وەک ئەوەی لە قیرقیزستان ڕوویدا دەیەوێت بەپشتگیری کردنی هێزە دیموکراسیەکانی لایەنگری خۆی، لەڕێگەی شۆرشی نەرمەوە دەوڵەتانی ناوچەکە بۆلای خۆی ڕاکێشێت، لە قۆناغی ئێستاشدا لە ناوەڕاستی ئاسیا پێی گەیشتووە، دەکەوێتە ژێر سەرکردایەتی چین و ڕووسیا بۆ دروستکردنی بالآنسی لەگەڵ ئەمریکا. ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوە لەوەی کە جگە لە تورکمانستان هەرپێنج دەوڵەتەکەی دی پێویستە ببنە ئەندامی ڕێکخراوی هاوپەیمانی ئاسایشی بەکۆمەڵ، کە چوارچێوەیەکی ئەمنییە، لەژێر سەرکردایەتی ڕووسیا، هەروەها ئەندامبوونیان لە ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای.




نەخشەی ناوەراستی ئاسیا

*(Kaynak: https://www.recipeshubs.com/food?t=central-asia)*

لەم ڕووەوە ئەگەر بــاس لە شــوێنی جیۆپــۆلیتیکی ئێــران لەنــاوچەکە بکرێــت، دەبینــین ئێــران دەکەوێتــنە ناوەڕاســتی سێگۆشــەی ناوەڕاســتی ئاســیا تــاران – مۆســکۆ – پەکــین. سیاســەتی ئێران لە ناوەڕاستی ئاسـیا لە چوارچێـوەی تەوەری مۆسـکۆ – پەکین شـوێن دەگرێت. بە تـایبەتیش ئێران لە ڕێگەی ناوەڕاسـتی ئاسـیا کـاریگەری لەگەڵ چـین ڕوو لەزیـادبوونە. لە ڕوانـگەی جیۆپـۆلیتیکەوە هەوڵەکـانی ئێـران بـۆ ئەنـدامبوون لە ڕێکخــراوی هاریکــاری شــەنگەهای بە شــێوەیەکی سروشــتی دەبینرێــت. بەڵام وەهــا بیردەکــرێتەو کە چــین نایەوێــت وەک پشـتیوانی ئێـران دەربکەوێـت. هەروەهـا یەکێـک لە هۆکارەکـانی درێژکردنەوەی پرۆسەی ئەندامێتی ئێران لە ڕێکخـراوەکە ئەوەیە کە ڕێکخــراوەکە دەســتەبەری بەرژەوەنــدییەکانی چــین دەکــات، لەبەرامـبەر ئەمریکـا نایەوێـت ناسـنامەی ئێرانـی بەهێزبێـت، ئەمە

وەک بوونی گریمانەیەک دەبینرێت.
لە ڕوانگەی ئابووری ناوەڕاستی ئاسیا پەیوەندی ئێران لەگەڵ چین بەهێز دەکات، چونکە ناوچەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی هێڵی بازرگانی لە نێوان ئاراستەی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا. لە ڕوانگەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمدا ئێران و ڕووسیا دەبنە ڕکابەری یەکتری. ئەو ڕێگا وشکانی و ئاسنینانەی لە چینەوە دێن یان بە ئاراستەی باکوور لەڕێگەی ڕووسیا یانیش بە ئاراستەی باشوور لەڕێگەی ئێرانەوە تێپەڕدەبێت. هەروەها چین لە بابەتی دابینکردنی نەوت و گازی سروشتی لەگەڵ ئێران و ڕووسیا لە بارودۆخی ململانێدا دەبێت. بەڵام لەم قۆناغەدا بۆ ڕووسیا ئەولەویاتە جیۆپۆلیتیکیەکان زیاتر لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ناهاوسەنگ دەبێت.
هەڕەشەی تورکیا، هەستی ترسی هاوبەشە کە ئێران، ڕووسیا و چین بەیەکەوە گرێدەدات، لە پێکهاتەی هەرسێ دەوڵەتدا ڕێژەیەکی زۆر نفوزی تورک هەیە. بە درێژایی مێژوو بوونی تورکەکان لە ناوەڕاستی ئۆراسیا کاریگەری کردۆتە سەر هەرسێ دەوڵەت. بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران، دەرکەوتنی وەک ئەکتەرێکی جیۆپۆلیتیکی ناتوانێ ڕۆڵی خانەدانە تورکەکان لەبەرچاو نەگرێت. ڕووسیاش وەک بکەرێکی جیۆپۆلیتیکی خۆی بە بەردەوامیدان و درێژە پێدەری دەوڵەتی سوپای زێڕین لێکدەداتەوە. لە بکەری جیۆپۆلیتیکی چینی، بوونی خاوەنی ناسنامەی تورک یان ڕاستره بلێین کۆچەرییەکان، لەم دوایانەشدا دانپێدانانی لەلایەن مێژوونوسە چینیەکان بەگەڕانەوەی ڕەگوڕیشەی خانەدانەکانی وای، تانگ، لیاو، ژین، یوان و کینگ بۆ کۆچەرییەکان. بۆیە بوونی ڕێژەیەکی زۆری

تــورک له پێکهـاتەی دەوڵەتـی چـین سروشـتییە. لەفیدراسـیۆنی ڕووسـیا گروپـی جیـاوازی تـورکی وەک نۆگـایلەر، کارەچـایلەر و هاکاسـلەر دەژیـن. بەڵام ڕێـژەی زۆریـنەی ئەمـانە لەنێـوان (١٠٠) بـــۆ (٥٠٠) هەزار کەس دەبێـــت. بـــوونی (١٠) ملیـــۆن تەتەر لە پێکهاتەی کۆمەڵگە ئەگەرێکی بەهێزیـی، بوون بە دەوڵەتیـان هەیە. لە چین تورکەکان لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی (Uygur-Xinjian) ئویگـور – خینژیـان دا دەژیـن، هاوشـان لەگەڵ تورکەکـان لەم نـاوچەیە کازاکییەکـان، قرقزییەکـان و ئویگورەکـانیش دەژیـن. یەکەم دوو دەوڵەتی تورک لە دەرەوەی سنور بەگوێرەی ئویگورەکان زیـاتر گونجاوە. لەبەر ئەوە ئویگورەکان هەندێک جار ڕەخنە ئاراستەی سیاسەتەکان چین دەکەن.

هەرچەنـدە لە ئێـرانیش بە شـێوەی جیـاواز تورکەکـان بوونیـان هەیە، کە زۆرترینیـان تـورکی ئـازەری و تورکمـانن. لە کـۆنەوە ئازەرییەکان هەستی ناسنامەی شیعی زیاتر لە ناسنامەی تـورکی بـوونی هەبـووە. لەبەرئەوەش لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا لە تەوژمە نەتەوەییەکانــدا، هەروەک نووســـەر (تـــۆوراج ئەتابـــک) دیاریکردووە، ئازەرییەکان گروپێکی ئیتنیکی نین، بەڵکو پاڵپشـتی لە ناسـنامەی دەوڵەتێـک دەکەن کە پشتبەسـتووە بە ناسـنامەی مەزهەبی شیعی ئێرانی[٦١]. بۆیە لە شـەڕی نێوان ئێران و عێراق ئازەرییەکـان بەهەمـان شـێوەی کوردەکـان پشـتگیریان لە عیـراق نەکـــرد بەڵکـــو بە پـــێچەوانەوە بـــوون بە خـــاوەنی ئێـــران و پشـــتگیرییان لە ڕژێمـــی ئێـــران کـــرد دژی عێـــراق. لە دوای دابەشبوونی سۆڤیەت و دروستبوونی دەوڵەتـی ئازەربایجـان لە بـاکووری ئێـران لە نێـو ئازەرییەکـانی ئێرانـدا وەهـا نیشـاندرا بیـرۆکەی ناسـیۆنالیزمی تـورکی بەرەو هەڵکشـان چـووە. بەڵام

نیشـــاندانی یـــانیش پێشـــبینیکردن بـــۆ ئەوەی دیـــاری بکرێـــت کە ئازەرییەکان تا چەند پاڵپشتی لە دەوڵەتی ئێران دەکەن یانیش تـا چەنـــد پشـــتگیری لە داواکردنـــی ســـەربەخۆی دەوڵەتێـــک بـــۆ ئازەرییەکـــان دەکەن، ئەمە قورســـە. چـــونکە ئازەرییەکـــان لەگەڵ فارســـەکان بەیەکەوە دەژیـــن و هەروەهـــا لە بـــارەی بـــارودۆخی ناســـنامەی تـــورکی و شـــیعی ئازەرییەکـــانی ئێـــران لە ئێســـتادا پێویستی بە توێژینەوەیە بۆ دیاریکردنی ناسنامەیان.

کاتێ باس لە تورکمانەکانی ئێران دەکرێت، کە نزیکەی (٢) ملیۆن لەڕێـژەی دانیشـتوانی لە کـۆمەڵگەی ئێـران پێکـدێنن، لەنـاوچەی بیابانەکـانی تورکســتان دەژیـن. بەهـۆی ئەوەی تورکمانەکـان لە ئێران ناسـنامەی مەزهەبیـان سـوننەیە لەلایەن دەوڵەتـی ئێرانـی و ڕژێمـی ئیســلامی وەک لایەنێکـی پەراوێزخـراو قەبـوڵ کـراون. لەدەرەوەی سنووری ناوچەکەیـان بوونی دەوڵەتی تورکمانستان وایکـردووە ناسـنامەی تورکیـان بەهێـز بێـت. لەبەرئەوە هۆکـاری ســەرەکی نیشــاندانی ناســەقامگیری بـارودۆخ لە ئێـران بەیەکەوە گرێدانی تورکمانەکانی ئێرانە لەگەڵ تورکمانستان.

وەک دەرئەنجـام، لە ڕوانـگەی جیۆپـۆلیتیکی جیهـانییەوە ئێـران لە ناوەڕاســتی ئاســیا دژی دەرکەوتنــی ڕژێمێکــی دوژمنکــاری بــۆ ئێـــران و نزیـــک لە ئەمریکـــا دەوەســـتێتەوە. لەم ڕووییەشـــەوە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و چین هاوشـانی یەکتـر دەبن. ئێران لە ناوەڕاسـتی ئاسـیا بەهەمـان شـێوەی ڕووسـیا و چین ترسـی هەیە لە سـەرهەڵدانی بکەرێکـی جیۆپـۆلیتیکی تـورکی. لەبەر ئەوە تورکیا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بەیەکەوە گرێ بدات بەرەو ڕووی بەیەکداچڕژان دەبێتەوە.

### ٢.٧. ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی لە ناوەڕاستی ئاسیا ململانێی نێوان تورکیا – ڕووسیا و تورکیا – ئێران بەرچاودەکەوێت. ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕوانگەی دەوڵەتانی تورک، دەوڵەتی تورکیا گرنگە. چونکە لەلایەکەوە تورکیا دەوڵەتە تورکەکان بەهێز دەکات لە بەرامبەر روسیا، لەلایەکی ترەوە تورکیا وەک دەروازەی کرانەوەی ناوەڕاستی ئاسیا لە قەلەم دەدرێت بۆ ڕۆژئاوا. لە سەرەتاکانی سالآنی (١٩٩٠)ەکانەوە تورکیا بە شێوەیەکی باش نەگەیشتە ئەنجام وەک ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد. بەڵام ئەم خاڵەی پێی گەیشتووە ئەوەیە تورکیا لە ناوەڕاستی ئاسیادا وەها نیشاندەدرێت کە هێزی نەرمی خۆی جێگیرکردووە. لە راستیدا لە ناوەڕاستی ئاسیادا ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە ململانێی جیۆپۆلیتیکیەکان زیاتر لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە بەرەو پێش دەچن. هێزە هەرێمی و تەنانەت هێزە جیهانییەکانیش لەم ناوچەیە کاردەکەن بۆ تیکشکاندنی قۆرخکاری سەربازی، سیاسی، ئابووری و کلتووری مۆسکۆ لەناوچەکە. وەها دێتە بەرچاو قۆرخکاری مۆسکۆ لەلایەن یەکینەوە تێکدەشکێنرێت. چونکە ڕووسیا لەگەل چین لە بواری ئابووری نە بەڵێنی ڕاکێشانی نە بەڵێنی پێشوازی لێکردنی هەیە. هەروەها ڕێکخراوی یەکێتی ئابووری ئۆراسیا دواین هەوڵی مۆسکۆیە لە بەرامبەر چین. وەک هێزی نەرم بابەتەکانی کلتوور و ناسنامە ململانێ زیاتر ئالۆز دەبێت.

مۆسکۆ لە سەردەمی سۆڤیەتدا بۆ پاراستنی زمانی هاوبەشی ڕووسی و کلتووری سۆڤیەت لە چوارچێوەیەکدا هەموو

تواناکـــانی خـــۆی خســـتبووە گەڕ. هەر یەکە لە کەنالەکـــانی تەلەفزیـــۆنی ڕووســـی، ڕۆژنـــامە و گۆڤارەکـــان، قوتابخـــانە ڕووســـیەکان، پێشکەشـکردنی سکۆلەرشـیپ لەلایەن زانکۆکـانی حکـومەتی ڕووسـیا بـۆ دەوڵەتـانی نـاوچەکە، بڵاوبـوونەوەی ئەو فـیلم و دۆکیۆمێنتاریـانەی بـاس لە سـەرکەوتنەکانی سـۆڤیەت لە جەنگـی جیهـانی دووەم و دۆزیـنەوەی بۆشـایی ئاسـمان دەکەن، ئەمـــانە هەمـــوو وەک ئـــامرازی گرنگـــی سیاســـەتی ڕووســـیا هەژمـــاردەکرێن. هەروەهـــا ئەو دەوڵەتـــانەی لە پرۆســـەی دروسـتبووندان گرنگـی دەدەن بە بنیاتنـانی کلتـوور وەک پـایەی سـەرەکی لە بەرامبەر کلتـوور و زمـانی ڕووسـی تێدەکۆشـن. لەم ڕوانگەیەشەوە پشتگیری کردنی دەوڵەتانی نـاوچەکە لە کلتـوور و ناسـنامەی تورکیـا بەهێزبـوونی دەسـتی دەوڵەتەکـان دەسـتەبەر دەکـات لەو ململانێـیە. لەبەر ئەم هۆکـارەش تورکیـا دەوڵەتـانی نـــاوچەکە وەک هـــاوبەش و هاوپەیمـــان دەبینێـــت لە بـــواری کلتـــووری لە بەرامـــبەر ڕووســـیادا. بە واتـــایەکی دی، ئەگەر ڕووسـیا کاربکـات لە پێنـاو پاراسـتنی بەهـا کۆنەکـان، ئەوا تورکیـا کاردەکات لە پێنـاو بەهـای نوێ یـانیش ڕاسـترە بگوترێت تورکیـا لە پێنـاو زینـدوکردنەوەی بەهـا کۆنەکـانی پـێش سـۆڤیەت و لەم بـوارەدا پشـتگیری لە هەوڵەکـان دەکـات. تورکیـا نـاوی جیهـانی تـــورکی ناونـــاوە بـــۆ ئەم بەهـــا هاوبەشـــانە. هەروەهـــا ئەنـــقەرە گرنگییەکـــی تـــایبەتی دەدات بە بڵاوبـــوونەوەی زمـــانی تـــورکی ئەوەی کە لە تورکیـــا قســـەی پێـــدەکرێت. ئەنـــقەرە لە ڕێـــگەی پێشکەشـکردنی سکۆلەرشـیپ بـۆ هەزاران قوتـابی لە ناوەڕاسـتی ئاسـیا ڕوو لە تورکیـا دەکەن. هەروەهـا لە ناوچەکەشـدا زانکـۆی

کردۆتەوە، سەرباری ئەمەش لە زانکۆ ناوخۆییەکانی تورکیاش بەشی تورکۆلۆژی کردۆتەوە بۆ خزمەتکردنی ئەم بوارە. ئەمانەش بۆ سێکتەری تایبەتی جیۆپۆلیتیک یارمەتیدەرە، ئەوانەی فێری زمانی تورکی بوونە بە ئاسانی کاریان دەستدەکەوێت لە کۆمپانیا تورکیەکانی ناوچەکە.
هەڵکشانی نفوزی تورکیا بەم شێوەیە وای لە ڕووسیا کردووە کاربکات لەگەڵ ئێران بۆ دروستکردنی هاوسەنگی، بەڵام ئێران بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم شێوەیە هێزی ئابووری پێویستی نیە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێران لە تاجیکستان کۆمەلێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. سیاسەتی ئێران لە تاجیکستان لە باسی داهاتوودا لە چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی ئاریدا باس دەکرێت. ئێران لە ناوەڕاستی ئاسیا لە نێو دەوڵەتانی تورک تەنها لە پەیمانگای زانستی ڕۆژهەلاتی، زانکۆ سەرەکییەکانی پایتەختەکان بەشی سەرەکی زمانی فارسی کردۆتەوە. بەڵام ئەوانەی زمانی فارسی تەواو دەکەن بە زەحمەت کاریان دەستدەکەوێت. هەروەها ئەوانەی لە ئێران دەخوێنن یان خوێندنیان تەواوکردووە لە ئێران، پاش ئەوەی دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان ژمارەیان نازانرێت لە ناوەڕاستی ئاسیا. بەڵام ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە کە ئەوانەی لە ئێران خوێندویانە کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای شیعەگەرین بە ئاسانی کاریان دەستناکەوێت. کەواتە بەکورتی زمانی فارسی لە ناوەڕاستی ئاسیا زۆر جێگەی باوەڕ نیە بەبەراورد لەگەڵ زمانی تورکی.
کاتێ دێینە سەر باسی ئایین وەک ئامرازێکی کاریگەری

جیۆپۆلیتیـــک، دەبینـــین لەگەڵ ڕووخـــانی یەکێتـــی ســـۆڤیەت و لەدەستدانی ئایدۆلۆژیای ئەتایزم لەناوچەکە بۆشایی ئایدۆلۆژی هـــاتە ئـــاراوە. لەپێنـــاو پڕکـــردنەوەی ئەم بۆشـــاییە ئایـــدۆلۆژیە دەوڵەتـــانی وەک پاکســـتان، ئەفغانســـتان، عەرەبســـتانی ســـعودیە، میسـر و تورکیـا کـۆمەڵ و تەریقەتـی جۆراوجۆریـان نـاردە ئەم نـاوچەیە. بەڵام ئێـران لەم بـابەتەدا، بـۆ ئەوەی ڕووسـیا دڵگـران نەبێت سەرنجی نەخستە سەر ئەم پرسە.

لە ڕوانـگەی بیروبـاوەڕ، چـارەکی کۆتـایی سـەدەی ڕابـردوودا، لەلایەن عەرەبسـتانی سـعودیە بنچیـنەی بیروبـاوەڕی وەهـابیزم هەم لەنێـو خەڵکـدا هەمـیش لە دەسـەڵاتدا هەڵکشـانی کـاریگەری بەرچاودەکەوێـــت. ســـەرەڕای هاوســـنووری ئێـــران لەگەڵ ناوەڕاستی ئاسـیا تـاران بەهۆکـاری ناسـنامەی شـیعی و لاوازی بـارودۆخی ئـابووری نەبـوو بە ناوەنـدێک بـۆ خەڵکـی ناوەڕاسـتی ئاسیا.

لە ناوەراسـتی ئاسـیا کەم لە ئەکـتەرە هەرێمییەکـان تایبەتمەنـدی دیـاریکردنی هەیە لە بـارەی ململانێـی جیۆپـۆلیتیکی. هەرچەنـد لە بـواری کلتـووری، ئـایینی و ئـابووری چـین، تورکیـا، عەرەبسـتانی سـعودیە قۆرخکـاری مۆسـکۆیان تێکشـکاندبێت، بەڵام لە ڕووی سیاسی و سەربازی تا ئێستا لەبەرژەوەندی ڕووسیایە.

کاتێـــک هەنـــدێک لە دەوڵەتـــانی نـــاوچەکە سیاســـەتی ئێـــران هەڵدەسـەنگێنن، بـوونی پەیوەنـدییەکانی تـاران لەگەڵ دەوڵەتـانی ناوەراستی ئاسیا لە ئاستی جۆراجۆر دەبینرێت. لە ڕابردوودا لە ڕوانـگەی ئێـرانەوە دەوڵەتـانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا بـۆ ئەوەی دەوڵەتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لە تەنگـانە ڕزگـار بکـات وەک بوارێکی باش هەستی پێکراوە(٦٢).

ئەگەر بەراوردی قەفقاسیا لەگەڵ ناوەراستی ئاسیا بکرێت، لە ناوەراستی ئاسیا نەگەیشتنی ناکۆکی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان بە بارودۆخێکی بنبەست ڕێگر دەبێ لە چالاکبوونی ئێران لە ناوچەکە. سەرەڕای ئەکتیف نەبوونی لە ناوچەکە، تاران پشت بەدوو هۆکار دەبەستێت: ئەمانیش مافی یاسایی لە دەریای قەزوین و شەڕی ناوخۆی تاجیکستانە.

## ٣.٧. جیۆپۆلیتیکی دەریای قەزوین

مافی یاسایی دەریای قەزوین بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕێکخراوە. ئەو ڕێککەوتنەی لە ساڵی (١٩٢٠) لە نێوان هەردوو دەوڵەت کراوە ئەمڕۆ کاری پێدەکرێت. سەرەرای ئەوەی تەنها ئەم دوو دەوڵەتە نین کە کەوتوونەتە سەر دەریای قەزوین، بەڵکو پێنج دەوڵەتی تریش لە خۆدەگرێت. ڕووسیا بەپێی یاسای هێڵی تالوک پشتگیری لە شێوەی دابەشبوونی زەوی دەریاکە دەکات، کازاخستان، ئازەربایجان و تورکمانستانیش پشتگیری لەم بیرۆکەیە دەکەن. ئێرانیش دەیەوێت خاکی دەریای قەزوین بە شێوەی یەکسان (٢٠٪)ی بدرێتە ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە سەر دەریاکە. کاتێک دێینە سەر ئاوی نێودەریاکە، ڕووسیا و دەوڵەتاتی نێو یەکێتی سۆڤیەتی جاران پشتگیری لە کرانەوەی دەریاکە دەکەن بۆ هاتووچۆی نێودەوڵەتی بە هاوبەشی بەکاربێت.بەڵام ئێران دەیەوێت ئاوی دەریاکە دابەشی سەر سنوورە میللیەکان بکرێت[٦٣].




نەخشەی دەوڵەتانی دەریای قەزوین
*(Kaynak: http://www.yourchildlearns.com/online-atlas/ images/caspian-sea-map.gif)*

بەردەوامبوونی گفتوگۆکانی چارەکی کۆتای سەدەی ڕابردوو لە چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە وەها نیشاندەدرێت کە تاران ڕازی بووبیت لەم بارودۆخە، وەها بیردەکرێتەوە تاکە هۆکاری سەرەکیش لەگەڵ لە دەستنەدانی ئابووری ئێران پەیوەندی بە شوێنی جیۆپۆلیتیکی تارانەوە هەیە. ئەگەر کێشەی دەریای قەزوین چارەسەربکرێت، ئەوا نەوت وگازی سروشتی دەریاکە بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بە واتای لە دەستدانی لایەنە ئەرینیەکانی ئێران دێت لەم بوارە. هەروەها لەگەڵ چارەسەری کێشەکە دەکرێت لەژێر دەریاکە هێڵەکانی بۆڕی ڕابکێشرێت. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، گازی سروشتی بیابانەکانی تورکمان لە ئێران و نەوتی کازاکییەکان لە ڕێگەی دەریای قەزوینەوە بۆ ئازەربایجان و ئەوەی دیش لە ڕێگەی گورجستان دەگاتە تورکیا. ئەو پرۆژەیە لەلایەکەوە دەبێتە

ئەلتەرنـاتیڤی نەوت و گـازی ئێـران، لەلایەکـی دیشـەو بەواتـای بەهێزبوونی دونیای تورکی دێت. لەبەرئەم هۆکارانەش لە بابەتی چارەسـەری کێشـەی دەریـای قەزویـن وا گریمـانە دەکرێـت کە بەبێ بوونی ویستی ئێرانە. ئێران بە ئامانجی هەڵگرتنی ئابلوقە ئابووریەکـانی کە لەسـەری جێبەجێکـراوە و دەسـتەبەرکردنی گەشـانەوەی ئـابووری لەوانەیە ئێـران بچێـتە نێـو ڕێککەوتنـی چارەسەرکردنی کێشەی دەریای قەزوین.

## ٤.٧. جیۆپۆلیتیکی نەژادی ئاری

لە نێـوان دەوڵەتـانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا تاجیکسـتان، زمـانی هاوبەش، کلتووری هـاوبەش و ڕەگوڕیشـەی ئیتنیکی هـاوبەش و چەنـدین فـاکتەری دی لەگەڵ ئێـران بەشـدەکات. لەبەرئەوە پێویستە تاجیکسـتان جیـابکەینەوە لە سیاسـەتی ئێران بەرامـبەر کۆمـارە تورکەکـانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا. لە پرۆسـەی بنیاتنـانی ناسنامەی نیشتمانی کۆمارەکانی تـورک، تورکیا بە چ شـێوەیەک ڕۆڵـی گێـڕا، بە هەمـان شـێوەش بـۆ تاجیکسـتان ئێـران ئەو ڕۆڵە دەگێڕێـت. تـاران لە سیاسـەتی بـابەتی بەهـا هاوبەشـەکان بە شـێوەیەکی کـاریگەر جێبەجێـدەکات. ئەم سیاسـەتەش دەتـوانین ناوی بنێین جیۆپۆلیتیکی ئاری. نووسـەر (ئاکتـای ئاکدەڤەلیئۆغلۆ) دیـاریکردووە کە شـیعیزم و کلتـووری فـارس لە سیاسـەتی دەرەوەی ئێران بەیەکەوە کاریان لەسەر دەکرێت(٦٤).

*"لەگەڵ کـۆکردنەوەی سـەدەکان، بەقورسـی بەدەسـتهێنانی بەرهەمەکـانی فـارس لە ئەدەبیـاتی شـیعە و دەرئەنجـامی بەئێرانیکردنـی شـیعە، زمـانی فارسـی و کلتـووری فـارس نـیمچە پیرۆزیەکـی بەدەسـتهێنا بـۆ شـیعە. لەبەرئەوە هـیچ نـاکۆکیەکی*

*ڕاستەوخۆ لە نێوان سیاسەتی دەرەوە و ئایدۆلۆژیای ئێران نابینرێت. جیاکردنەوەی نێوان ئاراستەی شیعیزم لە سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ ئاراستەی کلتووری فارس لە سیاسەتی دەرەوە ئاسان نیە. لەگەڵ ئەوەدا بوونی زۆری تاجیکیە سوننەکان لەناو کلتووری فارس یان قسەکردن بە زمانی فارسی لەگەڵ موسلمانەکانی جیاوازە، ڕۆڵ گێڕانی ئەم بیروباوەڕەش ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەم هەڵوێستە وەک ناسیۆنالیزمی فارسی بێت، هەستی گرنگیبوونی کلتووری فارسی لەنێو شیعەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت.*"

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکدا لە سیاسەتی تاران بەرامبەر ڕۆژئاوای ئاسیا، فاکتەری شیعە وەک ئامرازێک بەکاردێت، لێرەدا پێویستە بەهاکانی ئێتنیک و زمان بەکاربێن کە پەیوەست بە ڕەگەزی ئاری.




نەخشەی زمانەکانی ئێران یان ڕەگەزی ئاری
*(Kaynak: http://www.essex.ac.uk/larg/contact/)*

لە ڕووی جوگرافییەوە هیچ سنوورێکی وشکانی لەنێوان ئێران و تاجیکستان نییە، بەهۆی نەبوونی سنووری وشکانی بە شێوەیەکی گشتی بوونی هەستکردن بە هەڕەشە فاکتەری ڕێگریکردنە. چونکە لە سیاسەتی دەروەی وڵاتە دراوسێییەکاندا بارودۆخی هەڕەشەی بەرامبەر بەردەوام لە گۆشەیەک دەوەستێت. لەبەرنەبوونی سنووری هاوبەش لە نێوان ئێران و تاجیکستان هەلوێستی ئەرێنی تاجیکستان لە بەرامبەر ئێران بەهێزدەکات. هەروەها ئێران لە چوارچێوەی دروستکردنی یەکێتی دەوڵەتانی فارس زمان لە نێوان ئێران، تاجیکستان و ئەفغانستان پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ تاجیکستان دروستدەکات. لە ئەفغانستاندا وەک ئایدۆلۆژیا تالیبان وەک ڕکابەری ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە ئەنجامی دەستوەردانی ئەمریکا لە دەسەڵات دوور خرایەوە، کاریگەری ئێران لە ئەفغانستان ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوە دایە. ئێران لە هەرسێ دەوڵەتی فارس زمان بەهۆی توانای ئابووری و ئەزموونی ئەرێنی دەوڵەتداری وەک برا گەورە دەرکەوتووە. لەبەرئەوە کاتێ ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا جیۆپۆلیتیکی شیعە بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاردێنێت، لە ڕۆژهەڵاتیشدا گوتاری جیهانی فارس وئاری وەک ئامرازێکی کاریگەری جیۆپۆلیتیک بەکاردێنێت.

## ٨. کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە باشووری ئاسیا

باشووری ئاسیا لە قۆناغی مێژوویدا وەک ناوچەی بەرفراوانبوونی دەوڵەتەکانی ئێران دەردەکەون. ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتەی کە بە پاکستان ناودەبرێت لە ئەنجامی کاریگەری

دەوڵەتە مەرکەزییەکانی ئێران لەگەڵ هیندستان هاتۆتە ئاراوە. باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی ڕژێمی ئیسلامی وەک دەروازەی کرانەوەی ئێران بۆ وڵاتانی موسلمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دیاریدەکرێت. لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا دوای گفتووگۆکردنی باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی و جیهانی، شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ناوچەکە بە تایبەتی لە ئەفغانستان باس دەکرێت.

## ١.٨. باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی

باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی، وەک ناوچەی بڵاوبوونەوەی هێزی وشکانییە کە لە ناوچەکانی ناوەوەی ئۆراسیاوە دێن، لەهەمان کاتدا وەک شوێنی دەرچوونی کیشوەرەکە بۆ هێزی دەریایی کە لە باکورەوە دێت، خاوەنی گرنگی ستراتیجیە. لە سەدەی نۆزدە بەریتانیا هیندستان وەک مرواری هەژماردەکرد، سیاسەتی بەرفراوانبوون ئیمپراتۆریەت ئامانجی دەوڵەتی ڕووسیا بوو. کاتێک بەریتانیا بەرەو ناوچەکانی ناوەوەی ئۆراسیا پێشڕەوی دەکرد، ڕووسیاش لە ڕێگەی ناوەڕاستی ئاسیا و قەفقاسیاوە بۆ هیندستان بڵاودەبووەوە. لە دوای سەربەخۆیی هیندستان ململانێی هێزی دەریایی – وشکانی و تێگەیشتنی دروستکارانی بڕیاریی هیندی لە گرنگی ستراتیجی ئەو ململانێیە، بە دروستکردنی بلۆک بێلایەنی لە بەردەوامیبوونی پرۆسەی ململانێیەکە لە سەردەمی جەنگی سارد دا، شوێنی جیۆپۆلیتیکی هیندستان بەهێز دەکات. هەروەها لە پرۆسەی بنیاتنانی هیندستان وەک بکەرێکی بەهێز

بـارودۆخەکە بەجیـابوونەوەی پاکســتان لە هیندســتان گەیشــت. ئەگەر هیندســـتان پـــارچە پـــارچە نەبـــوایە لەوانەیە لە ئێســـتادا دەبـــووە وڵاتێکـــی گەورەی موســـلمانی خـــاوەن نفـــوزی زیـــاتر. ناکۆکی نێوان هیندستان و پاکستان بوونی پێگەی هێزە هەرێمی و جیهانییەکـانە لە نـاوچەکە. بە تـایبەتی بەریتانیـا لە ڕابـردوودا خاوەنی هیندستان بوو، هەموو کات ڕۆڵـی خـۆی دەبینـی بەهـۆی حاکمیەتی لە هەردوو وڵات دەیتـوانی بەردەوامـی بـدات بە پێگەی خۆی لە ناوچەکە.



نەخشەی باشوری ئاسیا

*(Kaynak: http://www.alearningfamily.com/main/south-asia-political-map/)*

لە ســەردەمی جەنگـی ســارد دا پاکســتان لەگەڵ ئێـران لە بلـۆکی ئەمریکـا بـوون و بـوونە ئەنـدامی ڕێکخـراوی بەغـدا ( Central Treaty Organization “CENTO”) لە دژی یەکێتی سۆڤیەت. پاشان پاکســـتان بـــووە ئەنـــدامی ڕێکخـــراوی "هاوپەیمـــانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا" ( Southeast Asia Treaty Organization ”SEATO”). لە ڕاسـتیدا هەڕەشـــەی کۆمـۆنیزم لەســـەر پاکســـتان

وەک ئەوەی لە ئێران ڕوویدا بەهێز نەبوو. ئیسلام ئاباد ئەو پەیوەندییە نزیکیەی لەگەڵ ئەمریکا هەیبوو دەیویست لە ململانێ لە بەرامبەر هیندستان بەکاربێنێت. سەرەڕای ئەوەی هیندستان لە بلۆکی بێلایەنەکان بوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە بلۆکی ڕۆژئاوا لەگەڵ پاکستان بالانس دروست بکات، دەستی بە پێشخستنی پەیوەندییەکانی کرد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت. ئەفغانستانیش هەرچەند وەک هیندستان لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا بۆ جێبەجێکردنی بالانسی سیاسی کاری کردبێت، دەرئەنجام بالانس بەلای ڕووسیا دا ڕۆیشت، لە ئەفغانستان حکومەتێکی چەپ هاتە سەر دەسەلات. لە شەڕی ناوخۆی (١٩٧٨) دا ڕووسیا بۆ ئەوەی پشتگیری لە حکومەتی چەپی نزیکی خۆی بکات دەستوەردانی کرد لە کاروباری ناوخۆی ئافغانستان. بەکورتی لە بارودۆخی ناوچەکەدا کاریگەری جیۆپۆلیتیکی جیهانی نیشان دەدات.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لێکدانەوە بۆ شوێنی ئێران بکەین، تا ساڵی (١٩٧٩) ئێران لەگەڵ تورکیا و پاکستان لە چوارچێوەی پشتێنەی سەوز سیاسەتی سنووردارکردنی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم بەیەکەوە لەگەڵ ئەمریکا لەیەک بەرەدا کاری دەکرد. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی و گۆڕانکاری لە دەسەلاتی سیاسییدا ئێران لە بلۆکی ڕۆژئاوا کشایەوە. لەم بارودۆخەشدا ئێران لەلایەن هاوپەیمانە کۆنەکانی تورکیا، عێراق و پاکستان دەورەدرا. لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی ئەندامێتی ئێران لە گروپی دەوڵەتانی بێلایەن پێشخستنی هاوکارییەکانی لەگەڵ هیندستان لە بابەتی پێشەوەی بوون.

## ٢.٨. باشووری ئاسیا لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی

لەباشــوری ئاســیادا هاوپەیمــانە جیۆپــۆلیتیکییە هەرێمییەکــان لە ڕێــگەی هاوپەیمــانە دژەکــانەوە بەرەو پــێش دەچــن. پاکســتان ئاســتی پەیوەنــدییەکانی لەگەڵ چــین بەرەو پــێش دەبــات بە ئامــانجی ســنووردارکردنی هەژمــوونی هیندســتان لە نــاوچەکە، هیندســتانیش کاردەکــات بــۆ ئەوەی ئەفغانســتان بەلای خۆیــدا ڕابکێشــێت[٦٥]. لەباشــوری هیندســتاندا ســریلانکاش بــۆ بالانســی هیندستان چین و پاکستان بەکاردێنێت. لە باشووری ئاسیادا لە ڕوانــگەی ئەم هاوکێشــەیە کە بــاس دەکرێــت لە چوارچێــوەی ڕێکخــراوی هاریکــاری شــەنگەهای لە تەواوی نــاوچەی ئۆراســیا، تابلۆیەکی لەم شێوەیە بەرچاودەکەوێت.

| دروستکەری دەوڵەتەکان | ڕووسیا | چین | ناوەڕاستی ئاسیا (کازاخستان) |
|---|---|---|---|
| چاودێرەکان | هیندستان | پاکستان | ئێران |
| هاوبەشەکانی دیالۆگ | نیپال | سریلانکا | تورکیا |

ئەم تــــابلۆیەش لە هاوکێشــــە جیۆپۆلیتیکیەکــــانی ئۆراســــیا ڕەنگــــدەداتەوە. لە ڕیزبەنــــدی یەکەم دەوڵەتــــانی پیکهێــــنەری ڕێکخــراوی هاریکــاری شــەنگەهای دێــن. لەم ڕیزبەنــدییە چــین و ڕووســیا وەک ناوەنــدی هێــز دەردەکەون. هەرچەنــد ناوەڕاســتی ئاســیا بکەرێکــی جیۆپــۆلیتیکی بەهێــز دروســت نەبێــت، بەڵام پسۆری ڕووسی (دمیتری ترێنین) کازاخستانی بە بکەرێکی بڕوا بەخــۆ بــوو ناســاند بە هاوکــاری لەگەل مۆســکۆ و پەکــین لە

چوارچیوەی ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای ئامادەگی تێدایە ڕۆڵی سێیەمی بگێڕێت[٦٦]. بە مانایەکی دی، کازاخستان، رووسیا و چین وەک فاکتەری بالانس بەکاردینێت لە دژی یەکتر.
لە ڕیزبەندی دووەمدا ئەو دەوڵەتانە دێت کە خاوەنی ستاتۆی چاودێرین، ڕووسیا بۆ بالانس لە بەرامبەر چین پشتگیری لە هیندستان دەکات. هەروەک دەبینرێت چین و هیندستان خۆیان وەک ڕکابەری یەکتر دادەنێن لە ناوچەکە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم ڕکابەرێتیە هیندستان پشتگیری لە پرۆژەی ئاوریشمی نوێ ناکات کە لەلایەن چینەوە پێشکەشکراوە. لە مانگی مایسی ساڵی (٢٠١٧)دا لە پەکینی پایتەختی چین کۆنفرانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ڕێگەی پشتێنەی ڕێکخرا بە ئامادەبوونی (٢٨) دەوڵەت لە سەرئاستی سەرۆکەکانیان، بەڵام هیندستان نوێنەری بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە نەبوو[٦٧]. لەبەرئەوە کشانەوەی هیندستان لەلایەن ڕووسیا لەبەرامبەر چین لە ڕوانگەی ململانێیە جیۆپۆلیتیکیەکان بە کردەیەکی سروشتی لێکدەدرێتەوە. بە هەمان شێوە ڕووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتوەکان پشتگیری لەوە دەکات هیندستان ببێتە ئەندامی هەمیشەیی لەپاڵ پێنج ئەندامەکە[٦٨]. ئەم پشتگیریەی ڕووسیا لە هیندستان لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکرێت وەک هەوڵدان بۆ دروستکردنی بالانس لە بەرامبەر چین لێکبدرێتەوە. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا پێشخستنی ڕێرەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی لە نێوان باکوور و باشوور لەلایەن ڕووسیا و هیندستان وەک وەلامدانەوەیەکە لە بەرامبەر ڕێگەی پشتێنەی چین هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.
لە بەرامبەر ئەو پشتگیریەی مۆسکۆ لە هیندستان، چین لە چوارچێوەی ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهایدا بە پشتگیری

کردنـــی لە پاکســـتان وەک ئەنـــدامی ســـتاتۆی چـــاودێر لە ڕیکخـراوەکە وەڵامـی ڕووسـیای دایەوە. بەشـداربوونی ئێـران لە ڕێکخراوەکە وەک ئەندامی ستاتۆی چاودێر زۆرترین خزمەت بە بەرژەونەدییەکـــانی ئەســـتانە دەکـــات، لە گواســـتنەوەی سـەرچاوەکانی ژێـر زەوی کازاخسـتان بەسـوودمەندترین شـێوە بـۆ ئاوەکـانی باشـوور کە ئێـران وەک دەروازەیەک دەبینرێـت. لەکاتی جەخت کردنەوە لە پەیوەندیە ئاسایشی نێوان کازاخستان و ئێراندا، پشتگیری ئەستانە لە تاران بە سروشتی دەبینرێت. لە ڕوانـگەی ناوەڕاسـتی ئاسـیا هەرچەنـد ئەنـدامی ڕیکخـراوەکە زۆرتربن، بەو ڕادەیە قۆرخکاری ڕووسیا و چین لە ڕێکخـراوەکە هاوسەنگ دەبێت.


لە ڕیزبەندی سێیەمیشـدا وڵاتـانی هاوبەشـی دیـالۆگ دێن، ئەمـانە ئاستێک لەژێر دەوڵەتـانی خـاوەن سـتاتۆی چـاودێرەوەن. لێرەدا کاتێـک ڕووســـیا و هیندســـتان پشـــتگیری لە نیپـــاڵ دەکەن، لە بەرامـــبەردا پاکســـتانیش پشـــتگیری لە ســـریلانکا دەکـــات، لەم چوارچێوەیەشـدا کازاخسـتان پشـتگیری لە هاوبەشـی سـتراتیجی خـۆی دەکـات کە تورکیـایە. بەم شـێوەیەش لەنێو ڕێکخـراوەکەدا هاوسەنگی دروست دەبێت.

هەڵوێستی تاران لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی بەم شێوەیە دەبینرێـت، تـاران پەیوەنـدییەکانی هەم لەگەڵ ڕووسـیا هەمـیش لەگەڵ هیندستان بەرەو پێشدەبات. لە قەیرانـی کشمیریشـدا ئێران مەبەستیەتی ڕۆلێکی نێوەندگیری ببینێت. پەیوەندی باشـی ئێران لەگەڵ چـین، لەلایەکـی دیشــەوە هاوکارییەکـانی پاکسـتان لەگەڵ چین ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسـەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ پاکســتان، هەردوو دەوڵەت لە چوارچێــوەی ڕێکخســتنی هاریکـاری ئـابووری پەیوەنـدییەکانیان لە بـواری ئـابووری بەرەو

پێش دەبەن. ئێران لە لە باکووردا لە ڕێگەی ناوەڕاستی ئاسیاوە لەگەڵ چـــین ڕیگـــا بازرگانییەکـــانی بەرەو پـــێش دەبـــات، لە باشـــووریش لە ڕێـــگەی پاکســـتانەوە ڕێـــڕەوی چـــین، پاکســـتان وئێران لە ڕێگەی پاکستانەوە بە چین دەبەستێتەوە[٦٩].

### ٣.٨. جیۆپۆلیتیکی ئەفغانستان

یەکێـــک لەو دەوڵەتـــانەی لەلایەن ئەکـــتەرە نێـــودەوڵەتی و هەرێمییەکان گرنگی پێدراوە دەوڵەتی ئەفغانستانە. ئەوەی ئەمڕۆ بە ئەفغانســتان ناودەبرێــت، لە کــۆنەوە دابەش دەکــرا لە نێــوان بــکەری جیۆپــۆلیتیکی تــورک لە بــاکوور، بــکەری جیۆپــۆلیتیکی ئێـران لە ڕۆژئـاوا و بـکەری جیۆپـۆلیتیکی هینـدی لە باشـووردا. دەوڵەتـی ئەفغانسـتان دروسـتکرا لە سـەدەی نۆزدەدا لە ئەنجـامی یـــاری مەزنـــی نێـــوان ڕووســـیا و بەریتانیـــا بەیەکەوە لکانـــدنی نـــاوچەی نفـــوزی ئەو ســـێ بـــکەرە جیۆپـــۆلیتیکیەی باســـکران. لەبەرئەوە بـارودۆخی جیۆپـۆلیتیکی دەوڵەت ئامـادەگی بـوون بە بکەرێکی بەهێزی تێدانیە.




نەخشەی ئەفغانستان

(Kaynak: http://www1.rockmartcrossroads.net/)

ئەگەر لە ڕوانگەی سێ لە گەورەترین شاری ئەفغانستان باسی جیۆپۆلیتیکی ئەو دەوڵەتە بکەین، وەک ئەوەی لە نەخشەکە دیاردەکەویت لە ڕۆژئاوای وڵاتدا شاری هیرات وەک جوگرافیا نزیک لە ئێران، لەباکووردا شاری مەزار شەریف سنووری نزیک تورکستان و لە باشووریشدا شاری قەندەهار نزیک سنووری پاکستانە. لە ڕاستیدا بە درێژای مێژوو شاری هیرات وەک بەشێک لە ئێران، مەزارشەریفیش وەک ناوەندی دەوڵەتی تورکستان و قەندەهاریش لە ژێر کۆنترۆڵی مەرکەزیەتی دەوڵەتی هیندستان دا بووە. هەروەک لە نەخشەی سەرەوە نیشاندراوە، دابەشبوونی پێکهاتەی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخەیە. لە باکووری دەوڵەت ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئۆزبەک و تاجیکیەکان تێدا دەژین، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی باشووریشدا زۆرینەی پەشتوییەکان و بەلوجییەکان تێیدا نیشتەجێ بوونە. لە ناوەراستی دەوڵەتیشەوە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات شیعەی هازاری تێدا دەژین.

لەبەر ئەم هۆکارانەش خەڵکی وڵاتەکە نەیانتوانیوە دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکەن، بۆیەش لە ئەفغانستان بۆشاییەکی جیۆپۆلیتیکی دروست بووە. ئێران و پاکستان تێدەکۆشن بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە جیۆپۆلیتیکیە. لەباکووردا ئۆزبەکستان وەک میراتگری دەوڵەتی تورکستان لە ئێستادا خۆی دوور گرتووە لەم ململانێیە. لەبەرامبەر ئەوەشدا، تاجیکستان نەهاتۆتە نێو ئەم ململانێیە بۆیە لەگەڵ ئەفغانستان بە شێوەیەکی ئەکتیڤ

هاریكاری و پەیوەندییەكانی خۆی بەرەو پێش دەبات. سیاسەتی پاكستان لە ئەفغانستان لەبەر هۆكاری ناكۆكی نێوان هیندستان و پاكستان كەموكورتی ئاسایش لە ناوخۆ ماوەتەوە. ئەفغانستان، پاكستان بە پشتگیری كردن لە تیرۆر تاوانبار دەكات. وەك ڕەنگدانەوەی ئەم ناسەقامگیریەش لە لوتكەی ڕێكخستنی هاریكاری ئابووری كابول بەشداری نەكرد كە لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠١٧) لە ئیسلام ئاباد ڕێكخرابوو[٧٠]. ئەم ناسەقامگیریەی نێوان ئەفغانستان و پاكستان كابولی بە ئاراستەی هیندستان بردووە.

ئەگەر سەیری شوێنی ئێران بكەین لە جیۆپۆلیتیكی ئەفغانستان، تاران بە شێوەیەكی ئەكتیڤ لە ڕووی سیاسی، ئابووری و كلتووریەوە چۆتە نێو ئەفغانستان. لە ئەفغانستان ئێران كاتێك جیۆپۆلیتیكی ئاری لە بەرامبەر تاجیكیەكان بەكاردێنێت، لەبەرامبەر هازارییەكانیش جیۆپۆلیتیكی شیعی بەكاردینێت. لە ڕوانگەی سیاسەتی ئاریدا، تاران لە ڕێگەی ئەفغانستانەوە بەرەو تاجیكستان دەڕوات. لە سایەی سیاسەتی شیعە و ئاریدا نفوزی ئێران ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ئەفغانسان بەرەو بەهێزبوون دەچێت. لە ئێستادا لایەنی ناڕازی لەم سیاسەتەی ئێران تەنها پەشتویی و بەلوجیەكانن لە ئەفغانستان. بۆیە لەنێوان ئێران و پاكستان ناكۆكی ڕوودەدەن، هەروەها لەبەر ڕكابەریە جیۆپۆلیتیكیەی نێوانیان، هاوكاری ئابووری نێوان ئێران و پاكستان ناهاوسەنگ دەبێت. تەنانەت لەم بارودۆخەشدا ئێران هەم لەگەڵ ئەفغانسان هەمیش لەگەڵ پاكستان بە دروستكردنی پەیوەندی دەتوانێ ڕۆڵی ناوەندگیری ببینێت لە نێوان هەردوو دەوڵەت.

**٩. دەرئەنجام**

ئێران خاوەنی گرنگی ستراتیجییە هەم لە جیۆپۆلیتیکی جیهانی هەمیش لە جیۆپۆلیتیکی هەرێمی. ئەمەش دەردەکەوێت لە بوونی ڕووسیا لە ناوەوەی ئۆراسیا و ئەمریکا لە دەرەوەی ناوچەکە کە لەم گرنگیە ستراتیجیەی ئێران تێدەگەن. لە ڕووی مێژووییەوە هەردوو زلهێزی جیهانی کاریان کردووە بۆ ئەوەی ئێران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) لەگەڵ دەرچوونی ئێران لە بلۆکی ڕۆژئاوا، پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، ڕووسیا سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشکردنی ئێران بۆ نێو بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا. هەروەها هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی نێودەوڵەتی لە نێوان هەردوو جەمسەر و بەهێزبوونی تاک لایەنی ئەمریکا بە شێوەیەکی خێرا، ئێران بە ئامانجی هێنانەدی هاوسەنگی کاریکرد بە ئاراستەی تەوەری مۆسکۆ- پەکین. کاتێک لە چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی جیهانی بیر لە ڕکابەری نێوان ئەمریکا ڕووسیا دەکەینەوە، وەستانی ئێران لە پاڵ ڕووسیا و چین دەرئەنجامێکی سروشتییە. هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەرەو خراپ بوون بڕۆن، ئێران بە قەد ئەوە لە ڕکابەرەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە کە ڕووسیا و چینە نزیک دەکاتەوە. بەڵام لە ئەگەری ئەوەی ئێران بچێتە نێو پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن و ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکاری لە ڕژێمی ئیسلامیدا، لەم بارودۆخەدا پشتبەستن بە کۆدی جیۆپۆلیتیکی جیهانی ئێران، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ئەگەریکی کراوە دەبێت. چونکە لە بەرامبەر هێزی دەریایی و هێزی وشکانی ئەو دەوڵەتانە باشترین و گونجاوترین

سیاسەتی دەرەکی لەگەڵ هەردوو زلهێزی جیهانی بەیەکەوە باش دەگونجێت. بە گوێرەی ئەوەش، شوێنی جیۆپۆلیتیکی جیهانی ئێران پەیوەست دەبێت بە پەیوەندییەکانی و ڕووسیا – ئەمریکا، ڕووسیا – چین و ئەگەری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێران.

کاتێک سەیری هاوکێشەکانی ناوەوەی ئۆراسیا دەکەین، بەر لە هەر شتێک وەک دەرئەنجامی هەڵکشانی چین بڵاوبوونەوەی نفوزی ئابووری، سیاسی و کلتووری ئەو وڵاتە لە ناوەوەی ناوچەکە بەرچاو دەکەوێت. دیارترین نیشانە و دەرکەوتەی ئەمەش هەوڵەکانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای و ڕێگەی پشتێنەن. لە دوای ساڵی (٢٠١٧) لەگەڵ ئەندامبوونی هیندستان و پاکستان لە ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای، ڕێکخراوەکە ئۆقیانووسی هێمنی لەگەڵ ئۆقیانووسی هیندی و ئۆقیانووسی جەمسەری بەیەکەوە بەستەوە. هەوڵەکانی چین بۆ گەیشتن بە ئەوروپا لە چوارچێوەی ڕێگەی پشتێنەی باکوور و باشووری دەریای قەزوین وەک دوو دەروازەی سەرەکی پێکدێن لەم هەوڵەی چین، لێرەشدا دەروازەی باکوور لە ڕێگەی ڕووسیا و دەروازەی باشووریش لە ڕێگەی ئێرانەوە تێپەڕ دەبێت. لەبەر ئەم هۆکارەش ئێران لە لێکدانەوە ستراتیجیەکانی چین بۆتە خاوەنی شوێنێکی کلیلی لە ڕوانگەی چینەوە.

کاتێک چین پێداویستییەکانی خۆی لە بواری وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی دەریاکانەوە دابین دەکات، بەهەمان شێوەش کەلوپەڵ و شتومەکانی خۆیشی لەڕێگەی دەریاییەوە

دەگەیەنێتە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا. لەکاتی هەڵکشانی ڕکابەریتی زیاتری نێوان چین و ئەمریکا، بەلەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەمریکا خاوەنی هێزی دەریاییە بە ئاسانی دەتوانێت گواستنەوە دەریاییەکانی چین تێک بشکێنێت. لەبەر ئەوەش ئەو ڕێگایانەی گواستنەوە کە دەکەونە نێو ناوچەکە بۆ وڵاتان خاوەنی گرنگییەکی ستراتیجین. لەم ڕوانگەیەشەوە، ئێران هاوبەشێکی گرنگی چینە هەم لە ڕووی دابین کردنی سەرچاوەکانی وزە بۆ چین هەمیش لە ڕووی ستراتیجی شوێنی جوگرافیای ئێران.

بەهێزبوونی چین لە ناوچەی ناوەوەی ئۆراسیا هێزە هەرێمییەکانی وەک ڕووسیا و هیندستان دڵگران دەکات، ئەگەرچی ڕووسیا و هیندستان ئەمە بە ئاشکرا ڕاناگەیەنن بەڵام هەڵکشانی چین لە ناوچەکە وەک هەڕەشە لەسەر خۆیان دەبینن. هەر لەبەر ئەمەش هەر یەکە لەڕووسیا و هیندستان لە بەرامبەر پرۆژەی ڕێگەی پشتێنەی چین پرۆژەی ڕێڕەوەی باکوور و باشوور پێکدەهێنن.

لێرەدا ئێران وەک جوگرافیا بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە ناوەڕاستی هیندستان و ڕووسیا لە نێوان هەردووکیاندا خاوەن گرنگیەکی جیاوازە. لەبەرئەوەی ئێران دەکەوێتە ناوەراستی ڕێگاکانی بازرگانی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا و باکوور – باشوور ئەم شوێنە ستراتیجیەش نفوزی ئێرانی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر کردووە.

لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی ئێران خۆی بە ناوەندی جیهانی ئیسلامی دادەنێت، هەروەها ئەگەر لە واقعیشەوە سەیری بکەین دەبینین ئێران دەوری هەر چوار ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا، ناوەراستی ئاسیا، قەفقاسیا و باشووری ئاسیای داوە.

لەم چوار ناوچەیەش بە جیاوازی زۆرەوە ئێران وەک ڕکابەری جیۆپۆلیتیکی بوونی هەبووە. یەکەم ئێران لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا لەگەل هەریەکە لە عەرەبستانی سعودیە، تورکیا و میسر بۆ پێگەی هەرێمی لە ململانێ دایە. بوونی ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆ و لە ڕێگەی پشتگیری کردنی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەی کەنداوی (بەسرە) بۆ ململانێی جیۆپۆلیتیکی ڕۆژئاوای ئاسیا ڕەهەندێکی جیهانی وەردەگرێت. ڕووسیا بۆ ئێران چەندە گرنگ بێت، ئێرانیش لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە ئەوەندە گرنگە.

لە ڕۆژئاوای ئاسیادا یاری جیۆپۆلیتیکی لە ڕێگەی سوریا، عێراق و یەمەندا دەکرێت. سەرباری ئەمانەش جیۆپۆلیتیکی کوردی بابەتێکی گرنگی دیناوچەکەیە. لێرەدا ناکۆکی نێوان عەرەبساتنی سعودیە و ئێران لە پێشەوەی ناکۆکییەکانەوە دێت. بەهەمان شێوەش میرنشینە بچوکەکانی ناوچەی کەنداویش دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەم ململانێ و ڕکابەرییە قورسە. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٧) لە سەرهەڵدانی قەیرانی قەتەر نیشانەی ڕەنگدانەوەی ئەم ڕکابەرییەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە نموونەی بەرچاو پێکدێنن. ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا ئەم کارتەی بە شێوەیەکی زۆر باش بەکاردێنێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆی.

لە قۆناغی داهاتوودا، دابەشبوونی عێراق و سوریا لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک ئالینگاری و تەحەدایەکی گەورە دەبینرێت. سەرەتا ئێران لە ڕوانگەی ئاسایشی خۆیەوە، عێراقێکی سەقامگیر و لاوازی دەوێت لە بەرامبەر خۆیدا نەک

دەوڵەتێکی سەقامگیر و بەهێز لە عێراق، بۆیە لەیەکەم قۆناغدا ئێران پشتگیری لە یەکگرتووی خاکی عێراق دەکات، لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەم گریمانەیە و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە حکومەتی ناوەندی بەغدا، ئێران لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت. باشووری عێراقیش بە هۆی بوونی زۆرینەی شیعە لەو ناوچەیە، ئێران ئەم ناوچەیە وەک ناوچەیەکی خۆی سەیر دەکات کە نفوزی تێدا لە هەڵکشاندایە. سەبارەت بە بابەتی سوریاش ئێران لەیەکەم قۆناغدا بەرگری لە یەکگرتووی خاکی سوریا دەکات.

لە بەرامبەر ئێران هەریەکە لە ڕووسیا و ئەمریکا پشتگیری لە کوردی سوریا دەکەن. لە بارودۆخی ئەگەری جیابوونەوەی کوردی سوریا لە حکومەتی شامدا ئێران وەک قۆناغی یەکەم لە سوریا کاردەکات بۆ ڕێگری کردن لە جیابوونەوەی نێوان شیعە و سوننە. هەروەها ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە مانەوەی گروپی شیعەی عەلەوی دەکات لە دەسەڵات و لەم پێناوەشدا ئەوەی لە دەستی بێت دەیکات بۆ مانەوەی ڕژێمی ئەسەد چونکە هاوپەیمانێکی نزیکە لە ئێران.

کاتێ دێینە سەر باس کردن لە ناوچەی قەفقاسیا. لیرەدا هەموو لێکدانەوە جیۆپۆلیتیکیەکان لە چوارچێوەی ململانێی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان شرۆڤە دەکرێن. لە چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی ئەم ناوچەیە ڕووسیا پشتگیری لە ئەرمەنستان و تورکیاش پشتگیری لە ئازەربایجان دەکات. ئێران لە ترسی بەرزبوونەوەی نفوزی تورکیا لە ناوچەکە زیاتر نزیکە لە هێڵی

مۆسکۆ – یەریڤان. لێرەدا دەوڵەتی ئازەربایجان خاوەنی شوێنێکی ستراتیجییە، چونکە بۆ قەفقاسیەکان وەک کرانەوەی دەروازەیەک وایە بەرەو دەریای قەزوین. لەلایەکەوە ئازەربایجان دەروازەی کرانەوەی تورکیا دەستەبەر دەکات بە ئاراستەی ناوەڕاستی ئاسیا، لەلایەکی تریشەوە وەک دەوڵەتێکی کلیل وایە لە ڕوانگەی پێشخستنی پرۆژەی ڕێڕەوی باکوور و باشووری نێوان ئێران و ڕووسیا. لەبەر ئەمەش هەم ئەنقەرە و مۆسکۆ هەمیش تاران کاردەکەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئازەربایجان. لەم ماوەیەی کۆتاییدا ئەگەر سەیری سیاسەتی دەرەوەی ئازەربایجان بکەین، دەبینین باکۆ لەو گرنگیە ستراتیییجیەی خۆی باش تێگەیشتووە، وەها دەردەکەوێت ئەم پێگە گرنگە ستراتیجییەی خۆی لە بەرامبەر ئەرمەنستان بەکاردێنێت. لە ڕوانگەی تاران ناوچەی قەفقاسیا بایەخێکی جیۆپۆلیتیکی گرنگی هەیە، چونکە دەروازەی کرانەوەی ئێرانە بۆ ئۆراسیا. لێرەدا ئێران بە پشتبەستن بە کۆدی جیۆپۆلیتیکی، پشتگیری لە هێڵی ڕووسیا و ئەرمەنستان دەکات، لەگەڵ تەوەری تورکیا و ئازەربایجانیش لە پێشخستنی هاوکاری بەردەوامە.

لە ناوەڕاستی ئاسیا دا ئێران لەگەڵ ڕووسیا و چین لە بەرامبەر ئەمریکا و تورکیا تێدەکۆشێت. کاتێک ئەمریکا لە ناوچەکە کاردەکات لە پێناو بنیاتنانی ئەو ڕژێمانەی کە گرنگی بە بەهاکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەدەن، ئەنقەرەش بۆ پێکهێنانی ئەکتەرێکی جیۆپۆلیتیکی تورک تێدەکۆشێت. هێڵی تاران – مۆسکۆ – پەکین هەم لە بەرامبەر دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا

هەمیش لە بەرامبەر چوارچێوەیەکی یەکگرتووی تورکی کە دەوڵەتە تورکەکان لەخۆ بگرێت (یەکێتی تورک) کاردەکەن. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کات لە ناوچەکە قۆرخکاری لە دەستی مۆسکۆ خاو دەبێتەوە لە بەرژەوەندی چین. هەروەها کرانەوەی ناوەڕاستی ئاسیا بە ڕووی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی پرۆژەی "ڕێگەی ئاوریشم" زیاتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا یەکدەگرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سیاسەتی ئێران لە ناوەڕاستی ئاسیا کورت بکەینەوە، وەها دەردەکەوێت تاران لە ڕوانگەی بەها کلتووریەکانی خۆیەوە هاوکارییەکانی لەگەڵ تاجیکستان بەرەو پێش دەبات. بەم شێوەیەش تاران لە بەرامبەر جیۆپۆلیتیکی "یەکێتی تورک"ی ئەنقەرە بە شێوەیەکی گشتگیر جیۆپۆلیتیکی ئاری لە ئەفغانستان و تاجیکستان بەکاردەهێنێت.

لە باشوری ئاسیادا ململانێی جیۆپۆلیتیکی لە ڕێگەی ناکۆکی نێوان هیندستان و پاکستان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. بەڵام لێرەدا ئێران لە دروستکردنی پەیوەندی لە بواری ئاسایشیەوە لەگەل هەریەکە لە پاکستان و هیندستان سەرکەوتوو بووە و لە بارودۆخیکی باشدایە. بۆ ئێران لە ڕوانگەی باشووری ئاسیا دەوڵەتی ئەفغانستان هەڕەشەی سەرەکی پێکدێنیت، لەم ڕووەشەوە ئێران کاردەکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە جیۆپۆلیتیکیەی کە لە ئەفغانستاندا هەیە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازێکی سیاسی کە ڕەگەزی ئاریەکانە. لە کۆتاییدا ئەم خاڵەی پێی گەیشتووین ئەوەیە کە شاری هیران ناوەندێتی ڕۆژئاوای ئەفغانستانە، وەک ناوچەی نفوزی ئێران لە وڵاتەکە دەبینرێت.

## پەراوێزەکان :


1. Alfred Thayer Mahan, The Influence of Sea Power Upon History (1660-1783), Spectral Assoc, 2010, s. 10.
2. Mahan, a.g.e., s. 14.
3. Alfred Thayer Mahan, *The Problem of Asia and Its Effect Upon International Policies,* Biblio Bazaar, 2009, s. 21.
4. H. J. Mackinder, "The Geographical Pivot of History", *The Geographical Journal*, Vol., No. 4, Apr., 1904, s. 434.
5. Bakınız *Nicholas J. Spykman, America's Strategy in World Politics: The United States and the Balance of Power,* Paperback, 2007.
6. Andrew Lynch, "Three Geostrategists and their Maps: Mahan, Mackinder, Spykman", 9 Ocak 2017, http://doctorpence.blogspot.com.tr/2017/01/map-on-monday-three-geostrategists-and.html, (erişim tarihi 15.06.2017).
7. Gearóid Ó Tuathail, *Critical Geopolitics: The Politics of Writing Global Space, Routledge*, London 1996, s. 46.
8. Colin Flint, *Introduction to Geopolitics*, Routledge the Taylor & Francis Group, 2006, s. 56.
9. https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/geos/ir.html, (erişim tarihi 10.06.2017).
10. http://worldpopulationreview.com/countries/iran-population/ (erişim tarihi 10.06.2017).
11. http://www.worldatlas.com/articles/the-biggest-cities-in-iran. html (erişim tarihi 10.06.2017).
12. Adam Watson, "Persia Imperial moderation", *The Evolution of International Society: A comparative historical analysis,* Routledge, 1992, s.40.
13. Fereshteh Davaran, *Continuity in Iranian Identity: Resilience of a Cultural Heritage,* Routledge, 2010, s. 138.
14. Fereshteh Davaran, *Continuity in Iranian Identity: Resilience of a Cultural Heritage,* Routledge, 2010, s. 141.
15. Touraj Atabaki, "Iranian History in Transition Recasting the Symbolic Identity of Babak Khorramdin", in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective,* Palgrave, 2012, ss. 74-75.
16. Zbigniew Brzezinski, *The Grand Chessboard: American Primacy And Its Geostrategic Imperatives*, Basic Books, 1997, s. 41.
17. Brzezinski, a.g.e., s. 47.

18. Zbigniew Brzezinski and Robert M.Gates, *Iran: Time for a New Approach,* Report of an Independent Task Force Sponsored by the Council on Foreign Relations, 2004, s. 9.
19. А. Дугин, *ОСНОВЫ ГЕОПОЛИТИКИ, АРКТОГЕЯ-центр,* 2009, s. 136.
20. Дмитрий Тренин, 'Россия и Иран: недоверие в прошлом и сотрудничество в настоящем' 08 сентября 2016 http://carnegie.ru/2016/09/08/ru-pub-64508 (erişim tarihi 10.06.2017).
21. İran Anayasasının 11. Maddesi. *Iran (Islamic Republic of)'s Constitution of 1979 with Amendments through 1989,* constituteproject.org (erişim tarihi 10.06.2017).
22. *Iran (Islamic Republic of)'s Constitution of 1979 with Amendments through 1989*, constituteproject.org (erişim tarihi 10.06.2017).
23. *Iran (Islamic Republic of)'s Constitution of 1979 with Amendments through 1989,* constituteproject.org (erişim tarihi 10.06.2017).
24. Seyed Javad Mir-Khalili, "Imam Khomeini's Viewpoints on Iranian Foreign Policy", 26 Mayıs 2008, http://www.iranreview.org/content/Documents/Imam_Khomeini%E2%80%99s_Viewpoints_on_Iranian_Foreign_Policy.htm, (erişim tarihi 20.05.2017).
25. http://www.nesannews.com/article?view=15489, (erişim tarihi 15.05.2017).
26. Samuel P. Huntington, *The Clash of Civilizations and the Remaking of World order*, Simon and Schuster, 1996, s. 178.
27. Colin Flint, *Introduction to Geopolitics*, Routledge the Taylor & Francis Group, 2006, s. 56.
28. Bayram Sinkaya, "Şii Ekseni Tartışmaları ve İran", *Avrasya Dosyası*, Cilt 13, Sayı 3 "Şii Jeopolitiği", 2007, s. 55.
29. İbrahim El Marashi, "Şii Hilali Mitini İnşa Etmek: İran Devriminden 2003 Irak Savaşına", *Avrasya Dosyası*, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 10.
30. Arif Keskin, "Şii Jeopolitiği ve İran", *Avrasya Dosyası*, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 77.
31. Bayram Sinkaya, "Şii Ekseni Tartışmaları ve İran", *Avrasya Dosyası*, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 57.
32. İbrahim El Marashi, "Şii Hilali Mitini İnşa Etmek: İran Devriminden 2003 Irak Savaşına", *Avrasya Dosyası*, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 19.
33. Jill Ann Crystal, Charles Gordon Smith, "Bahrain", 4 Haziran 2017, https://www.britannica.com/place/Bahrain, (erişim tarihi 9.06.2017).
34. İbrahim El Marashi, "Şii Hilali Mitini İnşa Etmek: İran Devriminden

2003 Irak Savaşına”, *Avrasya Dosyası*, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 17.

35. “Yemen: Suudi Arabistan ve İran’ın Güreş Minderi”, 5 Mart 2017, http://www.stratejikortak.com/2017/03/yemen-suudi-arabistan-ve-iran.html, (erişim tarihi 31.05.2017).
36. Cenk Tamer, “İran’ın Yemen’deki Faaliyetleri”, 31 Mayıs 2017, https://ankasam.org/iranin-yemendeki-faaliyetleri/, (erişim tarihi 10.06.2017).
37. Lazar Berman, “The Iranian Penetration of Iraqi Kurdistan”, 21 Ocak 2016, http://jcpa.org/article/the-iranian-penetration-of-iraqi-kurdistan/, (erişim tarihi 10.06.2017).
38. “İran’ın Akdeniz Planı”, Yeni Şafak, 12 Haziran 2017
39. Arif Keskin, “İran’ın Kafkasya Politikası”, http://www.circassiancenter.com/cc-turkiye/arastirma/0503-iran.htm, (erişim tarihi 10.06.2017).
40. Emre Erden, “Nursultan Nazarbayev’ten Ermenistan’a Ayar”, http://blog.milliyet.com.tr/nursultan-nazarbayev-den-ermenistan-a-ayar/Blog/?BlogNo=4605, (erişim tarihi 10.06.2017).
41. “Avrasya Birliği kuruldu Türkiye bekleniyor...”, 22.06.2014, http://www.yenicaggazetesi.com.tr/avrasya-birligi-kuruldu-turkiye-bekleniyor-98969h.htm, “Avrasya Birliği’ne doğru Türkiye”, http://www.sabah.com.tr/ekonomi/2014/05/26/ avrasya-birligine-dogru-turkiye, (erişim tarihi 10.06.2017).
42. http://www.turkkon.org/tr-TR/AnaSayfa, (erişim tarihi 10.06.2017).
43. “Заявления для прессы по итогам переговоров с Президентом Ирана Хасаном Рухани. По окончании российско-иранских переговоров Владимир Путин и Хасан Рухани сделали заявления для прессы.”, 28 марта 2017 года, http://www.kremlin.ru/events/president/news/54138, (erişim tarihi 10.06.2017).
44. “Ermenistan Ekonomisi Türkiye’ye Muhtaç”, 13.07.2011, http://ekonomi.haber7.com/ekonomi/haber/763487-ermenistan-ekonomisi-turkiyeye-muhtac, (erişim tarihi 10.06.2017).
45. Mehmet Seyfettin Erol – Arzu Celalifer Ekinci, “İran’ın Orta Asya Politikası: İşbirliği Arayışları ve Güvenlik Sorunu”, (der.) Mehmet Seyfettin Erol, *Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya’nın Değişen Jeopolitiği: Yeni Büyük Oyun,* Barış Kitap, Ankara 2011, s. 391.
46. Bülent Aras, “Amerika-Orta Asya ilişkileri ve İran’ın Konumu”, Avrasya Dosyası, Cilt V, No 3, Sonbahar 1999, s. 273.
47. А. Дугин, ОСНОВЫ ГЕОПОЛИТИКИ, АРКТОГЕЯ-центр, 2009, s.

138.

48. http://files.preslib.az/projects/remz/pdf_en/atr_din.pdf, (erişim tarihi 10.06.2017).

49. Atay Akdevelioğlu, "İran İslam Cumhuriyeti'nin Orta Asya ve Azerbaycan Politikaları", Uluslararası İlişkiler Dergisi, Cilt 1, Sayı 2, Yaz 2004, s. 150.

50. "What Does Israel Seek in the Caucasus?", 04 Ağustos 2015, http://www.awdnews.com/political/what-does-israel-seek-in-the-caucasus, (erişim tarihi 10.06.2017).

51. Orhan Gafarlı, "Güney Kafkasya'da İran ve İsrail rekabeti", 20 Ocak 2017, http://www.aljazeera.com.tr/gorus/guney-kafkasyada-iran-ve-israil-rekabeti, (erişim tarihi 10.06.2017).

52. "What Does Israel Seek in the Caucasus?", 04 Ağustos 2015, http://www.awdnews.com/political/what-does-israel-seek-in-the-caucasus, (erişim tarihi 10.06.2017).

53. "Azerbaycan ve Suudi Arabistan arasında askeri işbirliği", 6 Nisan 2017, http://tr. trend.az/scaucasus/2739152.html, (erişim tarihi 10.06.2017).

54. http://rusisworld.com/about, (erişim tarihi 10.06.2017).

55. https://kazansummit.ru/index.php, (erişim tarihi 10.06.2017).

56. «Россия всегда была самым верным, надежным и последовательным защитником интересов исламского мира», - самые важные цитаты Владимира Путина про ислам, ‹16-02-2017› http://rusisworld.com/religiya/rossiya-vsegda-byla-samym-vernym-nadezhnym-i-posledovatelnym-zashchitnikom-interesov, (erişim tarihi 10.06.2017).

57. Mehmet Seyfettin Erol, Oktay Bingöl, "Afganistan'da Geçiş Safhası, Bölge Ülkeleri ve 2014 Sonrası Öngörüler", (der.) Mehmet Seyfettin Erol, *Sıcak Barış"ın Soğuk Örgütü: Yeni NATO Yeni Tehditler, Konseptler, Arayışlar, Dönüşüm ve Alan Dışı Operasyonlar,* Barış Kitap, Ankara 2012, s. 393.

58. Mehmet Seyfettin Erol, "Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya Jeopolitiği ve Türk Avrasyası", (der.) Mehmet Seyfettin Erol, *Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya'nın Değişen Jeopolitiği: Yeni Büyük Oyun*, Barış Kitap, Ankara 2011, s. 11.

59. Mehmet Seyfettin Erol, Mehmet Şahin, "Bağımsızlıklarının 20. Yılında Orta Asya ve Kafkasya'daki Türk Cumhuriyetlerinin Entegrasyon Süreci (1991 – 2011)", *Karadeniz Araştırmaları*, Bahar 2013, Sayı 37. http://www.karam.org.tr/

Makaleler/1525702155_Mehmet%20Seyfettin%20Erol.pdf, (erişim tarihi 10.06.2017).

60. Bakınız Eugene Rumer, Dmitri Trenin, and Huasheng Zhao, *Central Asia: Views from Washington, Moscow, and Beijing,* M.E. Sharpe, 2007.

61. Touraj Atabaki, "Recasting Oneself, Rejecting the Other: Pan-Turkism and Iranian Nationalism", Willem van schendel ve Erik j. Zuè rcher (eds.), *Identity Politics in Central Asia and the Muslim World: Nationalism, Ethnicity and Labour in the Twentieth Century*, I.B.Tauris, 2001, s. 65.

62. Mehmet Seyfettin Erol, Arzu Celalifer Ekinci, "İran'ın Orta Asya Politikası: İşbirliği Arayışları ve Güenlik Sorunu", (der.) Mehmet Seyfettin Erol, *Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya'nın Değişen Jeopolitiği: Yeni Büyük Oyun*, Barış Kitap, Ankara 2011, s. 399.

63. Ali A. Jalali, 'The Strategic Partnership of Russia and Iran' From Parameters, Winter 2001-02, pp. 98-111. http://strategicstudiesinstitute.army.mil/pubs/parameters/ articles/01winter/jalali.htm, (erişim tarihi 10.06.2017).

64. Atay Akdevelioğlu, 'İran İslam Cumhuriyeti'nin Orta Asya ve Azerbaycan Politikaları', *Uluslararası İlişkiler*, Cilt 1, Sayı 2, Yaz 2004, s.130.

65. Mehmet Seyfettin Erol, Oktay Bingöl, "Afganistan'da Geçiş Safhası, Bölge Ülkeleri ve 2014 Sonrası Öngörüler", (ed.) Mehmet Seyfettin Erol, *Sıcak Barış"ın Soğuk Örgütü: Yeni NATO Yeni Tehditler, Konseptler, Arayışlar, Dönüşüm ve Alan Dışı Operasyonlar*, Barış Kitap, Ankara 2012, s. 394.

66. Dmitri Trenin, "Russia and Central Asia: Interests, Policies, and Prospects" in Eugene Rumer, Dmitri Trenin, and Huasheng Zhao, *Central Asia: views from Washington, Moscow, and Beijing*, M.E. Sharpe, 2007, s.86.

67. http://www.beltandroadforum.org/english/n100/2017/0425/c22-214.html, (erişim tarihi 10.06.2017).

68. "Санкт-Петербургская Декларация Российской Федерации и Республики Индии: Взгляд в XXI век", 1 июня 2017 года, http://www.kremlin.ru/supplement/5199, (erişim tarihi 10.06.2017).

69. http://cpec.gov.pk/index, (erişim tarihi 10.06.2017).

70. Shahid M. Amin, "ECO Summit in Islamabad", 7 Mart 2017, http://pakobserver.net/eco-summit-in-islamabad/, (erişim tarihi 10.06.2017).

## سەرچاوەکان :


- “Avrasya Birliği Kuruldu Türkiye Bekleniyor”, Yeniçağ Gazetesi, http://www.yenicaggazetesi.com.tr/avrasya-birligi-kuruldu-turkiye-bekleniyor-98969h.htm, 22 Haziran 2014. “Azerbaycan ve Suudi Arabistan arasında Askeri İşbirliği”, http://tr.trend.az/scaucasus/2739152.html, 6 Nisan 2017.
- “Biggest Cities in Iran”, Worldatlas, http://www.worldatlas.com/articles/the-biggest-cities-in-iran.html.
- “Ermenistan Ekonomisi Türkiye’ye Muhtaç”, http://ekonomi.haber7.com/ekonomi/haber/763487-ermenistan-ekonomisi-turkiyeye-muhtac, 13 Temmuz 2011.
- “Iran Population 2017”, World Population Review, http://worldpopulationreview.com/countries/iran-population/.
- “Ministry of Foreign Affairs Holds Briefing for Chinese and Foreign Media on President Xi Jinging’s Attendance and Chairing of Related Events of yhe BRF”, Belt and Road Forum for International Cooperation, http://www.beltandroadforum. org/english/n100/2017/0425/c22-214.html, 25 Nisan 2017.
- “Religion”, Administrative Department of the President of the Republic of Azerbaijan Presidential Library, http://files.preslib.az/projects/remz/pdf_en/atr_din.pdf.
- “The World Fact Book”, Central Intelligence Agency, https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/geos/ir.html.
- “What Does Israel Seek in the Caucasus?”, http://www.awdnews.com/political/what-does-israel-seek-in-the-caucasus, 04 Ağustos 2015.
- “Yemen: Suudi Arabistan ve İran’ın Güreş Minderi”, http://www.stratejikortak.com/2017/03/yemen-suudi-arabistan-ve-iran.html, 5 Mart 2017, (Erişim Tarihi: 31.05.2017).
- AKDEVELİOĞLU Atay, “İran İslam Cumhuriyeti’nin Orta Asya ve Azerbaycan Politikaları”, *Uluslararası İlişkiler*, I/2, Yaz 2004.
- AMIN Shahid M, “ECO Summit in Islamabad”, http://pakobserver.net/eco-summit-in-islamabad/, 7 Mart 2017.
- ARAS Bülent, “Amerika-Orta Asya ilişkileri ve İran’ın Konumu”, *Avrasya Dosyası*, V/3, Sonbahar, 1999.
- ATABAKI Touraj, “Iranian History in Transition Recasting the Symbolic Identity of Babak Khorramdin”, in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran*

*Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012.

- BERMAN Lazar, "The Iranian Penetration of Iraqi Kurdistan", http://jcpa.org/article/the-iranian-penetration-of-iraqi-kurdistan/, 21 Ocak 2016.
- BRZEZINSKI Zbigniew, *The Grand Chessboard: American Primacy and Its Geostrategic Imperatives*, Basic Books, 1997.
- BRZEZINSKI Zbigniew - GATES Robert M., *Iran:Time for a New Approach*, Report of an Independent Task Force Sponsored by the Council on Foreign Relations, 2004.
- China Pakistan Economic Corridor, http://cpec.gov.pk/index.
- CRYSTAL Jill A. - SMITH Charles G, "Bahrain", https://www.britannica.com/place/Bahrain, 4 Haziran 2017, (Erişim Tarihi: 9 Haziran 2017).
- DAVARAN Fereshteh, *Continuity in Iranian Identity: Resilience of a Cultural Heritage*, Routledge, 2010.
- EL MARASHI Ibrahim, "Şii Hilali Mitini İnşa Etmek: İran Devriminden 2003 Irak Savaşına", *Avrasya Dosyası*, VIII/3, 2007.
- ERDEN Emre, "Nursultan Nazarbayev'ten Ermenistan'a Ayar", http://blog.milliyet.com.tr/nursultan-nazarbayev-den-ermenistan-a-ayar/Blog/?BlogNo=462905.
- EROL Mehmet S. – EKİNCİ Celalifer Arzu, "İran'ın Orta Asya Politikası: İşbirliği Arayışları ve Güvenlik Sorunu", Mehmet Seyfettin Erol (Derleyen), *Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya'nın Değişen Jeopolitiği: Yeni Büyük Oyun*, Barış kitap, Ankara 2011.
- EROL Mehmet S., "Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya Jeopolitiği ve Türk Avrasyası", Mehmet Seyfettin EROL (der), *Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya'nın Değişen Jeopolitiği: Yeni Büyük Oyun*, Barış kitap, Ankara 2011.
- EROL Mehmet S. - ŞAHİN Mehmet, "Bağımsızlıklarının 20. Yılında Orta Asya ve Kafkasya'daki Türk Cumhuriyetlerinin Entegrasyon Süreci (1991 – 2011)", *Karadeniz Araştırmaları*, Bahar 2013, Sayı:37, http://www.karam.org.tr/Makaleler/1525702155_Mehmet%20Seyfettin%20Erol.pdf.
- EROL Mehmet S. - BİNGÖL Oktay, "Afganistan'da Geçiş Safhası, Bölge Ülkeleri ve 2014 Sonrası Öngörüler", Mehmet Seyfettin EROL (ed.), *"Sıcak Barış"ın Soğuk Örgütü: Yeni NATO. "Yeni Tehditler, Konseptler,*

*Arayışlar, Dönüşüm ve Alan Dışı Operasyonlar"*, Barış Kitap, Ankara 2012.

- FLINT Colin, *Introduction to Geopolitics*, Routledge the Taylor & Francis Group, 2006.
- GAFARLI Orhan, "Güney Kafkasya'da İran ve İsrail Rekabeti", http://www.aljazeera.com.tr/gorus/guney-kafkasyada-iran-ve-israil-rekabeti, 20 Ocak 2017.
- HUNTINGTON Samuel P., *The Clash of Civilizations and the Remaking of World order*, Simon and Schuster, 1996.
- *Iran (Islamic Republic of)'s Constitution of 1979 with Amendments through 1989,* constituteproject.org.
- JALALI Ali A., "The Strategic Partnership of Russia and Iran" From Parameters, Winter http://strategicstudiesinstitute.army.mil/pubs/parameters/articles/01winter/jalali.htm, Şubat 2001.
- Kazan Summit, https://kazansummit.ru/index.php.
- KESKİN Arif, "Şii Jeopolitiği ve İran", *Avrasya Dosyası*, XIII/3, 2007.
- LYNCH Andrew, "Three Geostrategists and their Maps: Mahan, Mackinder, Spykman", http://doctorpence.blogspot.com.tr/2017/01/map-on-monday-three-geostrategists-and.html, 9 Ocak 2017, (Erişim Tarihi: 15 Haziran 2017).
- MACKINDER Halford J., "The Geographical Pivot of History", The Geographical Journal, Vol.23, No.4, Nisan 1904.
- MAHAN Alfred T., *The Influence of Sea Power Upon History (1660-1783)*, Spectral Assoc, 2010.
- MAHAN Alfred T., *The Problem of Asia and Its Effect Upon International Policies*, BiblioBazaar, 2009.
- MENLİK İlknur, "Avrasya Birliği'ne doğru Türkiye", Sabah, http://www.sabah.com.tr/ekonomi/2014/05/26/avrasya-birligine-dogru-turkiye, 26 Mayıs 2014.
- MIR-KHALILI Seyed J., "Imam Khomeini's Viewpoints on Iranian Foreign Policy", http://www.iranreview.org/content/Documents/Imam_Khomeini%E2%80%99s_Viewpoints_on_Iranian_Foreign_Policy.htm, 26 Mayıs 2008, (Erişim Tarihi: 20 Mayıs 2015).
- Nesanews, http://www.nesannews.com/article?view=15489, 15.05.2017.
- RUMER Eugene, TRENIN Dmitri, and ZHAO Huasheng, *Central Asia: Views from Washington, Moscow, and Beijing*, M.E. Sharpe, 2007.

* Rusis World, http://rusisworld.com/about.
* SİNKAYA Bayram, “Şii Ekseni Tartışmaları ve İran”, *Avrasya Dosyası*, XIII/3, 2007.
* SPYKMAN Nicholas J., *America’s Strategy in World Politics: The United States and the Balance of Power*, Paperback, 2007.
* TAMER Cenk, “İran’ın Yemen’deki Faaliyetleri”, https://ankasam.org/iranin-yemendeki-faaliyetleri/, 31 May, 2017, (Erişim Tarihi: 10.06.2017).
* TRENIN Dimitri, “Russia and Central Asia: Interests, Policies, and Prospects” in Eugene Rumer, Dmitri Trenin, and Huasheng Zhao, *Central Asia : views from Washington, Moscow, and Beijing*, M.E. Sharpe, 2007.
* TUATHAIL Gearóid Ó, *Critical Geopolitics: The Politics of Writing Global Space*, Routledge, London 1996.
* Türk Dili Konuşan Ülkeler İşbirliği Konseyi, http://www.turkkon. org/tr-TR/AnaSayfa.
* WATSON Adam, “Persia Imperial Moderation”, *The Evolution Of International Society: A comparative historical analysis*, Routledge, 1992.
* “Заявления для прессы по итогам переговоров с Президентом Ирана Хасаном Рухани. По окончании российско-иранских переговоров Владимир Путин и Хасан Рухани сделали заявления для прессы.”, 28 марта 2017 года, http://www. kremlin.ru/ events/ president/news/54138.
* “Санкт-Петербургская Декларация Российской Федерации и Республики Индии: Взгляд в XXI век”, 1 июня 2017 года, http://www.kremlin.ru/supplement/5199
* «Россия всегда была самым верным, надежным и последовательным защитником интересов исламского мира», - самые важные цитаты Владимира Путина про ислам, ‹16-02-2017› http://rusisworld.com/religiya/rossiya-vsegda-byla-samym-vernym-nadezhnym-i-posledovatelnym-zashchitnikom-interesov
* ТРЕНИН Дмитрий, ‘Россия и Иран: недоверие в прошлом и сотрудничество в настоящем’ 08 сентября 2016 http://carnegie.ru/2016/09/08/ru-pub-64508.
* ДУГИН А., *ОСНОВЫ ГЕОПОЛИТИКИ,* АРКТОГЕЯ-центр, 2009.

## لەبارەی نووسەرەوە

د. دینموحەمەد ئامێدبەک لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٠ لە گوندی شاویلدیر لە باشووری کازاخستان لە دایک بووە. لە دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وئامادەیی لە وڵاتی خۆی، لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نیشتیمانی فارابی – کازاخ لە شاری ئەلماتی لە ماستەر وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لەژێر ناونیشانی (کازاخستانیەکان وپرسی گەڕانەوەی کۆچبەری) بەسەرکەوتووی ماستەرنامەکەی تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٥ لە زانکۆی خینژیانگ (XİNJİANG)ی چینی دوای تەواوکردنی خولی زمانی چینی دەستی بەکار کردووە لە فەرمانگەی کۆچبەران و دیموگرافیای سەربە وەزارەتی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە ئەم فەرمانگەیە تایبەتمەندە بە گەڕانەوەی ئەو کۆچبەرانەی کە لە دەرەوەی کازاخستان دەژین و گەراونەتەوە. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٨ وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی زانکۆی ئۆراسیای نیشتیمانی لیڤ گومیلۆڤی ( LEV GUMİLYOV AVRASYA ULUSAL ÜNİVERSİTESİ) کاری کردووە. د.ئامێدبەک لە ساڵی ٢٠٠٨ لە پەیمانگای توێژینەوەی دونیای تورکی سەربە زانکۆی ئیجە دوای وەرگرتنی کۆرسیکی یەک ساڵەی زمانی تورکی خوێندنی دکتۆرای لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ( MIDDLE EAST) دەست پێکرد ولە ساڵی ٢٠١٥ لەژێر ناونیشانی (دیاریکردنی شوێنی تورکیا لە چوارچێوەی ناسنامەی ئۆراسی

کازاخستانی) ( Kazakistan’ın Avrasya Kimliğindeki Türkiye’nin Konumu) دکتۆرانامەکەی بەسەرکەوتووی تەواو کرد و نازناوی دکتۆرای وەرگرت. د.ئامێدبەک تایبەتمەندە لەم بوارەکانی "سیاسەتی دەرەوەی کازاخستان، دونیای تورکی، بابەتی ناسنامە و کلتور، ئۆراسیایی و دید و ڕوانگەی نوێی تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی". نوسەر وەک سەرۆکی بەشی تویژینەوەی ئۆراسی لە ناوەندی ئەنقەرە بۆ قەیرانەکان و توێژینەوەی سیاسی " Ankara Kriz ve Siyaset Araştırmaları Merkezi" (ANKASAM) کار دەکات. هەروەها نابراو ئێستا وەک یاریدەدەری سەرنوسەر لە گۆڤارەکانی (Bölgesel Araştırmalar) لێکۆلینەوەی هەرێمی و (Uluslararası Kriz ve Siyaset Araştırmalar) قەیرانە نێودەوڵەتییەکان و لێکۆلینەوە سیاسییەکان لە ئەنکاسام کار دەکات. د.ئامێدبەک جگە لە زمانی فەرمی خۆی کە زمانی کازاخستانیە، زمانەکانی تورکی، ئینگلیزی، ڕوسی و چینی دەزانی. ناوبراو ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و منداڵێکی هەیە.

**وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:**

- **تەحسین وسو عەبدوڵلا**
- لە دایک بووی ١٩٨٨/١٠/٢٥، هەولێر، دەڤەری زرارەتی.
- شوێنی کارکردنی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر.
- ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیل:09647504904356 tahseen.wsu@su.edu.krd tahseen.abdullah88@gmail.com
- ٢٠١٢ – ٢٠١٣ بکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر / کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان، یەکەمی سەر ئاستی بەش/ بەیانیان.
- ناونیشانی تویژینەوەی دەرچوونی قۆناغی بکالۆریۆس : کاریگەری شۆڕشی ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١ی میسر لە سەر ستراتیژییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.
- ٢٠١٥- ٢٠١٨ ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ زانکۆی غازی لە شاری ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا.
- تێزی ماستەر نامە: ئامرازە سیاسییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق بەکارهێنراون لە ٢٠٠٣ – ٢٠١٨.

- **خاوەنی سێ توێژینەوەیە بە زمانی تورکی:**

✓ ئامانجە سیاسییەکانی ئێران لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس

✓ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق (١٩٧٩ – ٢٠٠٣)

✓ ئەو ئامرازە سیاسییانەی لەلایەن ئێرانەوە بەکارهێنراون بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣.

- **خاوەنی چوار توێژینەوەیە بە زمانی کوردی:**
  - ✓ ئامانجە سیاسییەکانی ئێران لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس.
  - ✓ سیاسییەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣.
  - ✓ هێزی نەرم لە سیاسییەتی دەرەوەی ئێران.
  - ✓ هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران.
- خاوەنی دەیان وتار و شیکردنەوەی سیاسییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکانە.